# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٤٠٢)- (١٩)ی شوباتی ٢٠٢٤


## دیپلۆماتییەتی یەکگرتوو لە لووتکە جیهانییەکاندا

# هەرێمی کوردستان هەرگیز نەبووەتە هەڕەشە بۆ دراوسێکانی و هەمیشە فاکتەری ئاشتی و سەقامگیری بووە






# پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی جاک سترۆ، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ٢٠٠٥

## ١٠٣

سەبارەت بە بارودۆخی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکان و دامەزراندن و پێکهێنانی حکوومەتی عێراق، ڕۆژی ٢٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ جاک سترۆ، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوە کردم. لە پەیوەندییەکەدا گوتی: (حەز دەکەم سەبارەت بە بارودۆخی عێراق و هەڵبژاردنەکان ڕاو سرنجەکانی خۆم دەرببڕم، هەر چەند ئەمەیان بابەت و پرسێکی ناوخۆییی عێراقە، بەڵام پێم خۆشە وەک دۆستێک ڕێگەم بدەن بۆچوون و سرنجەکانی خۆم بخەمەڕوو). سرنج و بۆچوونەکانی جاک سترۆ بەم شێوەیە بوون:

- هیواداریـن حکوومەتێکی ئیئتیلافیی فراوان و گشتگیر لە کورد و شیعە و سوننە پێک بهێنرێت، چونکە ئەگەر پێکهاتەی سەرەکیی حکوومەت تەنیا کورد و شیعە بن، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندڕۆیی زیاتر لەلایەن سوننەوە.
- لیستی کوردستانی دەنگێکی باش و بەرچاوی هێناوە، دەتوانن لە پرۆسەی سیاسیدا ڕۆڵ و کاریگەریی زیاتر ببینن.
- بە خراپی سوود لە (یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس) وەرگیراوە. هەر چەند تاوانباری گەورە لەناو بەعسییەکاندا هەن کە دەستیان بە خوێنی هاووڵاتییانی بێتاوان سوورە.
- هەموو لایەنەکانمان هان داوە بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکوومەتدا، هیواداریـن هەوڵ و تواناکانمان بە فیڕۆ نەچێت.

لە وەڵامی وەزیری دەرەوەی بەریتانیادا گوتم، ڕاو بۆچوونەکانمان زۆر لە یەکتری نزیکن، لەم ڕۆژانەدا کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی پارتەکەمان بەڕێوە دەبەین و، هەوڵ دەدەین کە بە کردەییش حکوومەتێکی ئیئتیلافی و گشتگیر لە کورد و شیعە و سوونە پێک بهێنرێت.

## چاپکراوی نوێ




چاپی سێیەمی کتێبی (چراکانی نیشتمان) لە نووسینی مامۆستا (خەلیل عەبدوڵڵا) بە (٧٥٨) لاپەڕەی قەبارە گەورە و بە بەرگێکی ناوازە کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردیی ڕازاندەوە.

چراکانی نیشتمان بیۆگرافیی کەسایەتییە کولتوورییەکان و هەندێ بابەتی دیکەی پەیوەندیداری لەخۆگرتووە، نووسەر لەم کتێبەدا ڕۆشنایی خستۆتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی ئەو کەسایەتییانەی کە هەر یەکەیان لە بوارێکدا خزمەتیان بە کاروانی کولتووریی کوردستان کردووە و شوێن پەنجەی ڕەنگینیان دیارە.

نووسەر سەبارەت بە زانیارییەکانی ناو ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو هاتووە لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە بەدەستی هێناون، پاش شەن و کەوکردن و لێکۆڵینەوە، دایڕشتوونەتەوە و بابەتەکانی پێ دەوڵەمەند کردوون. ئەم کتێبەی لە شێوەی ئینسکلۆپیدیا و بەپێی زنجیرەی ئەلف و بێی کوردی ڕێکخستووە، لە ساڵی ٢٠١٧ دا بەرگی یەکەمی کتێبی چراکانی نیشتمانی چاپکردووە، کە (١٨٣) چرای لەخۆگرتبوو، لە ساڵی ٢٠٢١ دا بەرگی یەکەم و دووەمی پێکەوە چاپکرد کە (٣٥٤) چرا بوون، بەڵام چاپی ئەم جارە سێ بەرگە و بەپێی زنجیرەی ئەلف وبێی کوردی تێهەڵکێش کراون و بە هەموویان ژمارەیان (٤٠٣) چرایە.

مامۆستا خەلیل عەبدوڵڵا بۆ ئامادەکردن و نووسینی ئەم کتێبە، کە بیۆگرافیی ئەو کەسایەتییانەیە لە قۆناغە جیاجیاکاندا خزمەتیان بە کاروانی ڕۆشنبیری و هونەریی کوردستان کردووە و بە بیری ڕۆشنیان، وەك چرایەکی داگیرساو سەرتاسەری کوردستانی گەورەیان ڕووناك کردووەتەوە، هەروەك خۆی باس دەکات پتر لە (٨) ساڵ گەڕاوە و کاری کردووە و ماندووبووە و شەونخوونی کێشاوە.


دانەیەك لە (چراکانی نیشتمان) بە دیاری پێشکەش بە گۆڤاری گوڵان کراوە، وێڕای سوپاس و دەستخۆشی، هیواداریین هەمیشە خامەکەی بەبڕشت بێت و لە ڕێی ئەم پرۆژەوە خزمەتی بیرمەند و ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی کوردستان بکات.

ئارام شەعبان گەردی :



## ئابووری عێراق ئابوورییەکی ڕەیعییە و میلیشیا چەکدارەکان و گەندەڵی داهاتێکی زۆری ئەم وڵاتەیان بەفیڕۆ داوە

پ.دکتۆر ئومێد نەجمەدین موفتی:




## بەدیعولزەمان نەورەسی سیاسەتی لەگەڵ شەیتان هاوتا کردووە

فەیسەڵ دەباغ




## تا ئێستا ئەمریکا بەرانبەر بە ئێران خاوەن ستراتیژ و پلانێکی ڕوون نییە

عەبدولڕەحمان سدیق



## دیپلۆماسیی کەشوهەوا و دیپلۆماسیی هاوتەریبی سەوز

پرۆفیسۆر عیمران ئەلبالداوی :



## دەبێت ڕێگری لە بەرپابوونی شەڕێکی بەربڵاو بکرێت





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکریی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری


*Web: www.gulanmedia.com*



فاتمە کەیفەدین :

## هاوڕێیەتی ئەسپ
## چێژێکی تایبەتی هەیە

مافپەروەر نازەنین مەندەلاوی :



## جینۆسایدی کوردانی فەیلی بۆ لێدانی ئەو پێگە ستراتیژییەی نەتەوەی کورد بوو کە پاڵپشتی مەلا مستەفا بارزانی بوون

### لە ساڵیادی دامەزراندنی (ی.ق.ک) و (ی.ل.د.ک)

## ڕۆڵی قوتابیان و لاوان لە پاراستنی نیشتمان بەرز دەنرخێندرێت

## مینی کۆمپیوتەرێکی بچووک بە توانایەکی زۆر



## بەهای خۆراکیی پاقلە



ئەڤین:

## ئافرەتی کورد دەتوانێت داهێنانی زیاتر لە هونەردا بکات





سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا


سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆ کاروباری دەرەوە کۆبوونەوە




سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڤاتیکان کۆبووەوە

## کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان

# بۆ ئەوەی هەموومان نەدۆڕێین دەبێت بۆ نەهێشتنی مەترسییەکان هاریکاربین

کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان لە پاییزی ساڵی ١٩٦٣ یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بەناونیشانی «کۆنفرانسی میونشن بۆ سیاسەتی ئاسایشی جیهان» گرێ دا. ئامانج لە گرێدانی ساڵانەی ئەم کۆنفرانسە هەتا ساڵی ١٩٩١ و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان، ئەوە بووە کە ڕێگری بکات لەوەی جیهان ڕووبەڕووی شەڕێکی کاولکاریی هاوشێوەی جەنگی دووەمی جیهانی ببێتەوە و جەنگی سێیەمی جیهانی بەخۆیەوە نەبینێت، ئەم ترسەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦١ دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا (CIA) هەوڵیدا کودەتایەکی سەربازی بەسەر ڕژێمی کۆمۆنیستیی دیڤید کاسترۆ لە کوبا ئەنجام بدات و، لەبەرانبەریشدا یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان چەکە نیوکلیارییەکانی بردە کوبا و، هەڕەشەی ئەوەی کرد کە بۆ پاراستنی کوبا ئامادەیە بەکاری بهێنێت، کە ئەم تەنگژەیە بە تەنگژەی «کەنداوی بەرزان)»لە مێژوودا ناسراوە.

کۆنفرانسی میونشن هەتا ساڵی ١٩٩١ تەنیا سەرۆك و سەرکردە و پسپۆڕانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی بۆ کۆنگرەکە بانگهێشت دەکرد، ناوەرۆکی کۆنفرانسەکەش بۆ هەموو جیهان ئاشکرا نەدەکرا و، زۆر بە وردی دیراسەتی زانستی سەربازی و ئاسایش دەکرا، بۆ ئەوەی نەخشە و پلانی تۆکمە دابڕێژن بۆ پاراستنی «سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی» کە ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەرکردایەتیی دەکرد، بەڵام دوای ساڵی ١٩٩١ و پاش ئەوەی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی لەلایەن جۆرج بوشی باوکەوە، دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان وەك «سیستمی نوێی جیهان)» ڕاگەیەندرا، ئیدی ئەرکی ئەم کۆنفرانسە لە پاراستنی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتییەوە گۆڕا بۆ «سیستمی نوێی جیهان» و بووە پلاتفۆڕمێکی کراوە، بۆ ئەوەی تەواوی نوێنەرانی دەوڵەتانی جیهان و پسپۆڕان و کاراکتەرە کاریگەرەکانی هەموو بوارەکانی ئالنگارییەکان لەسەر ئاسایشی جیهان ساڵانە پێکەوە کۆ بکاتەوە، بەمەش کۆنفرانسی میونشن هەنگاوی بۆ قۆناغی دووەم هەڵگرت و قۆناغی یەکەمی (١٩٦٣-١٩٩١) کۆتایی پێ هێنا و تایبەتمەندییەکانی گۆڕانکاریی بەسەردا هات.

ئەم تایبەتمەندییەی کۆنفرانسی میونشن، کە بێجگە لەوەی کە ئەو ئیمکانیەتەی کاراکتەرە کاریگەرەکانی دۆست و پێکناکۆکیش لە ناو ئەو پلاتفۆرمە کۆبکاتەوە، ژینگەیەکی دروست کردووە، کە خودی پلاتفۆڕمەکە لە بەرنامە و ڕاپۆرت و پەنێڵەکانی کۆنفرانسەکە گرینگتر بێت و، بەشداربووانی ئەم کۆنفرانسەش زۆر بەڕێزەوە ڕێز لەم ئیمکانیەت و تایبەتمەندییەی ئەم پلاتفۆرمە دەگرن، لەبەر ئەوەی دەتوانن لە پەراوێزی ئەم کۆنفرانسەدا لەناو هۆڵ و ژوورەکاندا، سەرۆك و سەرۆك حکومەت و سەرکردە سیاسییەکان و بڕیارسازان بتوانن پێکەوە قسە بکەن و لەسەر پرسە گرینگ و چارەنووسسازەکانی نێوانیان و تەنانەت ئەو پرسانەشی کە لەسەری کێشەیان هەیە، دیالۆگ بکەن و هێڵە سوورەکان بۆ یەکتری دیاری بکەن و زەمینەیەکی لەبار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بڕەخسێنن.

## ● قۆناغی سێیەمی کۆنفرانسی میونشن ٢٠١٥ — ٢٠٢٤

ساڵی ٢٠١٤، بۆ کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان ساڵێکی چاوەڕواننەکراو بوو. لەم ساڵەدا بێجگە لە سەرهەڵدانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بە ناوی «دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام - داعش»، پاشانیش ڕاگەیاندنی ئەم خەلافەتە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ لەسەر بەشێکی فراوانی عێراق و سووریا، لە هەمان ساڵدا (٢٠١٤) ڕووسیا بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ سەروەریی دەوڵەت بکات، هێرشی کردە سەر دەوڵەتی ئۆکرانیا و هەرێمی کریمای بە زەبری هێز لکاند بە خاکەکەی خۆیەوە، ئەم دوو ڕووداوە گەورە جیهانییە، ناوەرۆکی سیستمی نوێی جیهان (سیتمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی) نەك هەر خستە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو ناوەرۆکەی بەتاڵ کردەوە. هەر بۆیە لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان، ناچار بوو بچێتە قۆناغی سێیەم و، ساڵانە بە

**لەناو کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس، باڵیۆز ڤۆڵفگانگ ئیشینگەر، سەرۆکی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن ڕایگەیاند: بۆ کۆنفرانسی ئەمساڵی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی (شوباتی ٢٠١٥)، من پێشمەرگەیەکم بە شەخسی بانگهێشت کردووە کە بەشدار بێت لەم کۆنفرانسە و ئەو پێشمەرگەیە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە**

**کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان و کۆڕبەندی ئابووریی جیهان و لووتکەی حکومەتەکان، زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی لە پەراوێزی ئەو کۆنفرانسانە پەیوەندییەکانی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زیاتر پتەو بکرێت**

**تەنیا لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری کردنەوەی ئەم کۆنفرانسە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەیان دیداری لەگەڵ ئەو کەسایەتی و سەرکردانە ئەنجام داوە، کە بە فەرمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بڵاوی کردووەتەوە**

شێوازێکی دیکە ئەم کۆنفرانسە بەڕێوەبەرن، بۆ ئەمەش کۆنفرانسەکە بڕیاری دا، ساڵانە بۆ هەر کۆنفرانسێك ڕاپۆرتێك بە بەشداریی سەدان پسپۆڕ و دەیان دامەزراوەی ڕاپرسی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لەسەر کێشەکانی جیهان ئامادە بکات و، تەوەرەکانی کۆنفرانسەکە و بەرنامەی کۆنفرانسەکە لەسەر ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە ئامادە بکرێت. بۆ ساڵی ٢٠١٥ یەکەمین ڕاپۆرتیان بە ناونیشانی «سیستمی جیهانی لەبەریەکهەڵوەشاو دوودڵیی پاسەوانەکانی لە بڕیاردا- Reluctant Guardians? Collapsing Order» ئەم ڕاپۆرتە بووە نەخشەڕێگەیەکی تازە بۆ شێوازی تازەی بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکانی میونشن، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار:

یەکەمیان: ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەك داعش لە ناوچەیەکی گرینگی ئەم جیهانە سەریهەڵداوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و دەوڵەتێکی لەناو دوو دەوڵەتی دیکە (سووریا و عێراق) ڕاگەیاندووە و لە بەرانبەریشدا هەموو دەوڵەتە گەورەکانی جیهان لە سەرووی هەموویانەوە (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا و یەکێتیی ئەوروپا و ناتۆ) دەستەوەستانن و ناتوانن هیچ بڕیارێك بدەن و، ڕۆژانەش تیرۆریستانی داعش خەڵك سەرڕەبڕن و ناوچەی زیاتر داگیر دەکەن.

دووەمیان: دەوڵەتێکی گەورەی وەك ڕووسیا کە جیا لەوەی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە لە هەمان کاتدا دەوڵەتێکە خاوەنی جبەخانەیەکی زۆر گەورەی چەکی نیوکلیاری و هێزی زەمینی و دەریایی و ئاسمانیی گەورەیە و هێرشی کردووەتە سەر دەوڵەتێکی دیکە و هەموو جۆرە کاردانەوەیەك لەوانەیە شەڕی سێیەمی جیهانی لێ هەڵبگیرسێت.

لە ماوەی مانگی ئابی ٢٠١٤ کە تیرۆریستانی داعش ئاراستەی هێرشەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان گۆڕی بەرەو پارێزگای هەولێر و مەخمووریان داگیرکرد، لە دەشتی نەینەواش بەشێکی زۆری ئەو ناوچەیەیان بە شاری شنگالیشەوە داگیرکرد و، پاشانیش ئەو جینۆسایدە گەورەیەی دژی خوشك و برایانی ئێزدی بەرپا کرد، سەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی سەرتاسەری دژی تیرۆریستانی داعشی دا و لە ماوەیەکی کورتدا جیا لەوەی توانرا هێرشەکانی داعش ڕابگیرێن، لە هەمان کاتدا ئیرادە و قارەمانێتیی پێشمەرگە چەند ناوچەیەکی داگیرکراوی لە تیرۆریستانی داعش پاك کردەوە، ئەم ئیرادەیەی هێزی پێشمەرگە پیشانی جیهانی دا، نەك بووە هۆکاری ئەوەی جیهان لە ئاستی ئەو ئیرادەیە سەڕی سوڕبمێنێت، بەڵکو فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی ئەو کاتی فەرەنسا، خۆی سەردانی هەولێری کرد و لە دوای سڵاوکردنی بۆ ئاڵای کوردستان و سروودی ئەی ڕەقیب، هاوشان لەگەڵ سەرۆك بارزانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان بەسەر کردەوە، لەمەش زیاتر لە کانوونی دووەمی ٢٠١٥ لەناو کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس، باڵیۆز ڤۆڵفگانگ ئیشینگەر، سەرۆکی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن ڕایگەیاند: بۆ کۆنفرانسی ئەمساڵی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی (شوباتی ٢٠١٥)، من پێشمەرگەیەکم بە شەخسی بانگهێشت کردووە کە بەشدار بێت لەم کۆنفرانسە و ئەو پێشمەرگەیە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە».

ئەم بانگهێشتەی سەرۆکی کۆنفرانسی میونشن، بۆ بەشداریی هەرێمی کوردستان لەم کۆنفرانسە گرینگەی ئاسایشی جیهان، دانپێدانێکی جیهانی بوو بە متمانەترین کاراکتەری نادەوڵەتی کە کاریگەری نەك هەر لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، بەڵکو کاریگەری لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان هەیە.

لە دوای ساڵی ٢٠١٥وە، هەموو ساڵێك هەرێمی کوردستان ئەندامێکی بەشداربووی ئەم کۆنفرانسە گرینگە بووە و ساڵانە جەنابی سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی، وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریی ئەم کۆنفرانسەیان کردووە و جیا لەوەی بەشدارییان لە بەشێك لە پەنێڵەکانی هەندێك لە کۆنفرانسەکان کردووە، لە هەمان کاتدا هەموو ساڵێك لە پەراوێزی ئەم کۆنفرانسەدا، دەیان دیدار و کۆبوونەوەی زۆر گرینگیان لەگەڵ سەرۆك و سەرۆك حکومەتەکانی جیهان و وەزیرە گرینگەکانی وەك بەرگری و دەرەوەی وڵاتان کردووە و توانراوە دەستکەوتی زۆر گرینگ بۆ کوردستان بەدەست بهێنن.

**بایەخی سەرەکیی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان، ئەوەیە کە هێندەی ئەو ئیمکانیەتەی ئەم پلاتفۆڕمە کە هەموو سەرکردەکانی جیهان و بڕیارسازان و پسپۆڕان پێکەوە کۆدەکاتەوە و ژینگەی کۆبوونەوە و دیداری نافەرمییان بۆ دەرەخسێنێت، هێندە لە بەرنامە و ئیڤێنتەکانی ناو کۆنفرانسەکەدا نییە**

**ئەو ڕاپۆرتەی ئەمساڵ بۆ ئەم کۆنفرانسە ئامادە کراوە، پوختکراوە و شرۆڤەی گرینگترین بەرەوپێشەوەچوونەکانی جیهانە و هەوڵ دراوە تیشک بخرێتە سەر ئەلتەرناتیڤ و ئالنگارییەکان کە لە ماوەی یەک ساڵدا کاری لەسەر کراوە و بۆ ئەوەی بتوانرێت لە کۆنفرانسەکە و لەناو ئیڤێنتەکاندا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە**

**جێگەی داخە ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەی بە داشکانێکی جیوسیاسی و نادڵنیایی ئابووری لە جیهاندا کردووە، بەپێی ئەو خشتانەی لەم ڕاپۆرتە ئامادە کراون، هاووڵاتیانی حەوتە دەوڵەتە پیشەسازییەکە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو هەم ئاسایش و سەلامەتیان و هەمیش داهاتەکانیان کەم دەبنەوە**



سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سکرتێری گشتیی UN

**زۆربەی حکومەتەکان دووبارە چاو بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان دەخشێننەوە و بەو ئاراستەیە بیر دەکەنەوە لە کام ڕێگە زیاتر سوودمەندن هاریکاری لەگەڵ ئەو لایەنە دەکەن و هاریکاری بۆ بەرژەوەندیی هەمووان ڕەت دەکەنەوە**

### ● گرینگیی بەشداربوونی نیچیرڤان بارزانی و شکۆی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی میونشن

سایتی دۆیچە ڤێلای ئەڵمانی «DW» هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی شەستەمین کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان لە ١٦ی شوباتی ٢٠٢٤، ڕاپۆرتێکی لەسەر گرینگیی ئەم کۆنفرانسە بڵاو کردووتەوە و لەناو ڕاپۆرتەکەدا پرسیارێکی ورووژاندووە بەوەی «کۆنفرانسی موینشن بۆچی گرینگە و گرینگییەکەی لەچیدایە؟» لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا نووسیویەتی: «ئەم کۆنفرانسە لەبەر بەرنامەکەی، یان ئەو پەنێلانەی تێدا پێشکەش دەکرێن، گرینگ نییە، بەڵکو ئەم کۆنفرانسە وەك پلاتفۆرمێك کە سەرۆك و سەرۆك حکومەتەکانی جیهان و وەزیران و بڕیاربەدەستان و پسپۆڕان و بیرمەندان پێکەوە کۆدەکاتەوە، تەنانەت بەو دەوڵەتانەشی کە پێکەوە ناکۆکن، هەموویان کۆدەکاتەوە و لە پەراوێزی ئەم کۆنگرەیە دەتوانن لە هۆڵ و ژوورەکان بە شێوەیەکی نافەرمی پێکەوە کۆببنەوە و یەکتر دەناسن و گفتوگۆ دەکەن و، پەرە بە پەیوەندییەکانیان دەدەن و، پەیوەندیی تازە دروست دەکەن و گەنگەشەی کێشەکان دەکەن و زەمینەی دیالۆگ بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان دەدۆزنەوە، بەشداربووانی ئەم کۆنفرانسەش لە ئیمکانیەتی ئەم پلاتفۆرمە جیهانییە تێدەگەن و زۆر بە بەرزی دەینرخێنن».

ئەم دیدار و کۆبوونەوە فراوانانەی سەرۆك و سەرۆك حکومەتەکان و بڕیاربەدەستانی جیهان لە کۆنفرانسێکی جیهانیی وەك کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان و کۆڕبەندی ئابووریی جیهان و لوتکەی حکومەتەکان، زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی لە پەراوێزی ئەو کۆنفرانسانە پەیوەندییەکانی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زیاتر پتەو بکرێت و لە ژینگەیەکی دوور لە ئەتێکێتی پڕۆتۆکۆڵی و نافەرمی زۆر بە ڕاشکاوانە پەیوەندییەکان ببنە ئاستێکی دیکە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ تەنیا کەمتر لە دوو ڕۆژی بەشداربوونی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی بکەین (لەبەر ئەوەی ئەم گۆڤارە پێش

تەواوبوونی کۆنفرانسەکە دەچێت بۆ چاپخانە)، ئەوا دەبینین تەنیا لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری کردنەوەی ئەم کۆنفرانسە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەیان دیداری لەگەڵ ئەو کەسایەتی و سەرکردانە ئەنجام داوە، کە بە فەرمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڵاوی کردووەتەوە، کە بەم شێوەیە بوون:

- ئەنتۆنیۆ گۆتریس سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.
- محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی کۆماری عێراقی فیدراڵ.
- کیریا کۆس میستۆتاکیس سەرۆك وەزیرانی یۆنان.
- شێخ محەمەد شێخ عەبدولڕەحمان بن جاسم ئال سانی سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی قەتەر.
- کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی سەناتی ئەمریکی بە سەرۆکایەتیی سیناتۆر دۆن سولیڤان.
- گرانت شاپس وەزیری بەرگریی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا.
- هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا.
- سیمتجی مۆلەر وەزیری دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆ کاروباری بەرگری.
- تۆبیاس لیندنەر، وەزیری دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆ کاروباری دەرەوە.
- ئەلێکساندەر شالنۆێرگ وەزیری دەرەوەی نەمسا و داوەتکردنی فەرمیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو وڵاتە.
- ئیلهام ئەلییێڤ سەرۆك کۆماری ئازەربایجان.
- شا عەبدوڵڵا بن حوسێن پادشای ئوردن.
- عەبدوڵڵا عەلی ئەلیحیا وەزیری دەرەوەی کوەیت.
- دەیڤد کامیرۆن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا.
- عەبدول لەتیف بن ڕاشد ئەلزەیانی وەزیری دەرەوەی بەحرێن.
- نیکۆل پاشینیان، سەرۆك وەزیرانی ئەرمەنستان.
- کۆبوونەوەی بە جیا لەگەڵ گرووپێکی پەرلەمانتارانی حزبی SPD و گرووپێکی دیکەی هەردوو حزبی CDU و CSUی ئەڵمانی.

ئەم دیدارە چڕ و پڕانە لەگەڵ سەرۆك و سەرۆك حکومەت و بڕیارسازانی جیهان، تەنیا لەماوەی دوو ڕۆژدا کە ئێمە لەم ڕاپۆرتە نەمانتوانی هەموویان بڵاو بکەینەوە و بێگومانین لەوەی کە چەندین دیدار و کۆبوونەوەی گرینگی دیکەشی بە دوادا دێت، ئاماژەیەکی گرینگن کە بایەخی سەرەکیی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان، ئەوەیە کە هێندەی ئەو ئیمکانیەتەی ئەم پلاتفۆرمە کە هەموو سەرکردەکانی جیهان و بڕیارسازان و پسپۆڕان پێکەوە کۆدەکاتەوە و ژینگەی کۆبوونەوە و دیداری نافەرمییان بۆ دەرەخسێنێت، هێندە لە بەرنامە و ئیڤێنتەکانی ناو کۆنفرانسەکەدا نییە.

## ● گرینگیی ڕاپۆرتی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان

### با هەموومان نەدۆڕێین

کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان بۆ ئەمساڵ دەیەمین ڕاپۆرتی خۆی بە ناونیشانی «هەموومان دۆڕاوین — Lose-Lose» بڵاو کردەوە. لە وتەیەکی کورتدا باڵیۆز کریستۆف هیوسنگ سەرۆکی کۆنفرانسی میونشن ئاماژەی بەوە کرد، ئەو ڕاپۆرتەی ئەمساڵ بۆ ئەم کۆنفرانسە ئامادە کراون، پوختکراون و شرۆڤەی گرینگترین بەرەوپێشەوەچوونەکانی جیهانن و هەوڵ دراوە تیشك بخرێتە سەر ئەلتەرناتیڤ و ئالنگارییەکان کە لە ماوەی یەك ساڵدا کاری لەسەر کراوە و بۆ ئەوەی بتوانرێت لە کۆنفرانسەکە و لەناو ئیڤێنتەکاندا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. جێگەی داخە ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەی بە داشکانێکی جیوسیاسی و نادڵنیایی ئابووری لە جیهاندا کردووە، بەپێی ئەو خشتانەی لەم ڕاپۆرتە ئامادە کراون، هاووڵاتیانی حەوت دەوڵەتە پیشەسازییەکە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو هەم ئاسایش و سەلامەتیان و هەمیش داهاتەکانیان کەم دەبنەوە. گومان لەوەدا نییە کە زۆربەی حکومەتەکان دووبارە چاو بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان دەخشێننەوە و بەو ئاراستەیە بیر دەکەنەوە لە کام ڕێگە زیاتر سوودمەندن هاریکاری لەگەڵ ئەو لایەنە دەکەن و هاریکاری بۆ بەرژەوەندیی هەموان ڕەت

**لایەنێکی دیکە کە لەم کۆنفرانسە بایەخی پێ دەدرێت، پرسی کەمبوونەوەی متمانەیە بە سیستمی نێودەوڵەتی**

**گرژییەکان لە ناوچەیەکی بەرفراوانی وەک «ئیندۆ پاسفیک» ڕووەو هەڵکشانی زیاترە و مەترسی هەیە ئەم ناوچە بەرفراوانە بکەوێتە ژێر نفووزی ڕاستەوخۆی چینەوە و، دەوڵەتانی ناوچەکەش ترسیان لێ نیشتووە و لە هەوڵی ئەوەدان پەیوەندیی ئاسایشیی پتەو لەگەڵ ئەمریکا گرێ بدەن و بایکۆتی پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ چیندا بکەن**

**ئیسرائیل کاردانەوەی تۆڵەسەندنەوەی پیشان دا، کە هەموو سنوورەکانی بەزاند و شاری غەززەی نوقمی نائومێدی کرد و بە دەیان هەزار هاووڵاتی سڤیلی کردە قوربانی و بارودۆخی هاووڵاتیانی غەززە گەیشتووەتە حاڵەتی فریاگوزاریی بە پەلەی مرۆیی**



سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەگەڵ شای ئوردن كۆبووەوە

دەكەنەوە و جەختی زیاتر لەسەر دەستكەوتی ڕێژەیی دەكەنەوە، ئەمەش لە دۆڕانی بەكۆمەڵ «Lose-Lose» نزیكمان دەكاتەوە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە، ئەو كێشانەی هەمانن، هەموویان هۆكارەكەی ئەوەیە خۆمان دروستمان كردوون و خۆشمان دەتوانین چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە. كارێكی حەتمی نییە كە هەر وەك خۆیان بمێننەوە و بیر لە چارەسەركردنیان نەكەینەوە».

لایەنێكی دیكە كە لەم كۆنفرانسە بایەخی پێ دەدرێت، پرسی كەمبوونەوەی متمانەیە بە سیستمی نیودەوڵەتی، ئەمەش نەك تەنیا لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی پێیان دەگوترێت «ئۆتۆكراتی و خۆسەپێن» یان ئەو دەوڵەتانەی پێیان دەوترێت «دەوڵەتانی باشوور» وەك دەوڵەتانی ئەفریكا و ئەمریكای لاتینی، بەڵكو لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاواشەوە كە دەبوو پارێزەری ئەم سیستمە بن، خۆیان پشتگیریی ناكەن و بیركردنەوەیان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی لە كێكە گەورە جیهانییەكە كەمیان بەردەكەوێت.

گرژییەكان لە ناوچەیەكی بەرفراوانی وەك «ئیندۆ پاسفیك» ڕووەو هەڵكشانی زیاترە و مەترسی هەیە ئەم ناوچە بەرفراوانە بكەوێتە ژێر نفووزی ڕاستەوخۆی چینەوە و، دەوڵەتانی ناوچەكەش ترسیان لێ نیشتووە و لە هەوڵی ئەوەدان پەیوەندیی ئاسایشیی پتەو لەگەڵ ئەمریكا گرێ بدەن و بایكۆتی پەیوەندییە ئابوورییەكانیان لەگەڵ چیندا بكەن، بەڵام ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی زیانی دوولایەنەی هەیە، لە هەمان كاتدا ئەگەر زەمینەی پێكدادان لە نێوان ئەمریكا و چین ڕووبدات، كارەسات بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

**لەسەر ئاستی ئەو ئومێدەی دوای «ڕێككەوتنی ئیبراهیم» بۆ ناوچەكە هاتە ئاراوە، كە دەوڵەتانی عەرەبی دوای ئیمارات و بەحرێن ئەوانیش پەیوەندییەكان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی دەكەنەوە و سەقامگیری بۆ ناوچەكە دەگەڕێتەوە، ئەوا شەڕی ئیسرائیل و حەماس، ئەم ڕێككەوتنەی سڕ كردووە**

لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی دوای ئەو شەڕەی لە ٧ی تشرینی یەكەمی ٢٠٢٣ لە نێوان حەماس و ئیسرائیل دروست بووە، كە گورزێكی كاریگەر بوو بۆ ئاسایشی هەستیاری ئیسرائیل، بە جۆرێك ئیسرائیل كاردانەوەی تۆڵەسەندنەوەی پیشان دا، كە هەموو سنوورەكانی بەزاند و شاری غەززەی نوقمی نائومێدی كرد و بە دەیان هەزار هاووڵاتی سڤیلی كردە قوربانی و بارودۆخی هاووڵاتیانی غەززە گەیشتووەتە حاڵەتی فریاگوزاریی بەپەلەی مرۆیی. لەسەر ئاستی ئەو ئومێدەی دوای «ڕێككەوتنی ئیبراهیم» بۆ ناوچەكە هاتە ئاراوە، كە دەوڵەتانی عەرەبی دوای ئیمارات و



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی قەتەر

بەحرێن ئەوانیش پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی دەکەنەوە و سەقامگیری بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە، ئەوا شەڕی ئیسرائیل و حەماس، ئەم ڕێککەوتنەی سڕ کردووە. لەم بارودۆخەدا سعودیە ناتوانێت بیر لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل بکاتەوە و لە کاتێکدا ئیسرائیل بە هیچ جۆرێك لەگەڵ دیالۆگی ئاشتییانە و پرۆسەی دامەزراندنی دوو دەوڵەت نییە.

لەسەر ئاستی دەوڵەتانی سەحرای ئەفریقیا، ئەو زنجیرە کودەتا سەربازییەی لە (بۆرکینا فاسۆ، نەیجیریا و مالی) ڕوویان داوە، بێ ئومێدییەکی گەورەی لای ڕۆژئاوا دروست کردووە و چیتر هاوبەشێکی نابێت، کە بتوانێت گەشە بە دیموکراتی و پەرەپێدان و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بدات. مەترسیی ئەوە هەیە هەمان سیناریۆی سوودان لە دەوڵەتەکانی دیکەش دووبارە ببێتەوە کە بە هۆی ئەو ململانێ خوێناوییەی دوای کودەتاکەی ساڵی ٢٠٢١ هاتە ئاراوە و گەورەترین کارەساتی مرۆیی لێ کەوتەوە.

لە بواری هەوڵەکان بۆ ڕێگرتن لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، ئەمەیان بوارێکی سەرەکییە و هەماهەنگی و هاریکاریی نێودەوڵەتان هەموولایەك سوودمەند و براوە دەکات، بەڵام دیسان بە هۆی تەنگژە جیۆسیاسییەکانەوە، هەروەها ئەو ئاستەنگە ئابوورییانەی لە بەردەم بازرگانی هەیە، ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانرێت، بودجەی تەواو بۆ ڕێگری لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت و هەموو لایەك بەو ڕێککەوتنەوە پابەند بن.

خاڵێکی زۆر گرینگ کە ئێستا خەریکە دەبێتە خاڵێکی زۆر مەترسیدار، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بزوێنەری گەشەسەندنی ئابوورییە، بەڵام ئێستا ئەم پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە بووەتە بابەتێك بە دەستی ئەو لایەنە گەورانەی لەسەر باڵادەستی کێبڕکێیان هەیە، کە ئەمریکا و چین و وڵاتانی دیکە دەیانەوێت مۆنۆپۆڵی زیرەکیی دەستکرد و سیمکۆندکاتۆر بکەن، ئەمەش مانای وایە هەموو وڵاتێك بە ئاسانی لەم تەکنەلۆژیا سوودمەند نابێت و بە ئاسانی دەستی پێڕاناگات، ئەمەش زیانی بۆ گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگەکان دەبێت و، دەبێتە ستراتیژێك کە هەموومان دۆڕاو دەبین.

**بە هۆی تەنگژە جیۆسیاسییەکانەوە، هەروەها ئەو ئاستەنگە ئابوورییانەی لە بەردەم بازرگانی هەیە، ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانرێت، بودجەی تەواو بۆ ڕێگری لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت و هەموو لایەک بەو ڕێککەوتنەوە پابەند بن**



لووتکەی حکومەتەکانی جیهان ٢٠٢٤ – دوبەی

# وەرچەرخان بۆ سەردەمی زیرەکیی دەستکرد

لە ڕۆژانی ١٢-١٤ی شوباتی ٢٠١٤ لووتکەی حکومەتەکانی جیهان لە ژێر دروشمی «پێشبینییەکان بۆ حکومەتەکانی داهاتوو» بەڕێوەچوو. لەم لووتکەیەدا ٢٥ سەرۆك و سەرۆکی حکومەتەکانی جیهان بەشدار بوون، کە لە ناویاندا مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و مانوێل ماریرۆکوز سەرۆك وەزیرانی کۆماری کوبا، نارێندار مودی سەرۆك وەزیرانی هیندستان، مستەفا مەدبولی سەرۆك وەزیرانی کۆماری میسر، لەم لووتکەیەدا وتاری سەرەکییان هەبوو.

لەم لووتکە گرینگەدا شاندی ١٢٠ دەوڵەت و نوێنەرانی ٨٥ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و هەرێمی و دامەزراوەی جیهانی بەشدار بوون، هەروەها ژمارەیەك لە بیرمەندان و پسپۆڕانی جیهانی و بە ئامادەبوونی ٤٠٠٠ بەشداربوو دەستی بە کارەکانی کرد.

لەناو سێ ڕۆژی ئەم لووتکەیە کە دابەش کرابوو بەسەر شەش تەوەری سەرەکیدا کە بریتی بوون لە:

١- هەڵکشانی خێرای گەشەکردن و گۆڕانکاریی حکومەتە چالاکەکان.

٢- زیرەکیی دەسکرد و ئاسۆی داهاتوو بۆ پەرەپێدانی ئابووری لە داهاتوودا.

٣- ئایندەی خوێندن، هیواکان بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو و بەردەوامبوونی.

٤- وەرچەرخانە جیهانییە تازەکان.

٥- فراوانبوونی شارەکان.

٦- ئەولەوییاتی تەندروستیی جیهانی.

ئەم شەش تەوەرە گرینگە لەمیانەی زیاتر لە ١١٠ گفتوگۆی کراوە لەلایەن ٢٠٠ کەسایەتیی جیهانی هەر لە سەرۆك و وەزیر و پسپۆڕان و بیرمەندانەوە زۆر بە وردی گەنگەشەکران و، بێجگە لەوەی ٢٣ کۆبوونەوەی وەزاری ئەنجام دران کە زیاتر لە ٣٠٠ وەزیر لەسەر ئاستی حکومەتەکانی جیهان لەم کۆبوونەوانە بەشدار بوون.

جێگەی ئاماژەپێکردنە بۆ لووتکەی حکومەتەکانی جیهانی ئەمساڵ، بڕگەیەکی دیکە زیاد کرابوو، کە ئەویش «خەڵاتکردنی هەشت زانای وەرگری خەڵاتی نۆبڵ لە هەشت پسپۆڕیی زانستیی جیاوازدا»، ئەمەش پەیامێکی دیکەی ئەم لووتکەیە بوو، کە لووتکەی حکومەتەکان پلاتفۆرمێکی جیهانییە بۆ بەرزنرخاندنی ئەقڵە بەرزەکان و بڕیارسازان و هەموو ئەو کاراکتەرانەی کاریگەرییان هەیە، لە داهێنانی پێشوەختە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییە جیهانییەکان و بایەخپێدان بە ژیانی کۆمەڵگەکان و شارستانییەتی مرۆڤایەتی.



مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# با ئەم ساتەی ئێستا ساتێکی مێژوویی بێت و سەرکردەکان بڵێن ئیدی بەسە و پێویستمان بە چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ کێشەکانمان هەیە

## هەرێمی کوردستان هەرگیز نەبووەتە هەڕەشە بۆ سەر هیچ کەسێک، ئێمە فاکتەری ئاشتی و سەقامگیرین



**مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان: با ئەم ساتەی ئێستا ساتێکی مێژوویی بێت و سەرکردەکان بڵێن ئیدی بەسە و پێویستمان بە چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ کێشەکانمان هەیە**

**مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان: ئێمە فاکتەری ئاشتی و سەقامگیرین و هەرێمی کوردستان هەرگیز نەبووەتە هەڕەشە بۆ سەر هیچ کەسێک**

**تەرخانکردنی وتاری سەرەکی لەم لووتکە جیهانییانەدا بۆ بەشێک لە سەرۆک و سەرۆک حکومەتەکانی جیهان پەیوەستە بە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو حکومەتە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و، پەیوەستە بەوەی چۆن ئەو حکومەتە وەک فاکتەرێکی کارا مامەڵە لەگەڵ کێشەی حوکمڕانیی وڵاتەکەی خۆی و سیاسەتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەکات**

لە نێو ٢٥ سەرۆک و سەرۆکی حکومەتەکانی جیهان کە بۆ لووتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی بانگهێشت کرابوون، مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێک بوو لەو سەرۆک وەزیرانانەی کە هاوشانی سەرۆک وەزیرانی (هیندستان، کۆماری میسر، کوبا) وتاری سەرەکییان لە کۆڕبەندەکەدا بۆیان تەرخان کرابوو.

تەرخانکردنی وتاری سەرەکی لەم لووتکە جیهانییانەدا بۆ بەشێک لە سەرۆک و سەرۆک حکومەتەکانی جیهان پەیوەستە بە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو حکومەتە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و، پەیوەستە بەوەی چۆن ئەو حکومەتە وەك فاکتەرێکی کارا مامەڵە لەگەڵ کێشەی حوکمڕانیی وڵاتەکەی خۆی و سیاسەتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەکات، لەمەش زیاتر ئەو حکومەتە لە سایەی ئەو سیاسەتی حوکمڕانییەی ئێستا لەو وڵاتە پیادە دەکرێت، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتەکە وەرچەرخانی باشی دروست کردووە لە بونیادنانەوەی ژێرخانەکان و، هەمیش لەسەر ئاستی ڕووداوە سیاسییەکان و کێشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان لە ئاستێکدایە کە دەتوانێت کاریگەری هەبێت و بە شێوەیەکی سەردەمییانە مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیانە بکات.

لەم چوارچێوەیەدا سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە لووتکەی حکومەتەکانی جیهان-٢٠٢٤- یەکێك بوو لەو سەرۆك وەزیرانانەی کە دەستنیشان کرابوو وەك سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان قسە بۆ بەشداربووانی لووتکەی حکومەتەکانی جیهان بکات، کە زیاتر لە ٢٥ سەرۆك و سەرۆك دەوڵەت و شاندی ١٢٠ دەوڵەت و نوێنەری ٨٥ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ژمارەیەکی بەرچاو لە بیرمەندان و پسپۆڕانی جیهانی و ٤٠٠٠ بەشداربوو ئامادەی بوون.

سەرۆك وەزیرانی کوردستان لە دەستپێکی وتارەکەیدا، دوای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەم دەرفەتە، بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند: «وەك سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق قسەتان بۆ دەکەم، ئەو هەرێمەی بە درێژایی دوو دەیەی ڕابردوو توانیویەتی لەناو پاشماوەکانی عێراقی پێشوو خۆی یەکبخاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، من وەك کەسێك قسەتان بۆ دەکەم، کە شانبەشانی ئەو خاوەن بڕیارانەی ناوچە خۆشەویستەکەمان وەستاوم، کە پێکەوە ڕووبەڕووی زۆرێك لە ئالنگاریی هاوبەش بووینەتەوە.

هەموومان بە شێوەیەك لە شێوەکان، لەسەر ژیان لە سایەی هەڵچوون و گرژییەکان و زۆرێك لەو قەیرانانە ڕاهاتووین، کە بە لایەنی کەمەوە بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو پێویستییان بە ئیدارەدانێکی حەکیمانە بووە.

جەنگ، یاخیبوون، سەختییەکان و نەبوونی سەقامگیریی ئابووری، بەداخەوە بوونەتە بەشێك لە ئاریشەکانی پێکهاتەمان، ناکرێت نکوڵی لەو تێچووە بکەین، کە لە ئاکامی ئەو ئالنگارییانە لەسەر ئاستی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕووبەڕوومان بوونەتەوە».

سەرۆك وەزیرانی کوردستان لە دەستپێکی وتارەکەیدا پەیامێکی گرینگی ئاراستەی ئامادەبووان کرد و پێی ڕاگەیاندن: «بەڕێوەبردنی قەیران و وەرچەرخانەکان پێویستییان بە ئیدارەدانێکی حەکیمانە هەیە، ئەمەش بەو مانایەی تەنیا (بەڕێوەبردن) بەس نییە، بەڵکو پێویستە هەوڵەکان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی چڕ بکرێنەوە، بۆ ئەوەی مەترسییەکان لە ڕیشەوە چارەسەر بکرێن و دوور بخرێنەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی گەلانی جیهان و ناوچەکە بتوانن لەناو وڵاتی خۆیان بە ئاسوودەیی بژین». هەر لەم چوارچێوەیەدا و لە درێژەی وتارەکەیدا گوتی: «لەمیانەی گفتوگۆکانم لەگەڵ بڕیاربەدەستانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوە، دەرکم بە بوونی خواستێك بۆ ڕزگاربوون لە نەهامەتییە هاوبەشەکانی ڕابردوومان کردووە. لە سەرانسەری ناوچەکەمان، خواست و ئیرادەیەك بۆ پێشکەوتن هەیە، دەرکیش بەوە کراوە، گۆڕانکاری، نەك تەنیا پێویستە، بەڵکو پێویستییەکی حەتمییشە. گەلان چ لەسەر ئاستی تاك، یان کۆمەڵ، چاویان لە مافی خۆیانە، بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. مافی چارەنووس، پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ سرووشتی مرۆڤ، پێویستیمان

بە دەستەبەرکردنی ژینگەیەکە کە هاووڵاتی بتوانێت تێیدا بە ئاسوودەیی بژیت».

بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە هاوبەشە بە هەوڵ و هەماهەنگی هەموو لایەك بهێنرێتە دی، مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوار فاکتەری گرینگی ئاماژە پێکرد، وەك بەرنامەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و، ئەم چوار فاکتەرەشی بە شێوەیەك پێکەوە گرێ دابوو، کە ناکرێت لێك جیابکرێنەوە و ناکرێت سەرکردەکانی جیهان لە بەرانبەر مەترسییەکان نەرمی بنوێنن، ئەو چوار فاکتەرە گرینگەش بریتی بوون لە:

- **یەکەم: سەقامگیریی سیاسی**

یەکێك لەو کێشە سەختانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستیەوە دەناڵێنێت، نەبوونی ئاسایش و سەقامگیرییە لەم ناوچەیە، هۆکاری سەرەکییش بۆ ئەم ناسەقامگیرییە جوگرافیای سیاسیی ناوچەکەیە و، لەناو ئەم جوگرافیا سیاسییەدا، کێشەکان ئاڵۆزتر و خراپتر دەبن و، شەڕ و کێشەکانیش زیاتر گڕ دەگرن، بۆیە ئەو پرسیارەی ورووژاند: «بۆچی ئەم کێشانە پشتگوێ دەخەین و ڕێگەیەك بۆ چارەسەریان نادۆزینەوە؟ بوێری لە بڕیاردان لەکاتی بوونی کێشەدا، هەنگاوی یەکەمە بەرەو چارەسەرکردنی خودی کێشەکە».

کەواتە هەنگاوی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بڕیاری بوێرانەی سەرکردەکانی جیهانی پێویستە،ئەمەش بەو مانایەی چارەسەرکردنی کێشە جیوسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بڕیاری مێژوویی و وەڵامدانەوەی مێژوو چارەسەر دەکرێت، کە ئەویش ڕێزگرتنە لە ئیرادەی گەلان بۆ بڕیاردانیان لە مافی چارەنووسی خۆیان، بۆ ئەمەش ئاماژەی بە شەڕی ئێستای غەززە کرد، کە گەیشتووەتە ئاستێك خەریکە کاریگەرییەکانی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە و، ئەگەر ئەم کێشەیە پێش هەشت دەیە چارەسەر بکرایە، ئێستا ئەم شەڕ و کوشتارە نەدەبینرا، بە هەمان شێوە کێشەی گەلی کوردیش دەکرێت، هەمان پێناسەی بۆ بکرێت و ڕاشکاوانە بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند: « ئێمەش داوایەکی ڕەوامان هەیە بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنووسی خۆمان. دۆست و هاوپەیمانەکانمان ددانیان بەو مافەدا ناوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێمان دەڵێن، زەرورەتە سیاسییەکان، ڕێگرن لە بەردەم بەدیهێنانی دادپەروەریی مێژوویی‌دا. داوامان لێدەکرێت، ئەم نادادپەروەرییە قبووڵ بکەین، لە کاتێکدا ئەو نادادپەروەرییە، بووەتە خۆراکێك بۆ نایەکسانی، هەژاری، گەندەڵی و ناسەقامگیریی سیاسی».

ئەم پەیامە ڕاشکاوانەیە، ئەوەیە کە هەنگاوی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە ڕاستکردنەوەی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە هەیە.

**یەکێك لەو کێشە سەختانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستیەوە دەناڵێنێت، نەبوونی ئاسایش و سەقامگیرییە لەم ناوچەیە، هۆکاری سەرەکییش بۆ ئەم ناسەقامگیرییە جوگرافیای سیاسیی ناوچەکەیە**

- **دووەم: ئاسایش**

ئەگەر یەکێك لە سیماکانی جیهانگیری ئەوە بێت، کە جیهانی کردووەتە گوندێکی بچووك، ئەوا پاراستنی ئەم گوندە بچووکە پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەموو کاراکتەرەکانی ئەم گوندە هەیە، هەر بە هاریکاری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتیش بوو، لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش، توانرا شکست بە تیرۆریستانی داعش بهێنرێت و، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لەسەر زەوی، ئەو هێزە قارەمانە کاریگەرە بوو، کە توانی ئەفسانەی تیرۆریستان بەتاڵ بکاتەوە و جیهان لەو مەترسییە گەورەیە ڕزگار بکات.

**کێشە جیوسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بڕیاری مێژوویی و وەڵامدانەوەی مێژوو چارەسەر دەکرێت، کە ئەویش ڕێزگرتنە لە ئیرادەی گەلان بۆ بڕیاردانیان لە مافی چارەنووسی خۆیان**

لەم چوارچێوەیەدا سەرۆك وەزیرانی کوردستان بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند: «لە سەردەمی تاعوونی داعشدا، شانبەشانی هاوپەیمانەکانمان وەستاینەوە. ئەوکات باشترین کارمان بەیەکەوە ئەنجامدا، ئەگەر ئەو سەرکەوتنەمان بەدەست نەهێنابایە، ئێستا ناوچەکە بە تەواوی دەبووە شوێنێکی جیاواز و پڕ دەبوو لە تیرۆریستانی بیانی، ئەوانەی کە دەیانویست، شوێن پێی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەنەوە، بۆ ئەوەی هەر ساتێك بیانویستبایە پشێویمان بۆ دروست بکەن. بەڵام ئێمە سەرکەوتین. تێکۆشانی بیست ساڵی ڕابردوو و بەرگری و قارەمانێتی چەندین دەیەی کورد بووە ڕێگەخۆشکەر بۆ ئەو سەرکەوتنە، ئێمە وەك گەلێك، مافی ئەوەمان هەیە خاوەن سەروەریی بین و بەشێکی دانەبڕاو بین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست».

**هەنگاوی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە ڕاستکردنەوەی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە هەیە**



لە دوای دەستپێکردنی شەڕی غەززەوە کە دەرهاویشتەکانی عێراق و سووریا و دەریای سووری گرتووەتەوە و، لەناو ئەو دەرهاویشتە نەرێنییانەشدا هەرێمی کوردستان دەکرێتە ئامانج، لەسەر ئەم پرسەش سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: «لەگەڵ زیاتربوونی گرژییەکان لە غەززە، عێراق، سووریا و دەریای سوور، چڕکردنەوەی هەوڵەکان بووەتە پێویستییەکی حەتمی، تاکو پلانێکی نوێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانی و هەرێمایەتییەکان و جیهانی دابنرێت.

ئەوانەی بە شوێن شەڕدا دەگەڕێن و لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان، هەڕەشە لە دراوسێکانیان دەکەن، دەبێت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. نابێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر سەرچاوەی هەڕەشەکان نەرمی بنوێنێت، تەنانەت ئەگەر ئەو هەڕەشانە لەگەڵ بەرژەوەندیی تایبەتیشدا دژیەك بن.

لەسەر ئاستی هەرێمیش، بە هۆی هەڵوێستەکانمان، باجێکی زۆر گران دەدەین.

ئێستا ناوچەکە ڕووبەڕووی جۆرێکی جیاوازی قەیران بووەتەوە.، دەبێت هەموومان پێکەوە کار بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی بکەین. ئێمە بەبێ پاساو کراوینەتە ئامانج. دەبێت ئەم شەڕانگێزییە ڕابگیرێت. وەك ئەوەی پێشتر لێرە و لە پایتەختەکانی دیکەش گوتوومە، کە کوردستان هەرگیز نەبووەتە هەڕەشە بۆ سەر هیچ کەسێك. ئێمە فاکتەری ئاشتی و سەقامگیریین. ئێمە دەمانەوێت ڕەفتاری هەرێمایەتی لەسەر بنەمای ڕێز و بەرژەوەندیی هاوبەش بێت. ئێمە داوای پاڵپشتی دەکەین و پێویستمان بە کاری هاوبەشە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشە ئەمنییە مەترسیدارانەی، کە دەکرێت هەموو ئەو پێشکەوتنانە لەناو ببات کە بەدەستمان هێناون.

با ئەم ساتەی ئێستا ساتێکی مێژوویی بێت، کە سەرکردەکان بڵێن: ئیدی بەسە. ئێمە پێویستمان بە چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ کێشەکانمان هەیە».

**لەگەڵ زیاتربوونی گرژییەکان لە غەززە، عێراق، سووریا و دەریای سوور، چڕکردنەوەی هەوڵەکان بووەتە پێویستییەکی حەتمی، تاکو پلانێکی نوێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانی و هەرێمایەتییەکان و جیهانی دابنرێت**



● **سێیەم: پێشکەوتنی ئابووری**

ئەو دوو خاڵە گرینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای چارەسەرکردنی دەکات، بریتی بوون لە «ڕاستکردنەوەی جوگرافیای سیاسی و هەماهەنگی و هاریکاری بۆ دابینکردنی ئاسایشی هەرێمی و نێودەوڵەتی»، ئەم دوو کێشەیە ئەگەر چارەسەر بکرێن، ئەوا ژینگەیەك لەسەر ئاستی تەواوی ناوچەکە دێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بتوانرێت بایەخی تەواو بە گەشەی ئابووری بدرێت. لەسەر ئەم خاڵە گرینگە و تایبەت بە ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان، مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: «دامەزراندنی ئابوورییمان لەسەر بناغەیەکی تۆکمە، بنەمای ئەو دەستکەوتانە بوو کە لە کوردستان بەدەستمان هێنا، گەشەسەندنی ئابوورییش لە ئاستێکی فراواندا، بووە بنەمایەکی زیندوو بۆ گەشەکردن و سەقامگیریی هەرێمایەتی.

سەرکردەکان پێویستە گرینگی بە خۆشگوزەرانیی خەڵك بدەن و بەردەوام بن لە وەبەرهێنان لە سەرچاوە مرۆییەکان. پیادەکردنی حوکمرانیی باش، زۆر گرینگە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە و کەلتووری سیاسییەکانمان. هاووڵاتییانیش مافی خۆیانە چاوەڕێی ئەوەمان لێ بکەن، کە گەشەپێدان و بەرەوپێشچوون، هەل و دەرفەتی کار دروست دەکەن و هیوا و ئومێد دەڕوێنن. ئەگەر توانیمان ژینگەیەکی ئابووری و سیاسیی وا بخوڵقێنین کە ڕێژەی هەژاری و گەندەڵی کەم بکاتەوە، ئەوا دەتوانین دەرفەتی بڵاوبوونەوەی توندڕەوییش بەرتەسك بکەینەوە و سەقامگیریی سیاسی و ئەمنییش بەدی بهێنین».

● **چوارەم: گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا**

گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا مەترسییەکی گەورەی بۆ سەرتاسەری هەسارەی زەوی دروست کردووە، بەڵام گرفتی سەرەکی بۆ چارەسەرنەکردنی، نەبوونی هەماهەنگی و هاریکارییە لەسەر ئاستی تەواوی سەرکردەکانی جیهان و دەستەوەستان بوونە لەسەر جێبەجیکردنی

**ئەوانەی بە شوێن شەڕدا دەگەڕێن و لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان، هەڕەشە لە دراوسێکانیان دەکەن، دەبێت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. نابێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر سەرچاوەی هەڕەشەکان نەرمی بنوێنێت**

ئەو پابەندییانەی ساڵانە لە لووتکەی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانگارییەکانی کەشوهەوا دەردەچن، کە پار لووتکەی «COP28» لە ئیمارات گرێ درا، دیسان لەم لووتکەیەش کۆمەڵێك پاپەندبوونی دیکە بۆ ڕێگرتن لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دەرکران. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەم پابەندییانە گوتی: «زۆرێك لەو پابەندییانەی تاوەکو ئێستا ڕاگەیەندراون، دژی بەرژەوەندییە ئابوورییە کورتخایەنەکانن. ئەو پابەندی و بەڵێنانەی دراون، بۆ پاراستنی نەوەکانی داهاتوو بوون. گومان لەوەدا نییە، گواستنەوە و گەیيشتن بە سەرچاوەی وزەی خاوێن، لەوانەیە لە ماوەیەکی کورتدا تێچووی زیاتر بێت. بەڵام پاشەکەوتی درێژخایەنی بۆ هەموومان بێ هاوتایە. ئێمە لەم ڕووەوە پێویستیمان بە بوێری، ڕاستگۆیی و دانایی هەیە، بۆ ئەوەی بڕیارێکی وەها قورس بدەین. ئەگەر لە ئەنجامدانی ئەو بڕیارە شکست بهێنین، ئەوا ئەم بەشەی جیهان دەبێتە کوورەیەك لە ژیانمان و بە هۆیەوە بەشێکی فراوانی ئەم زەوییە بۆ ژیان شیاو نابێت، سەرچاوەکانی ئاو وشك دەبن و ئاسایشی خۆراك ڕووبەڕووی ئالنگارییەکی گەورە دەبێتەوە. لەوانەیە بەبیابانبوون، کۆچکردنی بەکۆمەڵ و داڕمانی ئابووری بە دوای خۆیدا بهێنێت.

دواتر کۆچی ناوخۆیی، کۆچی نێودەوڵەتی و گۆڕانی دیمۆگرافی دەبینین. کێبڕکێ لەسەر سەرچاوە بچووکەکان، گەلان ڕووبەڕووی ناکۆکی دەکاتەوە، ئەمەش وادەکات، کێشەیەکی نێودەوڵەتیی فرە ڕەهەند دروست بێت.

هەموو وڵاتێك دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشە ئابووری، سیاسی، کەلتووری و ئەمنییانەدا بکات کە دەبنە هۆی کۆچی بەکۆمەڵ. ئێستا سەرکردایەتییەك کە خاوەن ئامانجێکی دیاریکراو بێت، لە هەموو کاتێك پێویستترە. ئێمە پێویستە بڕیاربەدەستانی جیهان و نەوەکانی داهاتوودا، زیاتر هان بدەین و پشتیوانییان بکەین. پێویستە بە ڕوونی ئەوانەی لەگەڵ پێشکەوتن و مۆدێرنییەتدان، جیایان بکەینەوە لەوانەی دەیانەوێت بمانوەستێنن و بمانگەڕێننەوە بۆ دواوە».

جێگەی ئاماژە پێکردنە وێڕای پێشکەشکردنی ئەم وتارە گرینگە وەك وتاری سەرەکی لە ڕۆژی یەکەمی لووتکەی حکومەتەکانی جیهانی ٢٠٢٤، مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەراوێزی ئەم لووتکەیە لەگەڵ هەر یەك لە شێخ محەمەد بن زاید ئال نەهیان سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات و ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا و، ئەحمەد ئەبو ئەلغەیت ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی و شێخ محەمەد بن ڕاشد ئال مەکتووم جێگری سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و حاکمی میرنشینی دوبەی کۆبووەوە.

**● وەرچەخان بەرەو سەردەمی زیرەکیی دەستکرد**

ساڵی پار (٢٠٢٣)، کلاوس شواب سەرۆکی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە لووتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی پێی ڕاگەیاندین «لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان کە مانگێگ پێش ئەم لووتکەیە لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ بەڕێوە چوو، جەخت لەسەر مەترسییەکانی زیرەکیی دەستکرد کرایەوە، بەڵام من لێرە ڕایدەگەیەنم: جیهان بەرەو وەرچەرخانێکی گەورە هەنگاو هەڵدەگرێت و دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەو وەرچەرخانە بکەین و بزانین «چات جی پی تی» چ وەرچەرخانێك دروست دەکات».

لە لووتکەی ئەمساڵی حکومەتەکانی جیهان ٢٠٢٤ کە دیسان هاوکاتە لەگەڵ کۆڕبەندی ئابووریی جیهان کە لە مانگی کانوونی دووەمی ڕابردوو لە داڤۆس بەڕێوە چوو، ئەمساڵ بینیمان کلاوس شواب، لە میانەی ئەو دیدارانەی لەگەڵ سەرۆك و سەرۆك وەزیرەکانی جیهان لەو کۆڕبەندە ئەنجامی دەدان، دەیویست ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات، کام لەم سێ هێزە گەورەیە (چین، ئەمریکا، یەکێتیی ئەورووپا) لە زیرەکیی دەستکردا باڵادەستن، بەڵام بەپێچەوانەوە لە لووتکەی حکومەتەکانی جیهان ڕاشکاوانە پێی گوتین: «چیتر زیرەکیی دەستکرد، بە تەنیا ئامێرێك نییە بەدەست مرۆڤەوە، بەڵکو زیرەکیی دەستکرد دەبێتە هاوبەشی مرۆڤ و پێکەوە

**گومان لەوەدا نییە، گواستنەوە و گەیيشتن بە سەرچاوەی وزەی خاوێن، لەوانەیە لە ماوەیەکی کورتدا تێچووی زیاتر بێت. بەڵام پاشەکەوتی درێژخایەنی بۆ هەموومان بێ هاوتایە**

**ئێمە لە جیهانێکدا دەژین، گەورەترین وەرچەرخانی مەعریفی بە خۆیەوە دەبینێت. هەموو مانگێک ١٢٠ هەزار کتێبی تازە چاپ دەکرێت.**

**ئێمە وەک مرۆڤ ئەوەی کۆمان دەکاتەوە زیاترە لەوەی لە یەکتری جیامان دەکاتەوە. ئەوەی لە تواناماندایە پێکەوە وەک دەستکەوت بە دەستی بهێنین، زۆر زیاترە لەوەی شەڕ بەدەستی دەهێنێت**

ئایندەی جیهان بونیاد دەنێننەوە و پێ دەنێینە سەردەمێکی نوێوە کە دەبێت ئاقڵانە مامەڵە لەگەڵ زیرەکیی دەستکرد بکەین».

ئەو پەیامەی شواب، ئەمساڵ لە لووتکەی حکومەتەکان پێشکەشی کردین تەنیا پەیامی شواب نەبوو وەك «مرۆڤ»، بەڵکو گفتوگۆی نێوان «مرۆڤ و ئامێری زیرەکیی دەستکرد» بوو. ئامانجی ئەوە بوو بە تەواوی جیهان بڵێت ئەگەر «زیرەکیی دەستکردمان کرد بە هاوبەشی خۆمان» سکێچەکانی داهاتووی وێنە گەورەکەی جیهان بەمجۆرە دەکێشرێت و دەبێت حکومەتەکانی جیهان سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو خێراییەی زیرەکیی دەستکرد پیشانی داوە، سێ ئامانج بەدەست بهێنن کە بریتین لە:

- پێویستە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە پێناوی ئەوە بێت، کە جیهانەکەمان زیاتر بەردەوامی هەبێت و نەرمی و مرۆڤایەتی و یەکسانی باڵادەست بێت.
- بەشدارپێکردنی هاووڵاتیان لە پرۆسەی گۆڕیندا بگونجێنرێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان لە گۆڕانکاریی خێرا دەترسن، بۆیە دەبێت ئەم گۆڕانکارییانە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان بگونجێنرێت.
- ئێمە پێویستمان بە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی هەیە، لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی باشتری زیرەکیی دەستکرد. ئەگەر باس لە سەرکردایەتی بکەین لەم سەردەمە نوییەدا، ئەوا دەبێت سەرکردەی سیاسی ئەو ڕاستییانە پێکەوە کۆبکاتەوە کە ڕوودەدەن، لەگەڵ ئەوەی مەزندەی دەکات ڕوو بدەن. دەبێت تێگەیشتنی هەبێت بۆ کارلێکەکانی تەکنەلۆژیا لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا، پێش هەموو شت پێویستە گرنگی بە مرۆڤ بدات و جەخت لەسەر تاك بکاتەوە.

**● بە یەك پشکنینی خوێن دەتوانرێت ٥٠ جۆری شێرپەنجە بزانرێت**

لووتکەی حکومەتەکانی جیهان وەك پلاتفۆڕمێك کە ساڵانە نوێنەری تەواوی حکومەتەکانی جیهان و کۆمپانیا و دامەزراوە و ڕێکخراوە جیهانییەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، بۆ ماوەی یەك ساڵ بە هەزاران پسپۆڕ و ئەکادیمی و بیرمەندان بەشداری دەکەن لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی تایبەت بە تەواوی ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەرجەم بوارەکانی تایبەت بە مرۆڤایەتی دێنە ئاراوە و، لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم لووتکەیە ڕێك دەخەن کە بۆ ئەمساڵ شەش تەوەریان دیاری کردبوو.

ساڵانە لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاپۆرتەدا وتارێك ئامادە دەکرێت، کە تیایدا بە داتا و ئامار گۆڕانکارییەکان دەخاتە ڕوو. دەبێت وتاری دەستپێکردنەوەی لووتکەکە، لەلایەن شێخ محەمەد عەبدوڵڵا گەرگاوی وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیرانی ئیمارات و سەرۆکی لووتکەی حکومەتەکانی جیهان پێشکەش بکرێت. لەبەر ئەوەی ئەم ڕاپۆرتە بە هەزاران پسپۆڕ و بیرمەند ئامادەیان کردووە، داتا و ئامارەکانی زۆر گرینگ و سەر سوڕهێنەرن، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین.

**● دیدێکی ئەرێنی بۆ گۆڕانکارییەکان**

سەرۆکی لووتکەی حکومەتەکانی جیهان پێی گوتین: «ئێمە بەو جۆرە سەیری لایەنە نەرێنییەکان ناکەین، هەتا چاو لەو ئالنگارییانە بپۆشین کە هەن، بەڵکو دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین، کە باشترین پاشخان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئالنگارییانە دەبێت گەشبینی بێت بە ئایندەیەکی باشتر» بۆیە ئاماژە بەم خاڵە ئەرێنییانە دەکەین:

- بەراورد بە ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا، ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین تەمەنی مرۆڤ بووەتە دوو هێندە بە شێوەیەکی گشتی.
- زانستی بایۆلۆجی و پزیشکی هێندە پێشکەوتووە، ئێستا تەنیا بە یەك پشکنینی خوێن دەتوانرێت ٥٠ جۆری شێرپەنجە ئاشکرا بکرێت.
- ئێستا لەم جیهانەدا چارەسەر بۆ هەندێك نەخۆشی دۆزراوەتەوە، کە چەندین سەدە مرۆڤایەتی بە دەستیەوە ناڵاندوویەتی.
- پرۆگرامی زاڵبوون بەسەر هەژاریدا، بە شێوەیەکی بەردەوام بووەتە هۆکاری ئەوەی لەم ٢٠ ساڵەی دواییدا ژمارەی دەوڵەتە هەژارەکان بێتە نیوە، ڕێژەی ئاستەکانی برسێتی بە ڕێژەی ٥٠٪ لە ٢٥ دەوڵەت کەم بووەتەوە.

**تەنیا چین و هیندستان ٥٠٪ی گەشەی ئابووری جیهان پێکدەهێنن. ئەم دوو دەوڵەتە ئایندەی گەشەی ئابووری جیهان دیاری دەکەن**

**چین لە ساڵی ٢٠٢٢، بە تەنیا ٢٩ هەزار پاتێنت «براءة الاختراع»ی لە بواری زیرەکیی دەستکرد تۆمار کردووە و، چوار هێندەی ئەمریکا وەبەرهێنانی لەبواری بەرهەمهێنانی وزە نوێبووەکان کردووە**

**هیندستان خاوەنی گەورەترین دەرچووانی زانست و تەکنەلۆژیایە لە جیهاندا، هەتا ساڵی ٢٠٣٠ دەبێتە سێیەمین هێزی ئابووری جیهان دوای چین و ئەمریکا**




● **وەرچەرخانە جیهانییەکان**

لەسەر ئاستی جیهان ئەم وەرچەرخانە گەورانە هاتوونەتە ئاراوە:

● ئێمە لە جیهانێکدا دەژین، گەورەترین وەرچەرخانی مەعریفی بە خۆیەوە دەبینێت. هەموو مانگێك ١٢٠ هەزار کتێبی تازە چاپ دەکرێت.

● ڕۆژانە شەش ملیۆن وتار لە بلۆگە کەسییەکان دەنووسرێن.

● لە ماوەی یەك دەیەدا ٢٩ هەزار پاتێنت «براءة الاختراع» تۆمار کراون.

● ڕۆژانە ١٠٠ هەزار گەشتی هێڵی ئاسمانی بەڕێوە دەچێت.

● گواستنەوەی کەلوپەل بە ڕێگەی کارگۆ هەشت ترلیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە.

● **تەنیا چوار ژمارە ئاراستەی ئالنگارییەکانی جیهان دیاری دەکات**

شێخ محەمەد گەرگاوی، لە وتارەکەیدا پێی گوتین دەتوانین لە ڕێگەی «چوار ژمارە»وە ئایندەی جیهان کورت بکەینەوە، کە ئەم چوار ژمارەیە دەربڕی ئاراستە جیهانییەکانن لە بوارەکانی «گەیاندن، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵگە و میدیا» کە ئەمانەن:

● **١٧ترلیۆن دۆلار لە یەك ساڵدا خەرجی شەڕەکان دەکرێت**

لە ئێستا تێچووی ئەو شەڕ و کێشانەی لە جیهاندا بەڕێوە دەچن، تەنیا لە ساڵێکدا ١٧ ترلیۆن دۆلارە و تەنیا لە شەڕ و کاولکاری پاشاگەردانی و ترس و تۆقاندن خەرج دەکرێت. ئەگەر تەنیا ٦٪ی ئەم ١٧ ترلیۆن دۆلارە بکرێتە وەبەرهێنان، ئەوا تێچووی چارەسەرکردنی هەموو ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبنەوە، لە یەك ساڵدا دابین دەکات. ئێمە وەك مرۆڤ ئەوەی کۆمان دەکاتەوە زیاترە لەوەی لە یەکتری جیامان دەکاتەوە. ئەوەی لە تواناماندایە پێکەوە وەك دەستکەوت بە دەستی بهێنین، زۆر زیاترە لەوەی شەڕ بەدەستی دەهێنێت. ئەگەر بە باشی وەبەرهێنانی تێدا بکەین، هەسارەکەمان هێندەی تێدایە بەشی نەوەکانی داهاتووشمان بکات. ئەوە بەهێز نییە کە شەڕ دەباتەوە، بەڵکو ئەوە لاوازە کە ئاشتی دەدۆڕێنێت.

● تەنیا چین و هیندستان
**نیوەی گەشەی ئابووریی جیهان پێکدەهێنن**

لە ئێستای جیهاندا تەنیا چین و هیندستان ٥٠٪ی گەشەی ئابووریی جیهان پێکدەهێنن. ئەم دوو دەوڵەتە ئایندەی گەشەی ئابووریی جیهان دیاری دەکەن. چین لە ساڵی ٢٠٢٢، بە تەنیا ٢٩ هەزار پاتێنت «براءة الاختراع»ی لە بواری زیرەکیی دەستکرد تۆمار کردووە و، چوار هێندەی ئەمریکا وەبەرهێنانی لەبواری بەرهەمهێنانی وزە نوێبووەکان کردووە.

هیندستان خاوەنی گەورەترین دەرچووانی زانست و تەکنەلۆژیایە لە جیهاندا، هەتا ساڵی ٢٠٣٠ دەبێتە سێیەمین هێزی ئابووریی جیهان دوای چین و ئەمریکا.

ناوچەکانی دیکەی ئاسیا و ئۆقیانووسی ئارام ڕێژەی ٢٥٪ی گەشەی ئابووریی جیهان پێکدەهێنن، ئەمەش مانای ئەوەیە لە جیهانێکدا دەژین تەنیا ئاسیا ڕێژەی گەشەی کەمی ئابووریی جیهان پێکدەهێنێت. پرسیار ئەوەیە چۆن دەتوانین هەماهەنگی بکەین بۆ ئەوەی سوود لەم بزوێنەرە ئابوورییە هەڵکشاوە بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی وەربگرین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە «بیرکردنەوەمان چارەنووسمان دیاری دەکات».

● خێرایی زیرەکیی دەستکرد
**لە یەك ساڵدا ١٠٠٠ جار زیادی کردووە**

● خێرایی زیرەکیی دەستکرد بۆ فێربوون تەنیا لە یەك ساڵدا ١٠٠٠ جار زیادی کردووە، ئەمە پێشکەوتنێکی زۆر گەورەیە کە لە «چات جی پی تی» هاتووەتە ئاراوە.

● کۆی ئەو زانینەی مرۆڤایەتی کە لە فەزای دیجیتاڵی تۆمار کراون، ئەوەندە زۆرە کە مرۆڤ پێویستی بە هەزاران ساڵە بۆ ئەوەی ئەو بڕە گەورەیەی زانیاری سەیر بکات.

● چات جی پی تی، توانیویەتی لە ماوەی یەك ساڵدا لە گواستنەوە و کۆنێکتی ٧٢ ملیار داتاوە بگاتە ١٧٠ ترلیۆن داتا.

● لە بەرانبەر ئەم پێشکەوتنە، سیستمی بارد لە گوگڵ «Google Bard» خێراییەکی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داتاکان کە ١٠٠ هەزار جار لە توانای مێشکی مرۆڤ زیاترە. ئەم سیستمە توانای ئەوەیە هەیە، کتێبێکی ٥٠٠ لاپەڕەیی تەنیا لە پێنج چرکەدا کورت بکاتەوە.

● توێژینەوە زانستییە باوەڕپێکراوە جیهانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، زیرەکیی دەستکرد، دەستی بەسەر ٧٠٪ی هەموو کەرتەکاندا گرتووە.

● زیرەکیی دەستکرد چەکێکی دوو سەرەیە، لایەنی مەترسیداریشی هەیە. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٣، ژمارەی ئەو ڤیدیۆیانەی بە درۆ و چەواشە و فەیك دروست کراون، ٣ بەرانبەر لەچاو ساڵی ٢٠٢٢ زیادیان کردووە.

● تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٣، ژمارەی ئەو هەواڵ و باسانەی لە فەزای دیجیتاڵی بڵاو کراونەتەوە، زیاتر لە ٥٠٠ هەزاری تێپەڕاندووە. ئەم هەواڵانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە ڕاستییەکانیان شێواندووە و هەڵوێستی گۆڕیوە و هۆشداری لە هەندێك دروست کردووە، ئەمە سەرەتایە و شێواندنی میدیا و ناوەڕۆکی هەواڵەکان دەبێتە گەورەترین ئالنگاری بۆ حکومەت و کۆمپانیاکان. ئایا مرۆڤایەتی چۆن ڕووبەڕووی ئەم مەترسییە دەبێتەوە، کە ئەمە سەرەنجام دەبێتە تەنگژەی متمانە بە حکومەتەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمپانیا و تەنانەت تاکەکانیش؟

● ٧٪ی داهاتی ناوخۆ دەبێتە
**تێچووی بەرهەمهێنان**

لە دەیەکانی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، تەواوکاریی ئابووریی جیهان بووە هۆکاری ئەوەی کە ملیاران مرۆڤ زیاتر دەوڵەمەند بن، تەندروستی باشتریان هەبێت، باشترین خوێندیان هەبێت، داهاتی ناوخۆی جیهان بە نزیکەی ٣ بەرانبەر زیادی کرد، بەڵام ئەو وەرچەرخانە دیارانەی لە بازرگانیی نێودەوڵەتی هاتوونەتە ئاراوە، ئاماژەیەکن بۆ پاشکشەی جیهانگیری، بەپێی ئەو لیستە دوور و درێژەی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی بڵاوی کردووەتەوە، ئەو بەربەستانەی بۆ بازرگانیی نێودەوڵەتی دانراون، ڕێژەی ٧٪ی داهاتی ناوخۆ دێنێتە خوارەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و کەمیی دەستی کار و سەرەنجام هەرەسهێنانی سیستمی داریی جیهانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. ئەمە وای کردووە ئێستا بووەتە هۆی زیاتر باڵادەستبوونی خۆپارێزەکان «protectionism» و هەڵکشانی ڕەوتی پۆپۆلیستی لە چەندین وڵاتی جیهاندا، ئەمەشە ئاکامێکی خراپ بەسەر مرۆڤایەتی دەهێنێت.

**چات جی پی تی، توانیویەتی لە ماوەی یەک ساڵدا لە گواستنەوە و کۆنێکتی ٧٢ ملیار داتاوە بگاتە ١٧٠ ترلیۆن داتا**

**توێژینەوە زانستییە باوەڕپێکراوە جیهانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، زیرەکیی دەستکرد، دەستی بەسەر ٧٠٪ی هەموو کەرتەکاندا گرتووە**

**زیرەکیی دەستکرد چەکێکی دوو سەرەیە، لایەنی مەترسیداریشی هەیە. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٣، ژمارەی ئەو ڤیدیۆیانەی بە درۆ و چەواشە و فەیک دروست کراون، ٣ بەرانبەر لەچاو ساڵی ٢٠٢٢ زیادیان کردووە**

# لەنێوان ئەمریكا و ئێراندا
# تا ئێستا ئەمریكا بەرانبەر بە ئێران خاوەن ستراتیژ و پلانێكی ڕوون نییە

سەرۆك جیمی كارتەر، مێژووی ئێرانی گۆڕی و ئایەتوڵڵا خومەینی گەیاندە دەسەڵات، بەرانبەر ئەم چاكەیەی كارتەر، ئێران باڵیۆزخانەی ئەمریكای داگیر كرد و فەرمانبەرانیشی وەك بارمتە هێشتەوە، كارتەریش كایەی دووەمی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتیی دۆڕاند. بە مەبەستی زیاتر سووك و ڕیسواكردنیشی ئێران بارمتەكانی لە ڕۆژی دووەمی هاتنی سەرۆك ڕیگن بۆ سەر حوكم ئازاد كرد.

لە سەردەمی ئۆبامادا ڕێككەوتنێك لە نێوان واشنتۆن و تاران مۆر كرا، بەپێی ئەو ڕێككەوتنە ڕێ بە ئێران درا بە پیتاندنی یۆرانیۆمەكەی و بە كۆتاهێنانی سزا ئابوورییەكان، بێ ئەوەی هیچ پابەندییەك بداتە واشنتۆن. خراپترین هەڵسوكەوتی ئۆباما فشار خستن بوو بۆ ئەوەی نووری مالیكی ببێت بە سەرۆك وەزیران، نەك ئەیاد عەلاوی، ئەو كات لە هەڵبژاردندا عەلاوی لە مالیكی بردبووەوە، سەرۆك ئۆباما جێگرەكەی خۆی (جۆ بایدن)ی ناردبووە عێراق بۆ چارەسەركردنی تەنگژەی سەرۆكایەتیی وەزیران، كە ئەمەش بە ڕێككەوتن لەگەڵ ئێراندا بوو. پاش سەردانەكە عەلاوی لابرا و مالیكی بوو بە سەرۆك وەزیران و پاشماوەی چیرۆكەكەش لەلای هەموومان زانراوە.

هەر لە سەردەمی ئۆبامادا واشنتۆن نەك هەر چالاكییە هەواڵگرییەكانی دژ بە ئێرانی كەم كردەوە، بەڵكو هاوكارییە هەواڵگرییەكانیشی لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگرت، نەوەك بەپێی ئەو هاوكارییانە تاران بكاتە ئامانج، بە واتایەكی دیكە سەرۆك ئۆباما بەم هەڵسوكەوتە تارانی لە هەر دەستدرێژییەكی ئیسرائیل پاراست و چاوپۆشیشی لە دامەزراندنی ئەو هەموو میلیشیا ئێرانییانە كرد كە ئەمڕۆ دژایەتیی واشنتۆن دەكەن.

پاش هاتنی دۆناڵد ترامپ بۆ حوكم ڕێككەوتنەكەی واشنتۆن و تارانی هەڵوەشاندەوە و هەر ئەویش فەرمانی دا بە كوشتنی فەرماندەی فەیلەقی قودسی ئێرانی (قاسم



**فەیسەڵ دەباغ**

بۆ گوڵانی نووسیوە

سولەیمانی)، ئەمەش گەورەترین زەبر بوو کە بەر ئێران کەوت. بێشك فەرمانێکی مێژوویی بوو، بەڵام لە ستراتیژەوە هەڵنەقوڵابوو.

لەگەڵ هاتنی بایدن بۆ حوکم، واشنتۆن زۆر بە ساناهی لەگەڵ تاران جووڵایەوە و چەندین جار سەری بۆ دانەواند بە بیانووی سست و بێبنەما، هەروەها لە سادەیی خۆی. ڕاستە ئەمڕۆ بایدن حوسییەکانی کردووەتە ئامانج لە پێناو پاراستنی دەریای سووردا، بەڵام هەر خۆی حوسییەکانی لە لیستی تیرۆر لابرد و نەیهێشت سوپای یەمەنی و هاوپەیمانیی عەرەبی بەندەری حودەیدە لە دەست حوسییەکان ڕزگار بکەن، کە ئەمەش لەسەر داوای ئێران بوو بەرانبەر هەندێ شت.

لە ٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ واتە پاش کەمتر لە ٢٤ کاژێر لە ئەنجامدانی کردەی (تۆفانی ئەقسا) واشنتۆن ڕایگەیاند: «هیچ بەڵگەیەك لە ئارادا نییە بە تێوەگلانی ڕاستەوخۆی تاران لە کردەکەدا».

ئەم قسەیەی واشنتۆن بێ بەرانبەر نەبوو، دۆستانی تاران لە کۆشکی سپی ئامۆژگارییان کرد ئەگەر کردار و ڕەفتاری خۆی بگۆڕێ و هێڵە سوورەکانی واشنتۆن نەبەزێنێت، لە بەرپرسیارێتیی ڕووداوەکەی ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ دەبووردرێ.

تاران بێجگە لەوەی دەیگوت (ئاگادار نەبووم) داوای لە میلیشیاکانی کرد ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەمریکا نەبنەوە، واتە هەر زوو وازی لە ستراتیژیەتی (یەکتای گۆڕەپان) هێنا و (ئەرکی بە کۆتاهێنانی ئیسرائیل لە ماوەی حەوت چرکەدا) لە بیر بردەوە، کە ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، نەك هەر حەماسی لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ ئیسرائیل بە تەنیا جێهێشت، بەڵکو وازی لە پڕۆژەی ڕزگارکردنی فەلەستینیش هێنا.

حزبوڵڵای لوبنانی هەر زوو ئەم فەرمانەی ئێرانی جێبەجێ کرد، لە کاتێکدا ئیسرائیل هەموو ڕێساکانی پێکدادانی تێپەڕاند و زەبری سەربازی و ئەمنیی ئاراستە کرد و سەرکردە مەیدانییەکانی کردە ئامانج.

تاران بە یەكخستنی (یەكتای گۆڕەپان) و بەرزەفتكردنی كاری میلیشیاكانی لە سووریا و عێراق و یەمەندا، دەیویست كۆشكی سپی پێگەكەی لە داهاتووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بپارێزێ و فشاریش بخاتە سەر ئیسرائیل، تا كردەكانی دژ بە پاسداران لە سووریا كەم بكاتەوە.

كاتێ واشنتۆن ئەمەی پێ نەكرا، تاران (كەوسەرانی) كە ئێستا جێی قاسم سولەیمانی گرتووەتەوە ناردە بەغدا و لەگەڵ میلیشیاكان و هەندێ لە لایەنەكانی چوارچێوەی هەماهەنگی كۆبووەوە و پلانی ئێرانی پێ ڕاگەیاندن سەبارەت بە ئامانجگرتنی بنكە سەربازییەكانی ئەمریكا لە عێراق و سووریادا.

ئێران، لە جیاتی ئەوەی چاكەی بایدن بداتەوە، چالاكییە سەربازییەكانی دژ بە ئەمریكییەكان زیادتر كرد، هەڵە گەورەكە ئەو كات ڕووی دا، كاتێ گرووپێكی عێراقی بنكەیەكی ئەمریكیی كردە ئامانج و بووە هۆی كوژرانی سێ سەربازی ئەمریكی و برینداربوونی نزیكەی ٤٨ سەرباز، كە ئەمەش بەزاندنی هێڵە سوورەكەی ئەمریكا بوو.

پاش ئەوەی تاران زانی ئەمریكا جددییە لە بەرپەرچدانەوەی ئەم كردەیە، ڕاوێژكارانی خۆی لە عێراق و سووریا كشاندەوە و میلیشیاكانی بۆ چارەنووسی نادیار جێهێشت.

ویلیام بیرنز، بەڕێوەبەری هەواڵگریی ئەمریكا لە دواقسەیدا دەڵێت: «ئێران دەیەوێ تا دوابنەگاری هەرێمیی شەڕ لە ناوچەكەدا بكات».

ئەمە ڕاستگۆترین دەربڕینە دەربارەی ڕەفتاری ئێران لە ناوچەكەدا، چونكە ئەگەر سەیری كوژراوانی ئەو میلیشیانە بكەین كە بە دەستی ئەمریكا كوژراون، بەتایبەتی پاش بەئامانجگرتنی بنكەی (كەلووی ٢٢)ی ئەمریكی، ئێرانییەكی تێدا نییە و كوژراوەكانیش، یان عێراقی، یان ئەفغانی یان سووری بوون.

كەواتە تەنیا بنەگدار پەلامار دەدات و تەنیا ئەویش نرخی پەلامارەكە دەدات و لایەنی ئێرانیش هیچ، هەر بۆ زانیاریش ئەو درۆنانەی كە بنكەی (كەلووی ٢٢)ی ئەمریكییان كردە ئامانج، دەرچوو هەرهەموویان دەستكردی ئێرانن.

وا دیارە تاران گەمەی شەترەنج دەكات لەگەڵ واشنتۆندا و وا دیاریشە واشنتۆن لەو گەمەیەدا بەشدارە بەپێی ئەو ڕێسایەی كە لەسەری ڕێككەوتوون، ناوچەكە وەك مێزی گەمە وایە و هەردوولاش نایانەوێت ڕێگە لە بەردەم ئەویتردا دابخرێت لە كاتی جووڵەكردنیان. هەر كاتێ یەكێكیان هەست بەوە بكات ڕێگەی لەبەردەم ئەویتر داخستووە، ڕێیەكی بۆ دەكاتەوە و بەمەش گەمەكە بەردەوام دەبێت، بەبێ ئەوەی دوا ئەنجامەكەی ڕابگەیەندرێت. من كە باسی ئێران دەكەم، وەنەبێ ئەمریكا لەو باشتر بێ، ئەو ئەمریكایەی كە زۆر بە ئاسانی پشت لە دۆستان و هاوپەیمانانی دەكات.

لە بیرمە پاش ڕووداوەكەی ١١ی سێپتێمبەر ئیدارەی ئەمریكا ویستی تۆمەتەكە بخاتە ئەستۆی سعودیە. هینری كیسنجەر دەڵێت: «بەشداریم لە دانیشتنێكی نهێنیی بنكەی سیاسەتی بەرگریی پنتاگۆن كرد بە ئامادەبوونی كۆڵن پاوڵ وەزیری دەرەوە و ڕامسفێڵد وەزیری بەرگری، دەیانویست بڕیارێك دەربكەن بە دانانی سعودیە وەك دەوڵەتێكی دژ و بەرپرس لە كردەكانی ڕێكخراوی قاعیدە و بڵێن پێویستە لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە بكرێتە ئامانج».

گەنگەشەیەكی زۆر كرا، بەڵام وەك كیسنجەر دەڵێت: «دژ بەو سیاسەتە وەستام و پێمگوتن من نازانم چۆن دەوڵەتێكی هاوپەیمان دەكەنە دوژمن؟ ئیتر توانیم فەشەل بە كۆبوونەوەكە بهێنم».

پرسی ئەفغانستان و كشانەوەی ئەمریكا و دانوستانەكانی لەگەڵ تاڵیبان باسی زۆر هەڵدەگرن. هەروەها دەستهەڵگرتن لە هاوپەیمانەكانی لە كەوتاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن كە هەرێمی كوردستان هاوكارێكی سەرەكیی ئەمریكییەكان بوو، بەڵام پاش ڕیفراندۆم و هێرشی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و حزبوڵڵای لوبنانی و پاسداری ئێرانی بۆ سەر هەرێمی كوردستان، ئەمریكا خۆی لە گێلی دا، چاوپۆشیشی لە بەكارهێنانی ئەو چەك و تانك و زرێپۆشانە كرد كە دابویە سوپای عێراق.

ئێران دوو جار بە مووشەكی دوورهاوێژ هەولێری كردە ئامانج و ئەمریكا هیچ

**سەرۆك جیمی كارتەر، مێژووی ئێرانی گۆڕی و ئایەتوڵڵا خومەینی گەیاندە دەسەڵات، بەرانبەر ئەم چاكەیەی كارتەر، ئێران باڵیۆزخانەی ئەمریكای داگیر كرد و فەرمانبەرانیشی وەك بارمتە هێشتەوە**

**سەرۆك ئۆباما جێگرەكەی خۆی (جۆ بایدن)ی ناردبووە عێراق بۆ چارەسەركردنی تەنگژەی سەرۆكایەتیی وەزیران، كە ئەمەش بە ڕێككەوتن لەگەڵ ئێراندا بوو**

**هەر لە سەردەمی ئۆبامادا واشنتۆن نەك هەر چالاكییە هەواڵگرییەكانی دژ بە ئێرانی كەم كردەوە، بەڵكو هاوكارییە هەواڵگرییەكانیشی لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگرت**

بەرگرییەکی لە هەرێم نەکرد، ئێستا بە دۆست و برادەرانم دەڵێم: ئەگەر ئەو دوو شوێنەی کرانە ئامانج دوو بنکەی موساد بوونایە، ئێران زاتی ئەوەی نەدەکرد بۆردومانیان بکات، چونکە دەزانێ ئیسرائیل ئەمریکای ئەمڕۆ نییە و یەکسەر خاکی ئێران دەکاتە ئامانج، نەك میلیشیاکانی.

بەش بە حاڵی خۆم نە باوەڕم بە ئەمریکا هەیە و نە بە ئێران و نە عێراقێك کە ژمارەیەك میلیشیا حوکمی دەکەن.

هەرێمی کوردستان دەبێت باش لەوە ئاگادار بێت کە پاش پێکهێنانی حکومەتی سوودانی، ئێران لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی و بە ئامادەبوونی سوودانی داوای چەند ڕۆڵ و ئەرکێکی کرد:

١- دەرکردنی ئەمریکییەکان.
٢- کۆتاییهێنان بە تیشکۆی نارەزاییەکان.
٣- دەستگرتن بەسەر دامەزراوەکان.
٤-گۆڕینی ڕێسای گەمە لەگەڵ کورددا.

سەرۆك وەزیرانی عێراق کردەی ئەمریکییەکان سەرکۆنە دەکات و بە هۆکاری ناسەقامگیریی عێراق دایاندەنێت، لە کاتێکدا ئەو لە هەموو کەس باشتر دەزانێت، ئەوە میلیشیاکانن کە هۆکاری ئەو ناسەقامگیرییەن، نەك ئەمریکییەکان.

لە ژیانی خۆمدا نەمدیوە حکومەتێك بەرگری لە چەند گرووپێکی میلیشیایی بکات لە کاتی هێرشبردنیان بۆ سەر هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، کە بە خۆی بەرپرسە لە پاراستنیان.

حەشدی شەعبی سەبارەت بە ئامانجگرتنی ئەمریکییەکان بووەتە دوو بەش، بەشێك پێی وایە دەبێت بە شێوەیەکی دیپلۆماسی داوایان لێ بکرێت عێراق بەجێبهێڵن و، بەشێکیش پێی وایە تەنیا بە زەبری هێز عێراق بەجێدەهێڵن.

پاش ڕووداوەکەی (کەلووی ٢٢)، هێزە میانڕەوەکانی شیعە و بۆ ڕازایکردنی ئەمریکا بە ئێرانییەکانیان گوت با بە دوای قۆچی قوربانییەکدا بگەڕێین، بەڵام ئێران ڕازی نەبوو.

«قۆچی قوربانی» کاتی خۆی نووری مالیکی دایهێنا بۆ ئەوەی بگاتە سات و سەودایەك لەگەڵ ئەمریکییەکاندا، تا بەشێوەیەکی دۆستانە بکشێنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش چەند ڕێکارێکی شێوەیی جێبەجێ کرد، وەك دەستگرتن بەسەر چەك و دەستگیرکردنی هەندێ چەکدار و لێکدانی ئەوانیتر لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتدا.

بە ڕای من، حەشدی شەعبی بە هەردوو باڵە سەربازی و سیاسییەکەی لە پرسی بەئامانجگرتنی ئەمریکییەکاندا تێوەگلاون.

ئەبو فەدەك کە سەرۆك ئەرکانی حەشدی شەعبییە پاش ڕووداوەکەی ٧ی تشرینی یەکەم، باری نائاسایی ڕاگەیاند و هەر بە فەرمانی ئەویش میلیشیاکان هێرشیان کردە سەر بنکەی (کەلووی ٢٢)، ئەمەش بەشێك بوو لە پلانەکەی ئێران کە دەڵێت: «ئەو گرووپانەی لە دەرەوەی حکومەتی عێراقدان ڕێیان پێ بدرێت بنکە ئەمریکییەکان بکەنە ئامانج و ئەو گرووپانەش کە لە ناو حکومەتدان هەوڵی هەڵمژینی فشاری ئەمریکا بدەن».

بۆیە ئەوەی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا ڕوو دەدات و ئەو دابەشبوونەی کە لە نێو گرووپە شیعەکاندا هەیە، بە شێکە لەو سیناریۆ و پلانەی کە باسمان لێوە کرد.

ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە دەبێت هەرێمی کوردستان نەچێتە ژێر باری هیچ لایەن و گرووپێکی شیعەی عێراق سەبارەت بە دەرچوواندنی هێزی ئەمریکییەکان و، باوەڕیش بە هیچ بەڵێنێك و دڵنیاییەك نەکات کە لەم ڕووەوە پێی دەدرێت.

مەترسیی من پاش دەرچوونی هێزە ئەمریکی و هاوپەیمانەکانە کە کەس نازانێ ئەو گرووپ و لایەنانە چییان لەباردایە.

پێویستە ئەمریکا چاو بە سیاسەتەکانی پێشوویدا بخشێنێتەوە و بڕوایەکی تەواو بداتە هەرێمی کوردستان و، لە ڕووی سەربازییەوە پڕ چەکی بکات، تا بتوانێ لە کاتی پێویستدا بەرگری لە خۆی بکات.

بە کورتی ئەوەی ئێران لە ناوچەکەدا دەیکات، ڕۆژێ دێت، ئاگرەکە ئەویش دەگرێتەوە، چونکە بەشێکە لە جوگرافیای ناوچەکە و توانای نییە بیگۆڕێت.

بەڵام ئەمریکا ئەوە لە پشت هەردوو زەریای (ئەتڵەنتیك و ئارام)دایە و لە هەر مەترسییەکیش پارێزراوە.

**تاران بە یەکخستنی (یەکتای گۆڕەپان) و بەرزەفتکردنی کاری میلیشیاکانی لە سووریا و عێراق و یەمەندا، دەیویست کۆشکی سپی پێگەکەی لە داهاتووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بپارێزێ و فشاریش بخاتە سەر ئیسرائیل، تا کردەکانی دژ بە پاسداران لە سووریا کەم بکاتەوە**

**ئەو درۆنانەی کە بنکەی (کەلووی ٢٢)ی ئەمریکییان کردە ئامانج، دەرچوو هەرهەموویان دەستکردی ئێرانن**

**دەبێت هەرێمی کوردستان نەچێتە ژێر باری هیچ لایەن و گرووپێکی شیعەی عێراق سەبارەت بە دەرچوواندنی هێزی ئەمریکییەکان و، باوەڕیش بە هیچ بەڵێنێک و دڵنیاییەک نەکات کە لەم ڕووەوە پێی دەدرێت**



**ئارام شەعبان گەردی**
**شارەزا لە سیستمی دارایی و بانک بۆ گوڵان:**

# ئابووریی عێراق ئابوورییەکی ڕەیعییە و میلیشیا چەکدارەکان و گەندەڵی داهاتێکی زۆری ئەم وڵاتەیان بەفیڕۆ داوە

**دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و ئەو فشار و پیلانانەی دەرهەق بە هەرێمی کوردستان لەلایەن نەیارانی کورد لە بەغداوە بەڕێوە دەچێت، هەروەها هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشە داراییەکان و بەدیجیتاڵکردنی بانکەکان و گرینگیدان بە «هەژماری من»، تەوەرەی سەرەکیی دیداری گۆڤاری گولان بوون لەگەڵ ئارام شەعبان گەردی مامۆستا لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری بەشی دارایی و بانکی و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**سیستمی بانکی لە عێراقدا دەوڵەمەند نییە و لە کۆی زیاتر لە ٣٥ خزمەتگوزاریی جیهانی تەنیا حەوت خزمەتگوزاریی بانکی پێشکەش دەکرێن**

*** وەکو مامۆستایەکی شارەزا لە بواری دارایی، دەزانن ئەم بارودۆخە سیاسییەی لە عێراق و جیهان و ناوچەکەدا بەڕێوەدەچێت، شوێنەوارەکانی قورسە لەسەر هەرێمی کوردستان، بەڵام خوێندنەوەت بۆ بەردەوامیی دروستکردنی کێشە و گرفتی دارایی لەلایەن بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟**

- کەرتی دارایی و ئابووریی عێراق گیرۆدەی عەقڵییەتێکی گۆشەگیر و داخراو بووە، کە بەپێی هەلومەرج و بەرژەوەندییەکانی حزب و میلیشیاکان بەڕێوەدەچێت، ئەم عەقڵییەتە نایەوێت چارەسەری هەموو ئەو کێشە و گرفتانە بکرێت، کە ڕێگرە لە بەردەم خۆگونجاندنی کەرتی دارایی و ئابووریی عێراق لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا، لەم چوارچێوەیەشدا هەرچی دەستوور و یاسا و دامەزراوەکان هەیە، بە ڕێچکەی سرووشتی و زانستیی خۆیاندا بەڕێوە ناچن، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە بەردەوام کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بێ چارەسەر ماونەتەوە و تادێت ئاستەنگ و بەربەستی نوێ دەخرێتە بەردەمیان. زۆر زەحمەتە بتوانرێت لەم دۆخەدا هزرێکی نیشتمانیی یەك ئاراستە دروست بکرێت و ئابووری و دارایی عێراق و هەرێمی کوردستانیش نەبێتە قوربانیی سیاسەتی نالۆژیکی و ناعەقڵانیی ئەم تاقم و گرووپانە. هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوخۆ و دەرەوە بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەم کێشە و گرفتانەی کە حکومەتی عێراقی بۆ هەرێمی کوردستانی دروست دەکەن. بەڕێوەچوونی لووتکەی جیهانیی حکومەتەکان لە دوبەی لەژێر دروشمی «ئایندەبینیی حکومەتەکان» و بەشداریی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم چوارچێوەیەدا، بۆ ئەوەیە حکومەتەکان بتوانن سوود لە هزری زیرەکیی دەستکرد و بەدیجیتاڵکردنی حکومەت و حوکمڕانییەکی باش وەربگرن، تاوەکو حکومەتەکان بتوانن ڕووبەڕووی کێشە ئاڵۆزەکانی جیهان ببنەوە و فەلسەفە و ڕۆئیایەکی ڕوونمان بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری هەبێت، سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان توانی ئەزموون و تێڕوانینەکانمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو ئالنگارییانە بخاتە ڕوو، هەروەکو چۆن توانی ژینگەی ئارام و پێکەوەژیانی کوردستان و دەوڵەمەندیی سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی لە هەرێمی کوردستان بە جیهان بناسێنێت.

**وەزیری دارایی عێراق ئەجێندەیەکی دەرەکی دژ بە حکومەتی هەرێم جێبەجێ دەکات، کە بۆ برسیکردنی خەڵکی کوردستان و لاوازکردنی قەوارەی هەرێمە**

*** چی بکرێت تاوەکو ئەم دژایەتیکردنەی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەم عەقڵییەتە مەرکەزی و شۆڤێنییانەوە کۆتایی پێ بێت و، گەلی کوردستانیش لەگەڵ گەلانی عێراقدا بەرژەوەندیی هاوبەشی ئابووری کۆیان بکاتەوە؟**

- کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە ئابووریی عێراق ئابوورییەکی ڕەیعییە و میلیشیاچەکدارەکان و گەندەڵی داهاتێکی زۆری ئەم وڵاتە بەفیڕۆ دەدەن. ڕاستە بودجەی گشتیی عێراق لە سەرووی ٦٣ تریلیۆن دینارەوەیە و بەهای بەرمیلێك نەوت لە ٨٠ دۆلاردایە و یەدەگێکی گەورەی دۆلار و دراو و سەبیکەی زێڕیشی هەیە، بەڵام ئابووریی ڕەیعی و بەرزیی خەرجی بەکارخستن و شوێنەوارەکانی خراپ بەکارهێنانی دۆخەکە لەلایەن حەشد و میلیشیا چەکدارەکانەوە و، ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و بەشێکی نەوتیی

**دارایی و ئابووریی عێراق گیرۆدەی عەقڵییەتێکی گۆشەگیر و داخراو بووە، کە بەپێی هەلومەرج و بەرژەوەندییەکانی حزب و میلیشیاکان بەڕێوەدەچێت**

**هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوخۆ و دەرەوە بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەم کێشە و گرفتانەی کە حکومەتی عێراقی بۆ هەرێمی کوردستانی دروست دەکەن**

**ئەو هەموو گەندەڵی و ئاودیوکردنەی دراوی قورس بۆ وڵاتی دراوسێی ئێران و، ململانێ و شەڕی میلیشیاتەکانی حەشد لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا، ئەمانە هەمووی پێکەوە دۆخەکە بە ئاقارێکی باشدا وەرناچەرخێنن**

**میلیشیا چەکدارەکان نایانەوێت وڵاتێکی سەقامگیر دروست ببێت کە بە شێوەیەکی سیستماتیک و شەفاف کاروبارەکانی بەڕێوە ببات**

**دەتوانرێت هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ داوا لە گەنجینەی ئەمریکا بکات، پشکی خۆی لە بودجە بۆ بنێرێت و چیتر ئەوەندە خۆی سەرقاڵی گفتوگۆ و دانوستانی شاندەکان نەکات**

کەرکووکیش بۆ بەندەری جەیهانی تورکی و لاوازیی جێبەجێکردنی پرۆژەکان و ئەو هەموو گەندەڵی و ئاودیوکردنەی دراوی قورس بۆ وڵاتی دراوسێی ئێران و، ململانێ و شەڕی میلیشیاتەکانی حەشد لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا، ئەمانە هەمووی پێکەوە دۆخەکە بە ئاقارێکی باشدا وەرناچەرخێنن، میلیشیا چەکدارەکان نایانەوێت وڵاتێکی سەقامگیر دروست ببێت کە بە شێوەیەکی سیستماتیك و شەفاف کاروبارەکانی بەڕێوە ببات. ئەوەتا لە عێراقدا سیستم لە پەروەردەوە تاوەکو بەڕێوەبردن و ئیدارە و دارایی و بانکی هەر هەمووی لەژێر پرسیاردایە، باجەکەشی ئابووریی عێراق و باروبژێوی ژیانی خەڵك دەیداتەوە. ڕێژەی هەژاری و بێکاری و خراپیی سێکتەری پەروەردە و تەندروستی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. خۆتان دەزانن بوونی سیستم واتە بوونی شەفافییەت، کەواتە ئەوانەی ئێستا دەتوانن لە سایەی نەبوونی سیستم و لێڵیی سیاسەتی عێراقدا خۆیان دەوڵەمەند بکەن و سەرمایەی عێراق تەخشان و پەخشان بکەن، لە کاتی دامەزراندنی سیستمدا ئەوەیان بۆ ناچێتە سەر، بۆیە بە هەموو هێزێکیان و بە هەموو ڕێگەیەك دژایەتیی دامەزراندنی سیستم دەکەن لە هەموو کەرتەکاندا، بەتایبەتی لە کەرتی دارایی و بانکی.

*** بەو پێیەی پسپۆڕیت لە دارایی و بانکدا هەیە، ئایا لێکدانەوە و خوێندنەوەت بۆ بارودۆخی بانکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان چییە؟، ئایا تێکچوونی سەقامگیریی سیاسی لە عێرقدا تا چەند کاریگەریی نەرێنیی لەسەر دۆخی چاکسازییە بانکی و داراییەکان و بەهای دینار هەیە؟**

- تێکچوونی دۆخی سیاسی و سەربازی کاریگەریی لەسەر بارودۆخی دارایی و سیستمی بانکی دەبێت، بەڵکو خێراترین سێکتەر کە کاریگەریی لەسەر تێکچوونی دۆخەکە هەیە لایەنی دارایی و بەهای دینارە، چونکە هەردوو سێکتەری دارایی و بانکی خۆیان لەناو کێشە و گرفتدان و هاووڵاتیانی عێراقدا متمانەیان بە هەردوو بواری دارایی و بانکی نییە. لە کۆی قەبارەی١١٣ تریلیۆن دیناری چاپکراو تەنیا ١٨- ٢٠ تریلیۆن دیناری لە بەردەستدایە، خەڵك پارەی پاشەکەوتی خەوتوویان نانێرنە بانکەکان، چونکە متمانەیان بە کەرتی بانکی نییە و هیچ تروسکاییەکیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددا و کێشەکان نابینن. بانکەکان بە گشتی نە بەشدارییان لە پرۆسەی وەبەرهێناندا هەیە و نە دەتوانن متمانە و مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ هاووڵاتیان و ئەو کەسانە بکەن کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. ئەمە وێڕای ئەوەی دەستتێوەردانەکان لە کەرتی دارایی و بانکی و نەختینەیی و بەهای دیناردا لە ئاستێکی بەرزدایە.

*** لە هەموو دونیادا بانکە ناوەندییەکان سەربەخۆن و خاوەنی پلان و بەرنامەی خۆیانن بۆ پاراستنی دۆخی دارایی و نەختینەیی و پاراستنی نرخی ئاڵوێری دراو، تاچەند ئەم بانکە توانیویەتی لە ئاست داواکارییەکانی بانکی فیدراڵیی ئەمریکا و خواست و داواکارییەکانی شەقامدا بێت؟**

- بانکی ناوەندی هەوڵەکانی بۆ چاودێری و بەدواداچوونی کاری بانکەکان تا ڕاددەیەك بە باشی بەڕێوەدەچن، هەرچەندە لە ڕووی کۆنترۆڵکردنی ئاودیوکردنی دۆلار و سەقامگیریی بەهای دینار و ڕێگرتن لە بەکارهێنانی بانکە ئەهلییەکان بۆ کاری گەندەڵی میلیشیاتەکانەوە، نەیتوانیوە لە ئاست خواست و داواکارییەکانی گەنجینەی ئەمریکادا بێت، لەم دواییانەشدا سزای کۆمەڵێك بانکی ئەهلیی دا، بەوەی بانکە ئەهلییەکان پەیڕەوی مەرج و ڕێنماییەکانی ناکەن و پارەی کاشی دۆلار دەگەیەننە ئەو لایەنانەی دژی ئەمریکان، ئەو بانکە ئەهلییانەش لە ئێستادا تەنیا سەرچاوەی سەرەکیی قازانجیان لە گۆڕینەوەی دۆلاردایە. بۆیە ئەگەر سزاکانیان لەسەر هەڵنەگرێت، ئەوا زیانێکی گەورەیان بەردەکەوێت. دواجار سیستمی بانکی لە عێراقدا ئەوەندە دەوڵەمەند نییە و لە کۆی ٣٥-٤٠ خزمەتگوزاریی جیهانی تەنیا حەوت خزمەتگوزاریی بانکی دەفرۆشرێت و پێشکەش دەکرێت، تەنانەت چالاکی و متمانەیەکی واشیان نییە کە وا لە وەبەرهێنەر و سپاردەکەری بانکی بکەن، متمانەیان بەوە هەبێت پارێزەری

دینارەکانیانە و لە داهاتوودا بەهاکەی لەدەست نادات و لە بەرزی و نزمیی بەهای دینار بەرانبەر دراوە بیانییەکانی دیکە بیپارێزێت. سەبارەت بەهەرێمی کوردستانیش، بەو پێیەی ئێمە دەوڵەت نین و بانکی ناوەندیمان نییە، بۆیە گۆڕانکاری و باش بەڕێوەچوونی کار و مامەڵەکانی بانکی ناوەندی و جێبەجێکردنی مەرج و ڕێنماییەکان کاریگەریی لەسەر ئێمەش دەبێت، بەداخەوە دەرئەنجامی هەنگاوەکانی بانکی ناوەندی لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبووە و لە ئاست خواست و داواکارییەکانی گەنجینەی ئەمریکا و بانکە ئەهلییەکان و شەقامیشدا نەبووە.

*** هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاکسازی لە کەرتی بانکی و کردنەوەی «هەژماری من» و بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکاندا، تا چەند جێی ئومێدی ئێوەی شارەزایانی کەرتی بانکین؟**

- هەوڵەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاکسازی لە کەرتی بانکی و کردنەوەی هەژماری من، بۆ فەرمانبەران و کەمکردنەوەی مامەڵەکردن بە پارەی کاش جێگای ئومێدە، دوا جار دەبێت هاوشێوەی جیهانی پێشکەوتوو کەرتی بانکی و مامەڵەکردنمان بە دراو بگۆڕین، هەرێمی کوردستان بەهۆی گەمارۆ و بڕینی بودجە و ڕاگرتنی فرۆشتنی نەوتەوە کێشەی سیولەی هەیە، بۆیە دەبێت بەرەو سیستمی ئەلیکترۆنی هەنگاو بنێین و هەموو هاووڵاتییەك حیسابێکی تایبەت بەخۆی هەبێت و پارە بە شێوەیەکی فیزیایی ئەوەندە نەچێتە دەرەوەی بانکەکان. ئەم چاکسازی و گۆڕانکارییە لە بەکارهێنانی پارە بۆ ڕێگرتن لە گەندەڵی و سپیکردنەوەی پارەش گرینگە، چونکە شەفافییەت بە کەرتی بانکی و هاتووچۆی دراو دروست دەدات و سەرچاوەی پارەکان ئاشکرا دەبێت، بەڵام دواجار ئەوە بانکی ناوەندیی عێراقە ئیدارەکردنی پارە و سەرمایە وەکو ناوەندێکی بێلایەن ڕێك دەخات و دڵنیایی دەرەخسێنێت، بۆیە کاری چاکسازی و وەرچەرخان لە کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە پاڵپشتیی بانکی ناوەندییە.

*** بەڵام وێڕای ئەوەی پلانێکی دارایی و نەختینەیی ڕوون و شەفاف نییە لە عێراقدا بۆ چاکسازی لە کەرتی دارایی و نەختینەییدا، هاوکات مامەڵەیەکی زانستی و واقیعییش لەگەڵ پشکی هەرێم لە بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمدا نییە، وەکو پسپۆڕێکی دارایی و بانکی پێتوایە ئەوەی لە وەزارەتی دارایی دەگوزەرێت بەرانبەر هەرێمی کوردستان چییە؟**

- وەزیری دارایی تەنیا ئەجێندەیەکی سیاسی بەرانبەر هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکات، کە بۆی دانراوە بۆ برسیکردن و دەستبردن بۆ قووتی بژێوی ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە پێناو لاوازکردنی قەوارەی هەرێم و نانەوەی پشێوی و جێبەجێکردنی ئەجێندە دەرەکییەکانە. ئەوەتا نەوتی هەرێم هەناردەی دەرەوە ناکرێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، کەچی بابەتی بودجە و مووچە و ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بووەتە بابەتێکی گاڵتەجاڕیی ناو سۆشیال میدیا و دوور لە زانستی دارایی و ئابووری و جێبەجێکردنی بودجە و پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و هەرێمێکی فیدراڵی، کە بە دەستوور و یاسا ڕێك خراوە، ڕێگە چارەسەری ئەم دۆخە ئاسان نییە، بەڵام ئاستەمیش نییە، دەتوانرێت هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ داوا لە گەنجینەی ئەمریکا بکات، پشکی خۆی لە بودجە بۆ بنێرێت و چیتر ئەوەندە خۆی سەرقاڵی گفتوگۆ و دانوستانی شاندەکان نەکات و بە دوای چارەسەری بڕیارێکی وەکو بڕیاری ٩٨٦ لە ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکادا بگەڕێت، چونکە لە غیابی سیاسەتێکی ڕوونی دارایی لەلایەن حکومەتی عێراق و وەزارەتی دارایی و سیاسەتێکی نەختینەیی شەفاف لەلایەن بانکی ناوەندییەوە، دۆخی کەرتی دارایی و نەختینەیی لە عێراق و کوردستاندا بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەچێت، ئەوەتا ناسەقامگیریی ئاڵوێری دینار و بەرزیی ڕێژەی هەڵاوسان و بێکاری و هەژاری تا دێت ڕووی لە زیادبوونە و، هەرچی چاکسازی و گۆڕانکارییەکانیشە دەرئەنجامێکی وای لێ نەکەوتووەتەوە کە لە ئاست خواست و داواکارییەکانی شەقامدا بێت.


**ئەوانەی ئێستا دەتوانن لە سایەی نەبوونی سیستم و لێڵیی سیاسەتی عێراقدا خۆیان دەوڵەمەند بکەن و سەرمایەی عێراق تەخشان و پەخشان بکەن، لە کاتی دامەزراندنی سیستمدا ئەوەیان بۆ ناچێتە سەر**

**خەڵک پارەی پاشەکەوتی خەوتوویان نانێرنە بانکەکان، چونکە متمانەیان بە کەرتی بانکی نییە و هیچ تڕووسکاییەکیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددا و کێشەکان نابینن**

**هەوڵەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاکسازی لە کەرتی بانکی و کردنەوەی هەژماری من، بۆ فەرمانبەران و کەمکردنەوەی مامەڵەکردن بە پارەی کاش جێگای ئومێدە**

**هەرێمی کوردستان بەهۆی گەمارۆ و بڕینی بودجە و ڕاگرتنی فرۆشتنی نەوتەوە کێشەی سیولەی هەیە، بۆیە دەبێت بەرەو سیستمی ئەلیکترۆنی هەنگاو بنێین و هەموو هاووڵاتییەک حیسابێکی تایبەت بەخۆی هەبێت**

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر عیمران ئەلباداوی بۆ گوڵان:

# دەبێت ڕێگری لە بەرپابوونی شەڕێکی بەربڵاو بکرێت

**عیمران ئەلباداوی، پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی هوستۆن لە ئەمریکا، هەروەها دامەزرێنەری پرۆگرامی دیراساتی عەرەبییە لە هەمان زانکۆ. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی غەززە و هۆکار و دەرئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** وەك ئاشکرایە شەڕی غەززە دەرئەنجامی قووڵ و بەربڵاوی لێ دەکەوێتەوە، نەك هەر لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لێکەوتەی جیهانییشی دەبێت، چونکە هێزە گەورە و مەزنەکانی جیهان، (لە سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بوون و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی و بەرژەوەندییان لەم ناوچەیەدا هەیە. دید و تێڕوانینی ئێوە لە بارەی هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە چۆنە؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە شەڕ و هێرشەکەی سەر غەززە لە ساڵی ٢٠٢٣ کە تا ئێستا و لە ساڵی ٢٠٢٤ بەردەوامە، شەڕێکە (لە ڕوانگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شارەزا و پسپۆڕانی بواری مافەکانی مرۆڤ) کە گۆڕدراوە بۆ هەڵمەتێکی بەربڵاوی کۆمەڵکوژی، چونکە ئاستی بۆردومانکردنی خەڵکانی مەدەنی لە فەلەستین و ژێرخانی کەرتی غەززە لەلایەن ئیسرائیل- و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە- ژمارەی پێوانەیی تاوانەکانی شەڕی سەردەم و ڕۆژگاری هاوچەرخیان تێپەڕاندووە. کە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە ژمارەی پێوانەیی ئەو منداڵانە بکەین کە ڕووبەڕووی کوشتن و برینداربوون و پەککەوتەیی و بێ دایك و باوکی بوونەتەوە. ژمارەی پێوانەیی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کوژراون، و ئەو بۆمبانەی بەکارهێنراون بۆ بۆردومانکردن و چەندین تاوانی دیکە کە هەژمارکردنیان ئەستەمە. واتە تا ڕاددەیەکی زۆر غەززە وێران بووە، ئەمەش دۆخێکی دروست کردووە، نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی لێ کەوتووتەوە، کە ناتوانن بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بگەڕێنەوە. کەواتە لەلایەکەوە، دەکرێت بگوترێت کە ئەو شەڕەی ئێستا لە غەززە لەئارادایە شەڕێکی بێ پێشینەیە. لەلایەکی دیکەوە، ڕەوایە بڵێین کە هەڵگیرسان و بەرپابوونی ئەم شەڕە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی ٧٥ ساڵی داگیرکارییە، ئەویش بە لە ناوبردن و دەرکردنی زۆرەملێی خەڵکی ڕەسەنی باشووری ڕۆژئاوای شام.

*** وەك ئاشکرایە کە شەڕی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس تەنیا لە نێو غەززەدا قەتیس نەبووە، بەڵکو بارگرژی و ئاڵۆزی ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی گرتووەتەوە، بەتایبەتی ئەوەی لە دەریای سووردا بەدی دەکرێت، کە مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر کەشتییە بازرگانییەکان دروست بووە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا چەندین هێرشیان کردووەتە سەر بزووتنەوەی حوسییەکان، ئێوە چۆن لەم پێشهات و پەرەسەندنانە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە حوسییەکان گرووپێکی ڕەسەنی عەرەبی شیعەن لە نێو وڵاتی یەمەندا، کە میلیشیاکانی جاڕی جەنگیان داوە لە دژی ئیسرائیل لە بەرانبەر ئەو کۆمەڵکوژییەی کە لە کەرتی غەززە ئەنجام دەدرێت، لەلایەکەوە ئەوان پشتیوانی و پاڵپشتی دەکرێن لەلایەن ئێرانەوە، کە ئاشکرایە ئێرانیش دەیەوێت درێژە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لە ناوچەکەدا، لەلایەکی دیکەوە، ئەوەی بەدی دەکرێت کە حوسییەکان توانیویانە پاڵپشتیی زۆرێك لە عەرەبەکانی جیهان بەدەست بهێنن، کە ئێمە دەزانین پێشتر زۆرێك لە عەرەبەکان بەرهەڵستییان دەکردن، یان زانیارییەکی زۆر کەمیان لەبارەیانەوە هەبوو، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئێران و حوسییەکان ڕای گشتییان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە، لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ نزیکەی دوو دەیەیە بەردەوامن لە بۆردومانکردنیان.

*** بەڵام ئەو کارانەی کە حوسییەکان دەیکەن بۆ هێرشکردنە سەر کەشتییە بازرگانییەکان دەرئەنجامی خراپی ئابووریی لە سەرتاسەری**

**ئاستی بۆردومانکردنی خەڵکانی مەدەنی لە فەلەستین و ژێرخانی کەرتی غەززە لەلایەن ئیسرائیل- و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە- ژمارەی پێوانەیی تاوانەکانی شەڕی سەردەم و ڕۆژگاری هاوچەرخیان تێپەڕاندووە**

**تا ڕاددەیەکی زۆر غەززە وێران بووە، ئەمەش دۆخێکی دروست کردووە، نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی لێ کەوتووتەوە، کە ناتوانن بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بگەڕێنەوە**

**حوسییەکان گرووپێکی ڕەسەنی عەرەبی شیعەن لە نێو وڵاتی یەمەندا، کە میلیشیاکانی جاڕی جەنگیان داوە لە دژی ئیسرائیل لە بەرانبەر ئەو کۆمەڵکوژییەی کە لە کەرتی غەززە ئەنجام دەدرێت**

**ئێران و حوسییەکان ڕای گشتییان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە، لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ نزیکەی دوو دەیەیە بەردەوامن لە بۆردومانکردنیان**

**حوسییەکان کار دەکەن بۆ پەکخستنی جووڵەی کەشتییە بازرگانییەکان و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت ئەم هەڕەشە و مەترسییانە لە ناو ببات**

**بەرپاکردنی شەڕ لەگەڵ ئێراندا بە سوود و قازانجی کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکانی بواری دروستکردنی چەک و کەرەستەی سەربازییە**

**لە ئێستادا وڵاتی میسر ڕووبەڕووی گوشارێکی گەورە بووەتەوە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، بۆ ئەوەی دوو ملیۆن پەنابەری فەلەستینی لەخۆ بگرێت**

**جیهاندا لێ کەوتووەتەوە و بووەتە هۆی شڵەژاندنی جووڵەی بازرگانی لە جیهاندا، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم کار و کردەوە و دوژمنکارییانەی نێو دەریای سوور دەرئەنجام و لێکەوتەی ئابووریی لێ کەوتووەتەوە، چونکە بابول مەندەب یەکێك لەو خاڵ و دەروازانەیە کە جموجووڵی بازرگانیی جیهانی پێدا تێدەپەڕێت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە حوسییەکان کار دەکەن بۆ پەکخستنی جووڵەی کەشتییە بازرگانییەکان و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت ئەم هەڕەشە و مەترسییانە لە ناو ببات، کە بوونەتە مەترسی لەسەر جووڵەی بازرگانی لە دەریای سوور و لە کەنداوی فارسیدا. ئەوەی پەیوەست بێت بە هاووڵاتیانی وڵاتانی گەشەکردووەوە، ئەوا ئەمە بە مانای هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوت و کاڵاکان دێت و کاریگەریی لەسەر ئاستی ژیان و گوزەرانیان دەبێت.

*** ئێمە ئاماژەمان بەوە کرد کە سەرەڕای شەڕی غەززە (کە بە هێرشەکانی بزوتنەوەی حەماس لە ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا دەستی پێکرد)، ئەوا بارگرژی و ئاڵۆزی لە بەشەکانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئارادایە، بەڵام هێشتا سیناریۆیە هەرە خراپەکە ڕووی نەداوە، واتە هێشتا شەڕێکی بەربڵاوی هەمەلایەنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵنەگیرساوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی ئێرانیش بگرێتەوە. ئایا پێت وایە ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکان بە ئاراستەی بەرپابوونی شەڕێك لەم شێوەیەدا دەڕوات؟**

- من دەمەوێت جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەمەوە کە زۆر جار ورووژاندنی پرسی ئەوەی پێی دەڵێن «خراپترین سیناریۆ» بووەتە بیانوو و پاساوێك بۆ ڕەوایەتیدان و شەرعییەتدان بەو سیاسەتە دەرەکییە کارەساتبارەی کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پیادە و پەیڕەوی دەکات، چونکە ئێمە دەزانین کە چەندین کەسایەتیی سیاسیی دەستڕۆیشتوو و سیاسەتداڕێژەرانی نێو واشنتۆن و تەل ئەبیب، خوازیاری هەڵگیرسانی شەڕ بوون و بۆ چەندین دەیە دەبێت کە کاریان کردووە بە ئاراستەی بەرپاکردنی شەڕێکی بەربڵاو و سەرتاسەری لەگەڵ ئێراندا، بەتایبەتی دوای ئەو شەڕە کارەساتبارانەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامیدان لە ئەفغانستان، عێراق، سووریا، یەمەن و لیبیا. ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە بەرپاکردنی شەڕ لەگەڵ ئێراندا بە سوود و قازانجی کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکانی بواری دروستکردنی چەك و کەرەستەی سەربازییە، هەروەها دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی ئەو سەرکردانەی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا کە دەیانەوێت سەرزەنشتی سیاسەتی ڕێگەدان بە کۆچبەران بکەن، و کۆنترۆڵی سنوورە نەتەوەییەکان بکەن و برەو بە باڵادەستیی ڕۆژئاوا بدەن و بانگەشە بۆ پێکدادانی شارستانییەت بکەن.

*** بەڵام هەمیشە هۆشداری لەو مەترسییە دەدرێت کە ڕەنگە دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت و بە شێوەیەك لە شێوەکان هەلومەرجەکە بە شێوەیەك هەڵکشێت کە تێیدا هەمووان زیانمەند و دۆڕان بن. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت ڕێگری لە سیناریۆیەکی لەم شێوەیە بکرێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە هەڕەشە و مەترسییەکان لە ئارادان و بەدی دەکرێن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندان، بەڵام ئەوەی لە نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا و بە مەبەست و بەئەنقەست نادیدە دەگیرێت، ئەوەیە کە گەلانی ڕەسەنی عێراق و سووریا و ئەردەن و یەمەن کاردانەوەیان هەیە لە بەرانبەر ئەوەی پێیان وایە کە سیاسەتێکی دەستدرێژیکارانەیە لە دژی فەلەستین، لە بەرانبەردا وێنای ئەم دۆخە و ئەم ململانێیە دەکەن وەك ئەوەیە کە ئەمە شەڕێکی هەتا هەتایی و نەبڕاوە بێت لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەلایەك، و لەلایەکی دیکەوە چەند دەوڵەتێکی نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەگوترێت ئێران پشتیوانییان لێ دەکات. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت لێرەدا جەختی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیە کە لە ئێستادا وڵاتی میسر ڕووبەڕووی گوشارێکی گەورە بووەتەوە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، بۆ ئەوەی دوو ملیۆن پەنابەری فەلەستینی لەخۆ بگرێت، کە ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئەوا ئەگەری ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە بە شێوەیەکی دیکە ببێتەهۆی دروستکردنی نائارامی و ناسەقامگیری لەم ناوچەیەدا. کەواتە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بە دیاریکراوی بدەینەوە، ئەوا من پێم وایە، دەبێت هەموو هەوڵ و کۆششێك کە لە دەستمان بێت بیخەینەگەڕ، بۆ ئەوەی ڕێگری لە ڕوودانی شەڕێکی بەربڵاو و هەمەلایەنە بکەین، ئەویش بە کارکردن بە ئاراستەی هێنانەئارای چارەسەرێکی دیپلۆماتی و هەمیشەیی بۆ هەردوو گەلی فەلەستینی و ئیسرائیل.




## دکتۆر نادر هاشمی لە زانکۆی دەنڤەر بۆ گوڵان:

# سەرقاڵبوونی ئەمریکا بە دوو شەڕەوە بە سوودی ڕووسیا و چین شکاوەتەوە

دکتۆر نادر هاشمی، بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سکوولی جۆزێف کۆربێڵ لە زانکۆی دەنڤەر، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك تیۆری سیاسی، سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایین و سیاسەت، سیاسەتی بەراوردکاری، پەیوەندییەکانی ڕۆژئاوا و ئیسلام و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵ شرۆڤە کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە سیاسەتی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، بە دیاریکراوی لە ئاستی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل و ئەو شەڕەی ئێستا لە کەرتی غەززە بەردەوامە و، ئەگەری خستنەگەڕی هەوڵەکان لەلایەن ئەمریکاوە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

* ئاشكرایە كە شەڕی ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خاڵێكی وەرچەرخان و پێشهاتێكی گەورەیە، كە هەر لە ڕۆژانی یەكەمی شەڕەكەوە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هاتەسەر خەت و كەشتیی فڕۆكەهەڵگری ڕەوانە كرد و هۆشداریی دا لەوەی لایەنی دیكە بیر لە بەرفراوانكردنی شەڕەكە نەكەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەی ئەوە لە ئیدارەی ئەمریكا دەگیرێت كە وەك پێویست كار و كۆششی نەكردووە بۆ یەكلاكردنەوەی ئەم شەڕە و گەیشتن بە چارەسەرێكی گونجاو، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟

- لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین كە لە دەرەوەی ئیدارەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، كەسانی ڕۆشنبیر و شارەزا و پسپۆڕانی بواری سیاسەتی دەرەوە هەن، كە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە و دەركیان بەوە كردووە، كە ئەو سیاسەتەی ئێستای ئەمریكا لە ئاست كێشەی فەلەستین و ئیسرائیل و دەرهەق بەم شەڕەی ئێستا لە غەززە لە نێوان ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس لە ئارادایە، سیاسەتێكی چەوت و هەڵەیە، بەڵام كێشەكە ئەوەیە كە ناتوانین پێشبینیی ئەوە بكەین كە گۆڕانكارییەكی جددی و ڕیشەیی لە سیاسەتی ئیدارەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا(بە چاوپۆشین لەوەی دیموكراتەكان، یان كۆمارییەكان جڵەوی دەسەڵاتیان لە دەستدا بێت لە نێو كۆشكی سپی) ڕوو بدات، كەواتە لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەوە دەكرێت بڵێین كە دەسەڵاتدارانی ئیدارەی ئەمریكا بە چەشنێك سیاسەت دەكەن كە ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی سەر ئەرزی واقیع لە بڕیار و شێوازی كاركردنیاندا بەدی ناكرێت، كەواتە لێرەدا ڕەوایە بڵێین: ئومێدێك لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی لە ئایندەیەكی نزیكدا پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنێك بە سیاسەتەكانی ئەمریكا لە ئاست ئەم ناوچەیە و لە بەرانبەر كێشەی فەلەستین و ئیسرائیلدا بكرێت. خۆ ئەگەر بێرنی ساندەرس، یان كەسانێكی دیكەی سەربەخۆ (لە دەرەوەی هەردوو حزبەكە) جڵەوی دەسەڵات بگرنەدەست و ببنە بڕیاربەدەستی نێو كۆشكی سپی، ئەوا، بەڵێ ڕەنگە ئەگەری ئەوە هەبێت كە سیاسەتی ئەمریكا گۆڕانكاری بەسەردا بێت، كە ئاشكرایە پەرەسەندنێكی لەم چەشنەش لە ئایندەیەكی نزیكدا ڕوو نادات لە نێو ئەمریكا، لەبەر ئەوە ناكرێت پێشبینی و چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێت كە ئەمریكا پەند و وانەی وەرگرتبێت لەو شەڕەی لە غەززە هەڵگیرساوە و بەردەوامە.

* ئێوە ئاماژەتان بەوە كرد كە ئەگەر كۆمارییەكانیش لە هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ئەمریكا براوە بن و جارێكی دیكە دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆك هەڵبژێردرێتەوە و دەست بەكار بێت، ئەوا گۆڕانكارییەكی ئەوتۆ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا ڕوو نادات، بەڵام هەندێ جار گوێمان لێ دەبێت كە ترەمپ بانگەشەیەكی جیاوازتر بۆ خۆی دەكات و، تەنانەت ڕایگەیاند كە ئەگەر لە سەرۆكایەتیدا بوایە، ئەوا ئەم شەڕە ڕووی نەدەدا، لێكدانەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟

- من پێم وایە، تەناتەت ئەگەر دووبارە دۆناڵد ترەمپ دەسەڵات بگرێتەوە دەست و بچێتەوە نێو كۆشكی سپی، ئەوا گۆڕانكارییەكی بەرچاو لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ڕوونادات لە ئاست ئەم پرسەدا، چونكە دۆناڵد ترەمپ ناسراوە بەوەی چەند پشتیوانی لە ئیسرائیل دەكات، و ڕەنگە تاكە گۆڕانكارییەك ئەوە بێت كە وەك ئێستا ئاماژە بە ئێش و ئازاری فەلەستینییەكان نەكرێت، واتە بە چەشنی ئیدارەی جۆ بایدن و ئەنتۆنی بلینكن و تیمەكەیان هێندە باس لە دۆخی ناهەمواری فەلەستینییەكان نەكرێت. بەڵام پێم وایە سیاسەتەكانی ترەمپیش دەقاودەق هەمان سیاسەتی ئێستای بایدن دەبن، ئەویش ئەوەیە كە هێندەی دەوڵەتی ئیسرائیل بخوازێت، ئەوا پاڵپشتی و پشتیوانییەكی بەهێزی بۆ دەستەبەر دەكرێت لەلایەن ئیدارەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە، كەواتە ئەگەر وەڵامەكە پوخت بكەمەوە، ئەوا من پێم وانییە بە هاتنی دۆناڵد ترەمپ بۆ نێو كۆشكی سپی گۆڕانكارییەكی ئەوتۆ لە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریكا لە ئاست كێشەی فەلەستین و ئیسرائیل ڕوو بدات. لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت بڵێین كە تاكە گۆڕانكارییەك كە ڕوو بدات ئەویە كە (ئەگەر دووبارە دۆناڵد ترەمپ دەسەڵات بەدەست بهێنێتەوە) ڕەنگە سیاسەتێكی توندتر و سەختتر لە ئاست ئێران بگرێتەبەر و پیادەی بكات، چونكە ئێمە لە بیرمانە كە كاتێك سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بوو، زۆری نەمابوو كە چەند جارێك شەڕ هەڵگیرسێنێت لەگەڵ ئێراندا، كەواتە ئەگەر ترەمپ بگەڕێتەوە دەسەڵات ئەوا

**ئومێدێک لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنێک بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە و لە بەرانبەر کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلدا بکرێت**

**ئەگەر دووبارە دۆناڵد ترەمپ دەسەڵات بگرێتەوە دەست و بچێتەوە نێو کۆشکی سپی، ئەوا گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوونادات**

ئەگەری پێکدادانی سەربازی لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا زیاتر دەبێت و هەڵدەکشێت.

*** پرسێکی دیکەی پەیوەست بە شەڕی نێوان ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس، ڕای گشتیی ناوخۆیی ئیسرائیلە، کە لە کاتێکدا پشتیوانی بۆ سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە (بنیامین نەتنیاهۆ) دابەزیوە، بەڵام ڕای گشتیی ئیسرائیل پشتیوانییەکی گەورەی هەڵمەتەکەی ئیسرائیل دەکەن، ئەمە سەرەڕای ئەو کوشتار و کاولکارییەی لێی کەوتووەتەوە. ئایا دەکرێت لەم ڕووەوە پێشبینیی بەردەوامبوونی ئەم شەڕە بکەین، ئەمە سەرباری ئەوەی کە لەسەر ئاستی جیهان داوای ئاگربەست و کۆتاییهێنان بەم شەڕەش دەکرێت؟**

- بەڵێ، من پێشبینیی درێژەکێشان و بەردەوامبوونی شەڕەکە دەکەم، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە خودی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل (بنیامینی نەتنیاهۆ) بەرژەوەندییەکی تایبەتی و خودیی هەیە لە ڕانەوەستان و درێژبوونەوەی ئەم شەڕەدا، مەبەستم ئەوەیە تاوەکو شەڕەکە زیاتر بەردەوام بێت، ئەوا ڕۆژی لێپرسینەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی بەرپرسیارێتی دوا دەکەوێت لە نێو ئیسرائیلدا، ئەویش لەسەر ئەوەی کە لە ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردودا ڕووی دا. لێرەدا دەکرێت بڵێین، تاکە ڕێگەی مانەوەی نەتنیاهۆ لە ڕووی سیاسییەوە، ئەوەیە کە جۆرێك لە سەرکەوتن لە دژی بزوتنەوەی حەماس یان دوژمنێکی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا بەدەست بهێنێت، ئەویش بە بەرفراوانکردنی شەڕەکە بە چەشنێك کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی بە ناچار بزانێت، کە دەستتێوەردان بکات و بەشداری بکات و لە بری ئیسرائیل شەڕەکە بکات، ئەو کاتە نەتنیاهۆ بانگەشەی ئەوە بکات کە یەکێك لە دوژمنەکانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا لاواز بووە. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا یەکێك لەو هۆکارانەی وامان لێ دەکات پێشبینیی ئەوە بکەین، کە شەڕەکە بەردەوام دەبێت ئەوەیە کە بنیامین نەتنیاهۆ بەرژەوەندییەکی شەخسی و سیاسی هەیە لە درێژەکێشانیدا، ئەویش بەوەی بەردەوام پاساو بۆ ڕانەگرتنی ئەم شەڕە بهێنێتەوە و ئاماژە بەوە بکات کە لە ٧ی تشرینی ٢٠٢٣دا حەماس چ هێرشێکی کردە سەر ئیسرائیل، هەر ئەمەش هۆکارێکە کە پێمان دەڵێت، بۆچی ئەم شەڕە بەم نزیکانە کۆتایی نایەت و ڕاناوەستێت.

*** لێرەدا دەمانەوێت پرسیاری کاریگەریی شەڕی ئیسرائیل و حەماس بکەین لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، چونکە ئاشکرایە کە لە هەردوو شەڕەکەدا ئەمریکا دەستەبەرکاری سەرەکیی هاوکارییە بۆ ئیسرائیل و ئۆکرانیا، ئایا درێژەکێشانی شەڕەکەی غەززە نابێتە هۆی کەمبوونەوەی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکرانیا و ئەمەش نابێتە هۆی ڕوودانی گۆڕان لە ڕەوتی ئەو شەڕەدا؟**

- ئەوە ڕاستە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێستادا پشتیوانی بۆ شەڕ دەستەبەر دەکات، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر دەستەبەرکردنی هاوکارییەکانی ئەمریکا (لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە) بۆ هاوپەیمانەکانی لە جیهاندا، لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین، دۆڕاوی سەرەکیی ئەم دۆخە ئۆکرانیایە، ئەویش لەبەر ئەوەی لە ئێستادا سەرنجی جیهان لەسەر شەڕی غەززەیە و کەمتر لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیایە، کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی سەرۆك ڤلادمیر پوتیندایە.

*** بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرقاڵە بە دوو شەڕەوە، یان با بڵێین بە دەستەبەرکردنی هاوکاری بۆ شەڕ، ئایا ئەمە دۆخێکی دروست نەکردووە کە لە قازانج و بەرژەوەندیی ڕووسیا و چین بێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە ڕاستە، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە قووڵی تێوەگلاوە لەم دوو شەڕەدا، ئەمەش ئەمریکا ناچار دەکات کە پتر سەرنج بخاتەسەر پێشهات و پەرەسەندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و کەمتر دەپەرژێتە سەر گرنگیدان بەوەی ڕووسیا و چین سەرقاڵی چین. هەروەها ڕووسیا و چین دەتوانن ئاماژە بە ئیزدواجییەتی ئەمریکا بکەن و بانگەشەی ئەوە بکەن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە ڕووی ئەخلاقییەوە یەك پێوەر و پێوانە پەیڕەو ناکەن، واتە هەموو ئەمانە خزمەت بە هەڵمەتی پروپاگەندەی ڕووسیا و چین دەکەن، کەواتە منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە ڕووسیا و چین لایەنی سوودمەندی سەرەکین لەوەی کە ئێستادا لە غەززە دەگوزەرێت.

**ئەگەر ترەمپ بگەڕێتەوە دەسەڵات ئەوا ئەگەری پێکدادانی سەربازی لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا زیاتر دەبێت**

**دۆڕاوی سەرەکیی ئەم دۆخە ئۆکرانیایە، ئەویش لەبەر ئەوەی لە ئێستادا سەرنجی جیهان لەسەر شەڕی غەززەیە و کەمتر لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیایە، کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی سەرۆک ڤلادمیر پوتیندایە**



## مافپەروەر نازەنین مەندەلاوی
سەرۆکی ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردی فەیلی بۆ گوڵان:

# جینۆسایدی کوردانی فەیلی بۆ لێدانی ئەو پێگە ستراتیژییەی نەتەوەی کورد بوو کە پاڵپشتی مەلا مستەفا بارزانی بوون

**بە ڕووخانی سەردەمی پاشایەتی و دامەزراندنی حکومەتی کۆماری عێراق، هیچ نەگۆڕدرا و، جگە لە بەردەوامبوونی دڕندەیی دژ بە کورد، هەڵمەتەکانی دەرکردن و دوورخستنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی گەلی کورد و کوشتنی بەکۆمەڵیشی هاتە سەر. کارەساتی جینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی، بەتایبەتی لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا گەیشتە سەر مەترسیی قڕکردن و لەناوچوون. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و لە چوارچێوەی زنجیرە دیدارەکانی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ کوردانی فەیلی، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نازەنین مەندەلاوی کرد، کە بۆ ماوەی دوو خول ئەندامی پەرلەمان بووە و سەرۆکی ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردی فەیلییە و بڕوانامەی لە یاسادا هەیە، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** لە مێژوودا زۆر جار کورد کۆمەڵکوژ کراوە و لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ڕووبەڕووی سڕینەوەی ناسنامەکەی بووەتەوە. بەوپێیەی شارەزاییت لە یاسادا هەیە و خاوەنی ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنیت بۆ ئافرەتانی کوردی فەیلی، سەرەتای پرسیار لەوەوە دەست پێ دەکەین، بۆچی کوردانی فەیلی کەوتوونەتە بەردەم ئەم شاڵاوی جینۆسایدە؟**

- جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە تاوان و کۆمەڵکوژی و قڕکردنەدا دێت، کە گەلی کوردستان لەسەر دەستی داگیرکەرانی تووشی بووە. ڕژێمەکانی عێراق بەردەوام و بەتایبەتیش ڕژێمی بەعس، خاوەنی عەقڵییەتێکی ڕەتکردنەوەی بەرانبەریان بوون و کوردیان وەکو هاووڵاتیی پلە دوو سەیر کردووە، کوردیش بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لە سەنگەری بەرگریکردندا بووە لە ڕووی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە. کاتێك کوردانی فەیلی پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانییان کرد لە شۆڕشی ئەیلوول و شەهید و قوربانیی زۆریان بەخشی و هاوکاری و کۆمەکی شۆڕشیان دەکرد، ئەمە بە دڵی نەیارانی کورد نەبوو. لە کاتی هاتنەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیێت، هەر لە بەندەری بەسراوە تاوەکو بەغدا کوردانی فەیلی پێشوازییان لێکرد. هەروەها لە کاتی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار و ڕێپێوانە گەورەکەی ناو جەرگەی بەغدا، کە بەشێکی زۆری کوردانی فەیلی تێیدا بەشدار بوون، ئەو دەمە ڕژێمی بەعس ترسێکی لە بوون و پێگە و مەکانەتی کوردانی فەیلی لە ناو جەرگەی بەغدا لا دروست بوو. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ کە بەعس خۆی ئامادە دەکرد بۆ شەڕی ئێران و لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەو پێیەی کوردانی فەیلی لە سەنگەری پێشەوەی بەرەی موقاوەمەی پارێزگاریکردن بوون لە دەستکەوتەکانی شۆڕش و لایەنی نەتەوەیی، بۆیە بەعس زۆر زاڵمانە و توندوتیژانە پەلامای دان و تاوانەکانی گەیاندە لووتکە. جینۆسایدی کوردانی فەیلی بۆ لێدانی ئەو پێگە ستراتیژییەی نەتەوەی کورد بوو کە پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانییان کردبوو، ئەم پاڵپشتیەش هەروا لەخۆڕا نەهاتبوو. مەلا مستەفا بارزانی کوردانی فەیلیی خۆش دەویست، چونکە دەیزانی بە درێژایی حوکمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، کوردانی فەیلی ڕووبەڕووی جیاکاریی تایفیی و نەتەوەیی بوونەتەوە و تووشی کوشتنی خەڵکی مەدەنیی بێتاوان و دەربەدەرکردن و ئاوارەکردنی زۆرەملێ و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵیان و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکانیان و بێبەشکردنیان لە ڕەگەزنامە و جیاکردنەوەی هاوسەرەکان بەزۆرەملێ و.. چەندین تاوانی دیکە بوونەوە. بەرزیی ئاستی ڕۆحی نەتەوەیی لای کوردانی فەیلی ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورەی لای پیاوانی ڕژێمی بەعس دروست کردبوو، بە ڕادەیەك لە میدیاکانیەوە ڕژێم بە ئاشکرا ڕێگەی بە دەرکردن و لەناوبردنی کوردانی فەیلی دەدا، بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی (الثورة) کە زمانحاڵی حزبی بەعس بوو، پڕوپاگەندەی بۆ دەرکردنی کوردانی فەیلی

**ڕژێمەکانی عێراق بەردەوام و بەتایبەتیش ڕژێمی بەعس، خاوەنی عەقڵییەتێکی ڕەتکردنەوەی بەرانبەریان بوون و کوردیان وەکو هاووڵاتیی پلە دوو سەیر کردووە**

**لە کاتی هاتنەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیێت، هەر لە بەندەری بەسراوە تاوەکو بەغدا کوردانی فەیلی پێشوازییان لێکرد**

**بەرزیی ئاستی ڕۆحی نەتەوەیی لای کوردانی فەیلی ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورەی لای پیاوانی ڕژێمی بەعس دروست کردبوو، بە ڕادەیەک لە میدیاکانیەوە ڕژێم بە ئاشکرا ڕێگەی بە دەرکردن و لەناوبردنی کوردانی فەیلی دەدا**

دەکرد، بە بیانووی ئەوەی ئەمانە عێراقی نین و بە ڕەچەڵەك ئێرانین.

*** باس لەوە دەکرێت کە کوردانی فەیلی پێگەیەکی بەهێزی بازرگانی و کاسبکارییان لە ناوجەرگەی بەغدا هەبوو، ئایا تاچەند توانرا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس قەرەبووی ماددەیی کوردانی فەیلی بکرێتەوە؟**

- کوردانی فەیلی جگە لەوەی ژمارەیان لە ناو جەرگەی بەغدا زۆر بوو، هاوکات بەشێکی هەرە زۆری بازرگان و پیشەوەر و کاسبکارەکان و فەرمانبەرانی پایتەختیان پێك دەهێنا، تا ڕادەیەك ئابووریی ناوچەی شۆرینجە بە دەستی کوردانی فەیلییەوە بوو. بەڵگەنامەکان دەریانخستووە کە کوردانی فەیلی بە هۆی باشیی باری داراییانەوە چەندە هاوکاریی ماددیی شۆڕشی ئەیلوولیان کردووە و لەو سەردەمەدا هاوکارییەکانیان بۆ ٢٠٠٠ دینار دەچوو، لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەڵگەنامە و زانیاریی گرنگ کەوتە دەستی حزبەکان، بەڵام بەداخەوە بەپێی پێویست مامەڵەیان لەگەڵ نەکرد، چونکە فەیلییەکان بە نەتەوە کوردن. ڕژێمی بەعس تەنانەت ناسنامەی بازرگانیکردنیان لە ژووری بازرگانی و پیشەسازیی عێراق لە کوردانی فەیلی سەندەوە، بەم شێوەیە لە سەردەمی ڕەشید عالی گەیلانییەوە تاوانەکە ڕووی لە هەڵکشان کرد، کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دیجلە لەسەر سنووری عێراق - ئێرانی گرتەوە، ئەو ناوچانەی کە قورسایی دیموگرافیای کوردی تێدا بوو، ئەوەی ڕەگەزنامەیان هەبوو تەرحیلی بەسرە و عەمارە و شارەکانی ناوەڕاستی عێراقیان دەکرد، ئەوەشی ڕەگەزنامەی نەبووایە بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان دەکردن، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە دەگمەن حزبی بەعس بەڵگەنامەکانی هێشتووەتەوە و زیاتر لە سەر زاری شایەتحاڵەکان و زیانلێکەوتووان باس لە زیندانیان و لە سێدارەدان و کوشتوبڕەکان و داگیرکردنی ماڵ و حاڵ و ئاوارەبوونیان کراوە. ڕۆڵی میدیای کوردی و عێراقی لە باسکردنی ئەم جینۆسایدەدا لاواز بووە و حزبە عێراقییەکانیش کەیسەکەیان تێکەڵ بە ئەجێندای سیاسی و حزبی کردووە. هەر سەبارەت بە پێگەی کوردانی فەیلی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە، کە دەوڵەمەند بووە بە سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی و ناوچەیەکی کشتوکاڵیی دەوڵەمەند بووە و، کوردانی فەیلی خاوەنی زەوی و کێڵگە و باخ و ڕەزی گەورە بوون، لەوێشەوە کۆچێکی دیکەی ناوخۆییان پێ کراوە بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و ناوچەکانیان ڕووبەڕووی شاڵاوی تەرحیل و تەعریب بووەتەوە. بەداخەوە ئەو سەردەم و قۆناغە یارمەتیدەری ڕژێمی بەعس بوو، بەوەی لە ململانێدا بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و خۆی بۆ جەنگ ئامادە دەکرد و ڕۆژئاواش پاڵپشتیی دەکرد.

*** بەو پێیەی سەرپەرشتیی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ئافرەتانی کوردی فەیلی دەکەیت، دەکرێت باسی ئەو زوڵم و چەوسانەوەیەشمان بۆ بکەیت کە ئافرەتانی کوردی فەیلی تووشی بوون؟**

- کوشتن و بێسەروشوێنکردنی هاوسەر و جەرگی ئافرەتانی کوردانی فەیلی ناتوانرێت گوزارشتی لێ بکرێت، ئەوەندە زامێکی قووڵە. داگیرکردنی ماڵ و حاڵیان و ئاوارەبوون و دەربەدەری ئەرکێکی زۆر قورسی خستەسەر شانیان بۆ بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵەکانیان، لە لایەکی دیکەوە زوڵمی دەستبردن بۆ پیرۆزیی خێزان و جیاکردنەوەی هاوسەرەکان، بەتایبەتی ئەوەی لە سلکی سەربازیدا بوو، ئەمە تاوانێکی گەورە بوو، من شووبراکەم لە سلکی سەربازیدا بوو، نەچووەتە ژێر ئەو بڕیارە و لە عێراق بە خۆی و خێزانییەوە دەرچوو.

*** لە ئاوارەبوون و دەرکردنیان بۆ ئێران کوردانی فەیلی ڕووبەڕووی ژیانێکی قورس بوونەوە، ئایا بارودۆخەکە لەوێ چۆن بوو؟**

- ئەو سەردەمەی جینۆسایدەکە دەرهەق بە کوردانی فەیلی ڕووی دا و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران، بارودۆخی ئێران لە ڕووی ئابووری و بژێوی ژیانەوە باش نەبوو، خێزانێکیش لە ناو ئەو ناز و خۆشییە و لەسەر زێدی باب و باپیرانیان دەرکرێت و دەست بەسەر ماڵ و پارە و کەلوپەلەکانیاندا بگیرێت، بێگومان لە بارودۆخێکی زۆر خراپی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەردەمە ئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندوو سەرپەرشتیی ئۆردوگاکانی دەکرد کە کوردانی دیکەش

**ڕۆژنامەی (الثورة) کە زمانحاڵی حزبی بەعس بوو، پڕوپاگەندەی بۆ دەرکردنی کوردانی فەیلی دەکرد، بە بیانووی ئەوەی ئەمانە عێراقی نین و بە ڕەچەڵەک ئێرانین**

**کوردانی فەیلی بە هۆی باشیی باری داراییانەوە چەندە هاوکاریی ماددیی شۆڕشی ئەیلوولیان کردووە و لەو سەردەمەدا هاوکارییەکانیان بۆ ٢٠٠٠ دینار دەچوو**

**لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەڵگەنامە و زانیاریی گرنگ کەوتە دەستی حزبەکان، بەڵام بەداخەوە بەپێی پێویست مامەڵەیان لەگەڵ نەکرد، چونکە فەیلییەکان بە نەتەوە کوردن**

**لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە دەگمەن حزبی بەعس بەڵگەنامەکانی هێشتووەتەوە و زیاتر لە سەر زاری شایەتحاڵەکان و زیانلێکەوتووان باس لە زیندانیان و لە سێدارەدان و کوشتوبڕەکان و داگیرکردنی ماڵ و حاڵ و ئاوارەبوونیان کراوە**



بەتایبەتی بارزانییەکان دەربەدەر کرابوون، هەربۆیە هەر زوو لە ناو ڕیزەکانی شۆڕشدا خۆیان ڕێك خستەوە و پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردەوە.

*** دواپرسیار ئەوەیە ئەم تاوانە گەورەیە بۆ نەکرا بە جینۆسایدێکی نێودەوڵەتی، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە کوردانی فەیلی قەرەبووی ماددەی و مەعنەوی بکرێنەوە؟ پێشنیارتان چییە بۆ ئەوەی ئەم کەیسە بەو شێوەیە پشتگوێ نەخرێت؟**

- لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانی عێراق و دادگای باڵای عێراق و حکومەتی عێراق بڕیاری زۆر باشیان بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان داوە و بە تاوانی کۆمەڵکوژی ناویان بردووە، بەڵام ئیرادەیەك بۆ جێبەجێکردنی نییە. هێشتا زۆر لە کوردانی فەیلی لە دەرەوەی عێراقن و بەڵگەنامە و وەرەقەیان لێ داوا دەکەن. ئێ باشە لە کوێ پەیدای بکەن، لە کاتێکدا هەرچی تاپۆ و بەڵگەنامە و ئەوراقی فەرمی هەیە، لێیان داگیر کراوە و تەنانەت لە بەڵگەنامەکانی ڕەگەزنامەدا وەکو تاوانبار هەژمار کراون؟ باشە نەتەوەیەك ڕوفاتی کوژراوەکانیان بێسەروشوێن بێت، ئیتر چۆن دەتوانن لە دامەزراوەکانی حکومەتدا بە دوای مافەکانیان بکەون؟ گرفتەکە ئەوەیە کە ئێستاش لە بەغدا هەر هەمان عەقڵییەتی دژایەتیکردنی کوردە، ئیتر چۆن مافی کوردانی فەیلی دەدرێتەوە؟

بە خۆشحاڵییەوە سەرۆك بارزانی پاڵپشتییەکی باشی کوردانی فەیلی دەکات و لەم کەیسەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە و لە کۆنفرانسی ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلیدا، کە بەسەرپەرشتیی سەرۆك مەسعود بارزانی لە هەولێر بەڕێوە چوو، تێیدا پێشنیاری باش کرا، بەتایبەتی دامەزراندنی سەنتەر و دامەزراوەیەك بۆ کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی، کێشەکە لەوەدایە ئەم بابەتە زیاتر لە بەغدا و عێراق دەکرێت و گۆڕەپانی بەغدا هەر لە دامەزراندن و کار و دەستکەوت و بەڕێوەچوونی کاروباری هاووڵاتیانەوە لەلایەن حزبەکانی عێراقەوە قۆرخ کراوە، خێزانە کوردەکانی فەیلییش لە ناو جەرگەی بەغدا پێویستیان بە دامەزراندنی گەنجەکانیان هەیە، کە بەداخەوە ئەمە قۆرخ کراوە بۆ حزبە عێراقییەکان، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ئەو دامەزراوەیە دروست بکرێت و کوردانی فەیلی ڕێگەیان پێ بدرێت، بگەڕێنەوە و لە کوردستان نیشتەجێ ببن و زەمینە بۆیان بڕەخسێت، کارێکی باشە، لەناو جەرگەی بەغدا پێویستە حزبە کوردستانییەکان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان گرنگیی زیاتر بە کوردانی فەیلی بدەن.

**بە خۆشحاڵییەوە سەرۆک بارزانی پاڵپشتییەکی باشی کوردانی فەیلی دەکات و لەم کەیسەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە**



پرۆفیسۆر دکتۆر ئومێد نەجمەدین جەمیل موفتی بۆ گوڵان:

# بەدیعولزەمان نەورەسی سیاسەتی لەگەڵ شەیتان هاوتا کردووە

**گەلی کورد لەو کاتەوە بووە بە موسڵمان پابەندی بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بووە و بەو پەڕی دڵسۆزییەوە خزمەتی ئیسلامی کردووە، ئیتر پێویست ناکات حزب و گرووپ و تاقمێك بێن و تازە بە تازە فێری ئیسلاممان بکەن و ڕێز و خۆشەویستی بۆ خاك و نەتەوە و نیشتمان نەهێڵن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر ئومێد نەجمەدین جەمیل موفتی پسپۆڕ لە (فقهی ئیسلامی و ئوسووڵ) لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەدین سازدا.**

*** دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش ببێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنە تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- لە ڕاستیدا ئیسلام وشەیەکی فراوانە لە بەکارهێناندا، لە بابەتە فکری و بیروباوەڕییەکان کە «ئەسڵی دین»ی پێ دەگوترێت و بابەتە کردەییەکان کە «فەرعی دین»ی پێ دەگوترێت و بابەتە ناسکییە ڕۆحییەکان کە ناونراوە بە ئیحسان، لە فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ)، لە هەندێك سەرچاوەش بە زانستی تەزکییە و سلووك، یان بە تەسەوف ناونراوە، ئەو سێ تەوەرە بریتییە لە ئیسلام (ئەسڵ و بنەماکانی دین، فەرع و بابەتە کردەییەکانی ئایین و بابەتە ڕۆحییەکانی دین) کە عیبادەت لە هەر سێ تەوەرەکان دەکرێت، هەروەکو چۆن لە بەرانبەرەکەشیدا تاوان هەیە لە هەر سێ تەوەرەکەدا، واتە عیبادەت و تاوانیش بۆ هەر سێ بەشەکە فراوانە، بەڵام کە دێینە سەر سیاسەت، ئەوە لە بنەچەدا بەگەڕخستنی ژیری و فکر بە هاوکاریی چەندین هاوکاریی دەرەکی وەك ئەزموون و زانینی کەسانی دیکە و نەریتەکان و تاڵی و خۆشییەکانی خود و کۆمەڵگە و دەوروبەر و..هتد، بە مەبەستی ئیدارە و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنە، کە بۆ کارێکی دیاریکراو بێت، یان بۆ کۆمەڵگە بێت، یان بۆ وڵاتێك، یان بۆ چەند وڵاتێك بێت، بەم پێیەش سیاسەت لە فەزایەکی فراواندا کار دەکات. بۆیە هەر کردەوە، یان بیرێك، یان ڕەنگبێژی و یاسایەك مەودای کارکردنی فراوان بێت، ئەوە دەبێت تۆکمە بکرێت، ئەگینا ئەو هەموو فراوانییە شیرازەی تێك دەدات و تووشی هەڵخلیسکان و هەڵەی زۆری دەکات. بە کورتی سیاسەت کاتێك بریتی دەبێت لە سەروکاریکردن و ڕێکخستن بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە کار و فەرمان کە لە مەودایەکی فراواندا کار دەکات و دەیەوێت وڵات و کۆمەڵگە بگەیەنێتە کەناری ئارامی، دەبێت لەسەر کۆمەڵێك دەستووری تۆکمە کار بکات، ئەگینا دەخزێت و پێی ناکرێت. هەر بۆیە زۆرێك لە زانایانی ئیسلام کە پرسیاریان لێ کراوە سیاسەت بناسێنن، ئەوە ئەو شێوەیەی پیادە کراوە، لە بەرچاویان بووە لەو کاتەدا، بۆیە هێرشیان کردووەتە سەری پەنایان بەخوا لێ گرتووە، لەوانە زانای ناوداری کورد (بدیع الزمان سعید النورسي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت، گوتوویەتی «اعوذ بالله من الشیطان و السیاسة»، واتە سیاسەتی هاوتا کردووە لەگەڵ شەیتان، کە دوژمنی مرۆڤەکانە بەپێی بیروبۆچوونەکانی ئایینی ئاسمانی، هەروەها مەلای گەورەی کۆیە لە کتێبی (الکلام الجدید) نەفرەتی لە سیاسەت کردووە و بە ژەهری کوشندە بۆ گیانی ڕێز و غیرەت و بەهابەرزەکان پێناسەی دەکات و دەڵێت: «سیاسەت نە خۆشەویستی و نە ڕێز و نە وەفای تێدایە، بەڵکو بریتییە لە خیانەت و دووڕوویی و ڕەق و ناخ ڕەشی و...هتد»، کە زەمی سیاسەت دەکات، بۆیە بە هەر شێوەیەك سیاسەت ئاوا بێت، ئەوە دین ناتوانێت دەستی هاوڕێیەتی بۆ درێژ بکات، تاوەکو ببێتە هاوڕێ و هاوکاری. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر

**مەلای گەورەی کۆیە لە کتێبی (الکلام الجدید) نەفرەتی لە سیاسەت کردووە و بە ژەهری کوشندە بۆ گیانی ڕێز و غیرەت و بەهابەرزەکان پێناسەی دەکات**

**ئەگەر سیاسەت بریتی بێت لە لابردنی کەسانی دیکە لەسەر کورسیی دەسەڵات و خودپەسەندی و فەرزکردنی خود و بە کەم سەیرکردن و بە کەم گرتنی خەڵک، ئەو سیاسەتەش ناتوانێت بەرگی ئایینی بە بەردا بکەین**

**خودی پێغەمبەر (د.خ) لەو کاتەی پاشاکانی بانگ کردووە بۆ ئیسلامبوون، تەماحی لە کورسی و دەسەڵاتیان نەبووە و پەیمانی ئەوەی پێداون کورسیی دەسەڵات هەر بۆ خۆیان بێت**

**ئەو کەسانە و سیاسەت دەبینین کە ئیسلام بۆ خۆیان بەکاردەهێن، نەک خۆیان بکەنە قوربانی بۆ ئیسلام، ئەو هەڵەیەیە کە هیچی لێ سەوز نەبووە و نابێت**

**دەوڵەتی کوردی لە مێژە وەک گوتراوە لە جیهانی عیلم و قەڵەمدا ئاڵای هەڵکراوە و ئاواتەخوازین نوخشەش بێت لە دەوڵەتەکە لەسەر خاک و جوگرافیای**

سیاسەت بریتی بێت لە لابردنی کەسانی دیکە لەسەر کورسیی دەسەڵات و خودپەسەندی و فەرزکردنی خود و بە کەم سەیرکردن و بە کەم گرتنی خەڵك، ئەو سیاسەتەش ناتوانێت بەرگی ئایینی بە بەردا بکەین. کاتێك دەڵێین ئیسلام و سیاسەت، یان ئایین و سیاسەت، دەبێت ئەو دوو چەمکەمان لە بەرچاو بێت. من باوەڕم وایە تەنانەت پێغەمبەری ئیسلامیش (د.خ) لە ژیانیدا لەم دوو چەمکەدا چەمکی دووەمی مەبەست بووە و هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئەوە بوو،ە شەریعەت و دینی خودا جێبەجێ بکرێت، هەندێ کار و شت هەبووە لای پێغەمبەر (د.خ) ئاسایی بووە کە قورەیش بیکەن، بەپێی ئەو توانا و هێز و ژمارەیەی کەسەکانیان کە هەیانبووە لەو کاتەدا، هەروەها خودی پێغەمبەر (د.خ) لەو کاتەی پاشاکانی بانگ کردووە بۆ ئیسلامبوون، تەماحی لە کورسی و دەسەڵاتیان نەبووە و پەیمانی ئەوەی پێداون کورسیی دەسەڵات هەر بۆ خۆیان بێت، واتە چەمکی دووەمی لا مەبەست بووە کە جێبەجێکردنی شەریعەتە. هەر بۆیە کاتێك بیر و هزرێك دێتە ناومان و چەمکی یەکەم کە کورسیی دەسەڵاتە تۆخ دەکاتەوە و ملی لەسەر دەپەڕێنێ و هەزار ئەمسەر و ئەو سەری بۆ دەکات، بەڵام چەمکی دووەم بکاتە لاوەکی و شتی دونیایی خۆی و کۆمەڵەکەی زاڵ بکات بەسەر دونیای خەڵکدا ئەمە ناڕەوایە.

سیفەتی ڕاستەکان لەگەڵ خودا ئەوەیە کە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت «إذا رؤوا ذكر الله»، نەك ئێمە ئەو کەسانە ببینین و خودامان بیر بێتەوە و بەوەی بزانین کە خوداناسن. ئەگەرچی کە ئەو کەسانە دەبینین، ئەوە دونیا و کێشمەکێشی دونیامان بیر دێتەوە و ئەو کەسانە و سیاسەت دەبینین کە ئیسلام بۆ خۆیان بەکاردەهێن، نەك خۆیان بکەنە قوربانی بۆ ئیسلام، ئەو هەڵەیەیە کە هیچی لێ سەوز نەبووە و نابێت و، بە ناچاری لە کۆتایی سیناریۆکەدا دەبێت بڵێین: بەڵی بۆ بانگەواز و عیبادەت، نەخێر بۆ سیاسەت.

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات، پیرۆزییەکانی نەتەوە بێبەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین، لەو مەدەرەسانەدا کە حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمان چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- بابەتی دابڕان و دروستکردنی لێکترازان و دوورخستنەوەی چین و توێژەکان لە یەك زەماندا، یان لە دوو زەمانی جیاوازدا بێت، چەك و خەنجەرێکی ژەهراوییە بەکار دێت بۆ تەفروتوناکردنی بیر و نەهێشتنی هێز و پێز، بۆ دینیش ئەو چەکە ژەهراوی و کوشندەیە زۆر ڕاستە، کورد شانازییە ژیارییەکەی بریتییە لە قەڵەم و عەقڵە گەورەکانی، دەوڵەتی کوردی لە مێژە وەك گوتراوە لە جیهانی عیلم و قەڵەمدا ئاڵای هەڵکراوە و ئاواتەخوازین نوخشەش بێت لە دەوڵەتەکە لەسەر خاك و جوگرافیای، بێگومان نالی و ئەحمەدی خانی و مەحوی و مەولەوی و پیرەمێرد و حاجی قادری کۆیە و سەدانی دیکە لەو کەڵەپیاو و ناودارانەی کورد شانازییان پێوە دەکات و بگرە میللەتانی دەوروبەریش سوودیان لەو عەقڵە گەورانەی کورد وەرگرتووە. هەر بۆیە کاتێك بیرێکی نامۆ دێت و دەیەوێت ڕەنجبەخەساری و دابڕان بکات بە بەشی کورد، ئەوە بێگومان بە هەر بەرگێك بێت ئێمە بە دوژمنی دەزانین. تەنیا بیر و هزری قبووڵکراو بریتییە لەوەی بۆ خاك و لە نێو ئەو خاکە دەر بێت و بزانێت قسە و گوفتاری ڕووی لە کێیە. هەر بۆیە هیچ کاتێك بابەتی (تصدير الثورة) جێگەی خۆی قایم ناکات و، پیرۆزییەکانی نەتەوە ناکرێت وەلابنرێن و نابێت بە چەکی (هەڵە) یان (ڕاست) قسەی ڕووی گوفتار بکەین. پێویستە هەر چییەك دێت ئاستی گونجانی لێك بدەینەوە و ناکرێت جلوبەرگی کەسێکی جەمسەری باکوور بکەینە بەرگی ئەفریقییەکی لە گەرما هەڵپڕووکاو و ناوی لێ بنێین دینداری، هەروەها هیچ کات ئیسلام نەهاتووە ڕابردوو بە هیچ ناوزەند بکات، بۆیە هەر هەڵسوکەوتێك لەگەڵ خەڵك لەسەر بنەمای ئەوەی مەغزاکەی بریتی بێت بە (سڕینەوەی) ڕابردوو (بە باش و خراپەوە)،

ئەوە هەڵسوکەوتێکی ناژیریی و نائایینییە. پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) فەرموویەتی: (انما بعثت لاتمم مكارم الاخلاق) و ئەمەی کردووەتە بنەمای کارکردنی و، لە فەرموودەیەکی دیکە دەفەرموێت: (انما انا اللبنة) واتە من خشتی کۆتاییم لە بنیادی ئەو کۆشکەی کە پێغەمبەران بنیادیان ناوە. ئەمەی کردووەتە دروشم و لۆگۆ بۆ خۆی و ئیسلام، بۆ بنیادنانی کۆشکی مرۆڤایەتی، لە لایەکی دیکەوە خەڵك فیترەتی خاوێنە و کۆمەڵێك کاری زۆری پەسندی هەیە و هەڵسوکەوت و عەقڵ و ئەخلاق نیعمەتێکە خودای بەخشندە داویەتی بە هەموو مرۆڤێك، بەڵام کەم و زیادی هەیە، ئایین بۆیە هاتووە ئەوانە زیاد بکات و هاوکار بێت بۆ زیادکردنیان، نەك بڵێت نییە و دەبێت تەنیا من دروستی بکەم. ڕێزنەگرتنی عەقڵ کە بەخشیشێکی خوداییە و وەکو هەوا و ئاو خودا بەخشیوەتی بە مرۆڤ (بە بێ ڕەچاوکردنی ئیمان و بابەتە ئیمانییەکان)، بۆیە ناکرێت هەر خۆمان بە دارای عەقڵ بزانین لەبەر ئەوەی ئێمە ئیمانداریـن. هەرگیز ئیسلام وەها کار ناکات و ئەم جۆرە کارە و چەمکەکانی خودپەسندی و خۆزاڵکردن و باڵادەستیی تاکی تیادایە، ئیسلام لە دەرەوەی ئەو بازنەیەدایە، با دروشم و لۆگۆ و ناو و ڕەنگ و بۆیاخەکەشی بەکاربهێنرێت.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت لە فیکری ئیخوان موسلمین و ئیسلامی ئوسوولیدا. ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگەدا، تاچەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- ئێمە باوەڕمان وایە، بیری توندڕەوی تەنیا لە بازنەی ئایینەوە کاری نەکردووە و کار ناکات، بەڵکو ئایین یەکێکە لەوانەی زۆر جار هاوار دەکات (بە زمانی حاڵی) لە دەست ئەوانەی توندڕەوی بەناوی ئایینەوە دەکەن، خودایەك کە(حەلیم) و (ڕەئووف) و (حەکیم)ـە، هەرگیز ئەوەی لێ نەبینراوە بۆ خودی خۆی ئەو تۆڵەکردنەوە و توندوتیژییە بۆ خۆی بکاتە سوننەت و یاسا و دەستوورێك، ئەگینا ئایین بۆ ئاسوودەیی عەقڵ پاشان کردەوە و لە کۆتاییدا بۆ دڵ هاتووە و زۆر تازەکەرەوەی گەورەی دین لە مێژووی ئیسلامدا هاتوون، ئەو سێ ئاسوودەییەیان بەیەکەوە گرێ داوە و، کردوویانەتە لۆگۆی موسڵمانی ساخڵەم و ڕاست، هەر ئەوەش بریتییە لە ئیسلام و ئایینی ڕاست .

*** خاڵێکی دیکەی مەترسیدار لە فیکری ئیسلامی سیاسیدا پرسی دووبارە تەفسیرکردنەوەی (فتوا)دانە، لە ئیسلامدا دەبێت حکومەت، یان ئەمیرولموئمنین فتوا بدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەڵێت هەر کەسێك دەتوانێت فەتوا بدات و خەڵك بکوژێت، ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە لەکۆمەڵگەدا نییە؟**

- فتوا، خۆی لە خۆیدا بریتییە لە دەرهێنانی (پەسندی) یان (ناپەسندی)ـی کارێك، یان کردەوەیەك، یان وتەیەك لەلایەن ئایین و لە تەرازووی خودا و پێغەمبەری (د.خ)، ئەم کارەش لە دیندا بەڵگەی پێویستە و، زانستێك دامەزراوە بۆ زانینی ئەوی چی بەڵگەیە و پاشان چۆن لەو بەڵگەیە تێبگەین و ڕێگەکانی تێگەیشتن لە بەڵگە چییە، پاشان کێ شیاوە لە بەڵگە تێبگات، ئەو زانستەش بریتییە لە زانستی ئوسووڵی فەقهی، واتە زانستی ئوسووڵی فەقهی هاتووە بەڵگەمان پێ بناسێنێت، کە چی بەڵگەیە و چۆن هەڵسوکەوت بکەین لەگەڵ بەڵگە، بۆ ئەوەی لێی تێبگەین و کێ شیاوە لە بەڵگە تێبگات. فتوا دەبێت هەر سێ پایەیەکەی ئەو زانستە ڕەچاو بکات، ئەو تێگەیشتنە لە بەڵگەکان کێ پێی هەستاوە کە پێی دەڵێن (موفتی)، بۆیە ئێمەی ئیسلام ناتوانین فتوا وەربگرین تەنیا لە (موفتی) نەبێت و موفتییش دەبێت مەرجی یەکەم و دووەمی ئاگا لێبێت، کە بزانێت چی بەڵگەیە و تێگەیشتنی بەڵگەکەشی بە مەنهەجێکی دروست کردبێت و بزانێت مەنهەجەکەی چییە، بەڵام تەنیا فتوا هەبێت بێ ڕەچاوکردنی هیچ پایەیەك لەو سێ پایەیە، ئەوە ئەوەیە کە ئێمە و ئێوە و ئەهلی ئیسلام دەیبینن و ئیسلامی ڕاست ناڵەیەتی لە دەست ئاژاوە و پشێوی و، کەمترین دەستکەوتی ئەو جۆرە فتوایانە کە ئێمە و هەموو لایەکمان لە ئەهلی ئیسلام بە دەستیەوە دەناڵێنین.

**کاتێک بیرێکی نامۆ دێت و دەیەوێت ڕەنجبەخەساری و دابڕان بکات بە بەشی کورد، ئەوە بێگومان بە هەر بەرگێک بێت ئێمە بە دوژمنی دەزانین**

**ناکرێت جلوبەرگی کەسێکی جەمسەری باکوور بکەینە بەرگی ئەفریقییەکی لە گەرما هەڵپرووکاو و ناوی لێ بنێین دینداری**

**هەڵسوکەوتێک لەگەڵ خەڵک لەسەر بنەمای ئەوەی مەغزاکەی بریتی بێت بە (سڕینەوەی ڕابردوو (بە باش و خراپەوە)، ئەوە هەڵسوکەوتێکی ناژیری و نائایینییە**

# دیپلۆماسیی کەشوهەوا و دیپلۆماسیی هاوتەریبی سەوز

چەمکی دیپلۆماسیی کەشوهەوا لەو کاتەوە هاتەئاراوە، کە زانرا گۆڕانی کەشوهەوا دۆزێکی جیهانی و گرفتێکی گەورەی نێودەوڵەتییە و پەیوەندیی بە زۆر بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی و دەرەکییەوە هەیە، بە جۆرێك کە پێویستی بە کاری دیپلۆماسی هەیە لە گشت ئاستەکاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی.


تەنانەت پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی پاریس لە ساڵی ٢٠١٥ و، واژۆکردنی وڵاتانیش لەسەری، بەڵگەی ئەوە بوو، کە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ساڵانی نەوەدەکان بەرهەمدار و کاریگەر بوون بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا.

دیپلۆماسیی کەشوهەوا گشت جۆرەکانی کاری دیپلۆماسی لەخۆ دەگرێت، لەبارەی گۆڕانی کەشوهەوا و، لە بەکارهێنانی گشت کەناڵ و ڕێکارە دیپلۆماسییەکانی وەك دانوستاندن و پەیماننامە و ڕێککەوتننامە ژینگەییەکان بۆ چارەسەرکردنی گۆڕانی کەشوهەوای جیهان و، کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، ڕۆڵی ڕێڕەوی دووەمی دیپلۆماسی و دیپلۆماسیی هاوتەریبی سەوز لە بواری گۆڕانی کەشوهەوادا بە ئاشکرا دەرکەوتووە، بەتایبەت پاش ئەوەی دەرکەوت کە حکومەتە ناوەندییەکان ڕۆڵیان زیاتر کارایە لە بواری پەیوەندیی فەرمی و دیپلۆماسیی سیاسیدا، بۆیە هەرێمەکان لە ئێستادا لە ڕێگەی (دیپلۆماسیی هاوتەریبی سەوز) دەستکراوەتر و چالاکتر بوون لەبواری گۆڕانی کەشوهەوادا، بە بەشداربوون لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا، لەم بوارەشدا چەندین ڕێککەوتننامەی ژینگەیی لەگەڵ هەرێمە هاوتاکانیان لە وڵاتانی دیکەی جیهاندا واژۆ دەکەن.

ڕۆڵی دیپلۆماسیی هاوتەریبی سەوز لە ئێستادا لە هەرێمە ناسراوەکانی وەك (فلاندەرز و والۆنیا)ی بەلجیکا و (کەتەلۆنیا)ی ئیسپانیا و (کیوبیك)ی کەنەدا و لە هەرێمی کوردستانیش بە ڕوونی دیارە لە بواری چالاکییە دەرەکییەکان و ڕاکێشانی وەبەرهێنان و، پێکهێنانی تۆڕی پەیوەندیی لەگەڵ یەکدیدا، هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی چەمکێکدا جێگەیان کراوەتەوە، کە بە چەمکی «ڕێڕەوی دووەمی دیپلۆماسی» ناسراوە.

لە باری ئاساییدا دیپلۆماتکارانی دەوڵەتان پەیڕەوی (ڕێڕەوی یەکەمی دیپلۆماسی) دەکەن لە بواری پەیوەندییە سیاسییەکاندا، بەڵام هەرێمەکان و ڕێکخراوەکان و زانکۆکان و دامەزراوە زانستی و کەلتوورییەکان پەیڕەوی (ڕێڕەوی دووەمی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

دیپلۆماسی) دەکەن، دوور لە کۆت و بەندی فەرمی، ئەوەش بە ئامانجی ڕێگەخۆشکردن بۆ هاوکاری و کاری هاوبەش و بەهێزکردنی پەیوەندی و بنیادنانی متمانە و باشترکردنی لەیەکگەیشتن و لەیەکدی نزیککردنەوەی بیروبۆچوونەکانە لە ڕێگەی وۆرکشۆپ و کۆڕ و کۆبوونەوەی لاوەکی و نافەرمی، بەبێ ئەوەی ئەم هەنگاوانە ببنە جێگرەوەی دیپلۆماسییەتی فەرمیی نێوان دەوڵەتان.

بەڵام هەندێك جارو لە هەندێك کات و شوێندا، حکومەتەکان ناتوانن بچنە نێو دانوستانەوە لەبەر هەستیاریی بارودۆخێك، یان لەبەر بوونی بارگرژییەکی نێوان وڵاتان، یان بە هۆی ڕووداوێکی مێژوویی نێوانیانەوە، ئەو کات پەیڕەوکردنی (ڕێڕەوی دووەمی دیپلۆماسی) زیاتر پێویست دەبێت. پێویستە ئەوەش بزانرێت کە سەرکەوتنی پەیڕەوکردنی (ڕێڕەوی دووەمی دیپلۆماسی) پێویستی بە چەند هەنگاوێك هەیە، وەك:

یەکەم: فراوانکردنی بنکەی کارپێکردن و زۆرکردنی گرووپەکانی.

دووەم: سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیا و هۆکارەکانی نوێی گەیاندن و پەیوەندییەکان.

سێیەم: وەبەرهێنانی زیاتر و ئاشناکردن بە ڕێڕەوی دووەمی دیپلۆماسی لە پەروەردە و خوێندنی باڵادا.

چوارەم: سوودوەرگرتن لە زانیاری و ئەزموونی وڵاتان لەم بوارەدا.

لە هەمان کاتیشدا هەندێك ڕێگر هەن لە بەردەم باش پەیڕەوکردنی ڕێڕەوی دووەمی دیپلۆماسیدا، وەك:

یەکەم: ترس لە خراپ ئەنجامدانی و بەلاڕێدابردنی ئەنجامەکانی.

دووەم: کەمیی، یان لاوازیی دەرامەتە مرۆیی و داراییەکان بۆ ئەنجامدان و گەشەپێدانی.

سێیەم: گومانکردن لە سوود و بەرهەمەکانی لەلایەن بەشێك لە سیاسەتمەدارانەوە.

شێوازێکی دیکەی پەیوەندی هەیە، کە دەتوانرێت لە بواری دانوستانەکانی گۆڕانی کەشوهەوادا سوودی لێوەربگیرێت، ئەویش «ڕێڕەوی دیپلۆماسیی (١,٥) یەك و نیو»ـە، واتە کۆبوونەوە و دانوستانەکە لە نێوان لایەنێکی فەرمیی حکوومی و لایەنێك، یان چەند لایەنێکی نافەرمیی لای حکومەتێکی دیکە کە لەم ساڵانەی دواییدا و لە بواری گۆڕانی کەشوهەوادا زۆر پێویستی بە پەیڕەوکردنیان بووە و دەبێت لەپێناو چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و خێراترکردنی کارە لۆکاڵییەکان و، بەهێزترکردنی پەیوەندییەکان بە ئاراستەی هۆشیارکردنەوە لەبارەی قەیرانی گۆڕانی کەشوهەواوە.

### لە ساڵیادی دامەزراندنی (ی.ق.ک) و (ی.ل.د.ک)

# ڕۆڵی قوتابیان و لاوان لە پاراستنی نیشتمان بەرز دەنرخێندرێت

هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ١٨ی شوباتی ساڵی١٩٥٣ دامەزراون، هەر لەگەڵ دامەزراندنیشیان، بوونە بەشێکی گرینگ لە خەباتی پیشەیی و جەماوەریی ئەو قۆناغەی کوردستان و تاوەکو ئێستاش لەگەڵ ڕەوت و سەردەمە جیاوازەکان خۆیان گونجاندووە. یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کورستان، دوو ناوەندی گرینگ و کاریگەرن بۆ پێگەیاندنی سەدان کادری پێشکەوتوو لە هەموو بوارەکاندا و دوو قوتابخانەن بۆ دروستکردنی دەیان سەرکردەی کوردستان و بە درێژایی مێژووی تەمەنی ئەم دوو ڕێکخراوە، ئەوەیان سەلماندووە کە دیدگایان زۆر ڕۆشن بووە بۆ پێگەیاندن و هەمیشە لە پێگەیاندنی نەوەی ڕۆشنبیر و خاوەن مەعریفەدا پێشەنگ بوون، بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە، بە بێ جیاوازیی ڕەگەزی، تاکی کارامە و بەتوانا پێبگەیەنن. هەر بۆ نموونە لەیلا قاسم یەکەم ئافرەتی کورد بوو کە لە ساڵی ١٩٧٤ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەسەر بیروبۆچوونە ڕەواکانی لە سێدارە درا، ئەو خانمە شۆڕشگێڕە لە قوتابخانەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان فێری خەبات و تێکۆشان بوو. لە ساڵیادی دامەزراندنی ئەم دوو ڕێکخراوە دەپرسین: ئایا گرینگیدان بە ڕۆڵی گەنج و لاوی کورد لە دۆخی ئێستای کوردستان تا چەند پێویستە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



مەیسەر نهێلی:

**کاری سەرکردە ڕاستەقینەکانی ئێمە لە دەستپێکی بزاڤیان و ماندووبوونی خەباتیان بۆ پاراستنی ئەم وڵاتە دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ بووە**



شنیا هۆشیار:

**قوتابیان سامانێکی گرینگی نیشتمانیی وەهان بۆ هەرێمی کوردستان، کە دەتوانرێت ئامادە بکرێن وەک بونیادنانی ئایندەی گەشتر بۆ کوردستان**

مەیسەر نهێلی، سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ساڵیادی ١٨ی شوبات و ٧١ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان، سەرەتا پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم لاوانی کوردستان دەکات و سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان دادەنوێنێت و دواتر دەڵێت: «بە بۆنەی حەفتاو یەکەمین ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لەژێر دروشمی «من خاوەنی ئەم نیشتیمانەم» لە زاخۆ تا خانەقین چالاکیمان ڕاگەیاندووە، کە بریتین لە چالاکیی ڕۆشنبیری و وەرزشی و هونەری، چارەسەرییەکانی کێشە و گرفتەکانی لاوان، هاوکات لە بوارە جیاجیاکاندا لە سەرتاسەری کوردستان سیمینار و کۆنفرانس ڕێکدەخەین. بێگومان ڕۆڵی گەنج لەو قۆناغە ڕۆڵێکی هەرە گرینگە کە چۆن لە ڕابردوو بەرگری لەگەڵ و نیشتمان کردووە، ئەوڕۆش بە ڕێبەرایەتیی سەرۆک بارزانی لاوانی دیموکراتی کوردستان ئەمساڵ دەبێت بە هەمان بەرنامە و لەسەر هەمان پرەنسیپ ئامادە بین بۆ پاراستنی ئەم نیشتمانە و لەم قۆناغە گرینگتر لەوە نییە کە بەرگری لە خاك و نیشتمان و ئاڵامان بکەین. جەنابی سەرۆك بارزانی بەردەوام حیسابی لەسەر ئیرادەی لاوانی کورستان کردووە، لە وتارێکیش جەنابیان فەرموویانە ((ئەوانەی کە خەون دەبینن زەرەر بە هەرێمی کوردستان بگەیەنن. دەبێت بزانن هەرێمی کوردستان بە خوێنی هەزاران ڕۆڵەی ئەم وڵاتە دروست بووە و دیسان منداڵەکانی ئەو شەهیدانە ئەم وڵاتە دەپارێزن))، ئێمەش وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوامین و تاوەکو لەسەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانی بەردەوام بین لە خەبات و خزمەتکردن سڵ ناکەینەوە. بۆ پاراستنی نیشتمانیش ڕۆڵمان ئەوەیە کە دەبێت پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کورستان بین. چاکسازی و ئاوەدانی ئەرکی ئێمەیە و دەبێت بەردەوام بین لە خزمەتکردن و ماندووبوون و پاراستنی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی و دۆزی ڕەوای وڵاتەکەمان».

سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لاوانی گەلی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلول و گوڵانی پێشکەوتنخواز، دوای سەرهەڵدان و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی دژی داعش ڕۆڵیان هەبووە، هەم لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا هەمیش لە دروستکردنی ئەم وڵاتەدا لە ناوەندی خوێندن و ئەکادیمیا و ئابووری و هەموو بوارەکانی دی»، گوتیشی: «کاری سەرکردە ڕاستەقینەکانی ئێمە لە دەستپێکی بزاڤیان و ماندووبوونی خەباتیان بۆ پاراستنی ئەم وڵاتە دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ بووە. بارزانیی باوك لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بوو، بە هانای مەملەکەتی شێخ مەحموودی حەفید چوو. سەرۆك بارزانی تەمەنی ١٦ ساڵان بوو، دەستی دایە چەك بۆ ئەوەی بەرگری لە وڵاتە بکات. ئەمڕۆ لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی دی و بە فۆڕمێکی دیکە پێویستە لاوانی کوردستان خزمەتی گەل و نیشتمان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین کە چۆن ئێمە شانازی بە باب و باپیران و سەرۆك و سەرکردەکانی خۆمان دەکەین نەوەکانی داهاتووش شانازی بە ئێمەوە بکەن».

شنیا هۆشیار کارگێڕی لقی هەڵەبجەی (ی،ق،ك) سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «توێژی قوتابیان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بایەخی خۆی هەیە و بە گرینگییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بێگومان بۆ هەرێمی کوردستانیش بایەخی ئەم توێژە زۆرتر و گرینگترە، بەو پێیەی قوتابیانی ئێستا دەبنە کەسایەتییە گرینگەکانی داهاتووی وڵات، بۆیە هەتا لاوان بەتواناتر و لێهاتووتر بن، ئەوا داهاتوویەکی بەهێزتر دروست دەبێت. قوتابیان بەو پێیەی بەشێکی زۆریان دەکەونە تەمەنی لاوێتییەوە کە قۆناغێکی پڕ وزە و واتایە بۆیە بەوە جیادەکرێنەوە کە خاوەنی دونیابینیی نوێن و خواستی تازەگەریان هەیە و توێژێکن هەمیشە زۆر زوو کاریگەر دەبن بە گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان و کارلێکیان لەگەڵ دەکەن. هەر بۆیە بیرۆکەی داهێنەرانە لای قوتابیان چڕۆدەکات و دەبێتە پرۆژە و زۆرجاریش پرۆژەی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، قوتابیان و لاوان میکانیزمێکی گرینگی پارێزگاریکردن لە کەلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی ونیشتمانین، چونکە ئەوانن کە بەها نیشتمانییەکانیان تیادا دەچێنرێت لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە.

قوتابیان سامانێکی گرینگی نیشتمانیی وەهان بۆ هەرێمی کوردستان، کە دەتوانرێت ئامادە بکرێن وەك بونیادنانی ئایندەی گەشتر بۆ کوردستان، بە جۆرێك کە پسپۆڕییە جیاوازە زانستییەکان فەراهەم بکەن لە داهاتوودا و بەوەش دەبنە کادری پیشەیی بۆ خزمەتکردن لە بواری پسپۆڕیی خۆیان و پەرەپێدانی ژێرخانی کەرتە جیاوازەکانی نیشتمان».

شنیا هۆشیار ئەوەشی دووپات کردەوە کە قوتابیان بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن لە ئێستا و داهاتوودا، پێویستە گرینگی و بایەخی خۆیان بزانن و هۆشیارییان هەبێت بەرانبەر بە ماف و ئەرکەکانی خۆیان، بێگومان ئەمەیش بەوە دێتەدی کە قوتابیان لە ڕێکخراوە پیشەییەکاندا خۆیان ڕێکبخەن و

ڕێکخراوەکان بکەنە چەتری بەرگریکردن لە ماف و تواناکانیان بۆ ئەوەی توانا هاوشێوەکان و هیوا لەیەکچووەکان بە باشترین شێوە ئاراستە بکرێن لەپێناو نەخشاندنی داهاتوویەکی گەش بۆ نیشتمان و تێپەڕاندنی ئالنگارییەکان، کە بێگومان یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئێستا بەوپەڕی توانایەوە بەم ئەرکە هەڵدەستێ و خۆی وەك سایەی کۆکەرەوەی جیاوازییەکان خستووەتە خزمەتی گشت قوتابییانەوە بەبێ جیاوازیی بیر وئایدیۆلۆژیا، تەنیا ئەوەندە بەسە ستراتیژیی نیشتمانپەروەری و خزمەتی نەتەوەیی ئامانج بێت».

نێچیرڤان کەلاری سکرتێری یەکێتی قوتابییانی کوردستان، سەرەتا بەمجۆرە ساڵیادی ١٨ـی شوبات پیرۆز دەکات: «لە یادی ١٨ـی شوبات، ٧١ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی هەر دوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی کادیر و ئەندامانی هەر دوو ڕێکخراو و سەرجەم قوتابیان و لاوانی کوردستان دەکەم». هاوکات دەڵێت: «گەنجان لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، ئەو سەرمایە مرۆییەن، کە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی پرۆسەی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگەکانن، لە سەرجەم کایە و بوارە جیاوازەکاندا. گەنج، کە بە حەماسەت و حەز و خولیای لە بن نەهاتوو بۆ فێربوون و هەوڵدان و بزێوی و توانای خۆپێگەیاندن و پشت بەخۆبەستن و داهێنان و ڕۆحییەتی هاوکاری دەناسرێتەوە، هەمیشە ئەو کارەکتەرە بووە، کە گۆڕانکاری دروست کردووە».

گوتیشی: «ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی دوور و نزیك بدەینەوە، دەبینین گەنج و لاوی کورد، چەند لەخۆبردووانە و خۆنەویستانە لە پێناو ئامانجەکانی گەلەکەیدا تێکۆشاوە و خۆی کردووەتە قوربانی، ئەمە جگە لەوەی کە هاوتەریب لەگەڵ خەبات و تێکۆشاندا، بەردەوام بووە لە خۆپێگەیاندن بۆ ئەوەی هەموو توانا هزرییەکانیشی بخاتە خزمەت کوردستان. ئێستا و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە دەیبینێت و، پێشهات و ڕووداوەکانی نێودەوڵەتی و هەرێمی و کاریگەرییەکانیان لەسەر کوردستان، گەنجانی کوردستان بە کارکردن لەسەر پەرەپێدان بە توانا و بەهرەکانیان و زیاتر ئاشنا بوون بە زانستی سەردەم و پێشڤەچوونە زانستییەکان لە بوارەکانی زانستی و مرۆییدا و هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن و تەنانەت داهێنان و دەستپێشخەری و نوێگەری لە بواری تەکنەلۆژیادا، هەوڵ دەدەن هەم پێداویستییەکانی بازاڕی کار لە کوردستان پڕبکەنەوە، هەمیش وەکو سەرچاوەیەکی مرۆیی و سەرمایەیەکی بەهادار لە ڕێی تەکنەلۆژیا و پڕۆژەکانیانەوە، کاریگەرانە ڕۆڵ بگێڕن لە بەهێزکردنی ئابووریی کوردستان و پتەوکردنی ژێرخان و بەرەوپێشبردنی توانستی تاك لە کۆمەڵگەدا.

هەر لەو سۆنگەیەوە، لە ئێستادا پێویستە بایەخ و گرینگی زیاتر بە گەنجان بدرێت و لە ڕێی پڕۆژە و پلانی ستراتیژی و ڕیفۆرم لە بواری پەروەردە و خوێندن، کار لەسەر بەتواناکردنی گەنجان بکرێت. لەم چوارچێوەیەدا، ئەرکی دامەزراوەکانی دەوڵەت، حزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕاگەیاندن و تاکەکانیشە، کە خزمەتکردنی قوتابی و گەنج بکرێت بە چەقی کار و پڕۆژەکانیان.

لە کۆتاییدا، بەڵێن بە قوتابیان و لاوانی کوردستان دەدەین، کە بەردەوام بین لە خزمەتکردنیان و کارکردن بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاو بۆ دەرخستن و بەرەوپێشبردنی توانا و بەهرەکانیان».

زەینەب ڕزگار حەسیب، کارگێڕی لقی کەرکووکی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)، ١٨ی شوبات بە «ڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی دایك» لە قەڵەم دەدات و دوای پیرۆزبایی لە سەرجەم قوتابیان و لاوان و گەنجانی کوردستان دەڵێت: « هەریەك لە ڕێکخراوەکانی یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوان هەمیشە پێشەنگی کوردایەتی و خەبات و تێکۆشان بوون و نەوە دوای نەوە جەختیان لەو ڕێچکەیە کردووەتەوە و هەمیشە لە خزمەتی قوتابیان و لاوانی کوردستانمان بوون، بۆ پێگەیاندنی تاکێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو لە پێناو بەرەوپێشچوونی سەرجەم ئۆرگانەکانی وڵاتمان. ئەو یەکێتییەی کە ڕێڕەوی پێگەیاندنی سەدان کەسایەتیی سیاسی و حکوومی کە لە ڕابردوو و ئێستادا پێگەی باڵای سیاسی و حکوومی بەڕێوە دەبەن و لە ئۆرگانەکانی حکومەتدا بوونەتە نموونەی کەسانی سەرکەوتوو و حوکمڕانییەکی پاك و بێخەوش پەیڕەو دەکەن و لە داهاتووشدا بەردەوامی دەدرێت بە دروستکردن و پێگەیاندنی تاکی سەرکەوتوو». گوتیشی: «هەروەك ئاشکرایە کوردستانی گەورە لە ژێر ململانێی دەستی دەرەکی و سیاسەتی ناڕێکی وڵاتانی دیکەدایە و لە ئێستادا گەنجانی کورد زیاتر لە هەموو کات پێویستە ڕۆڵی خۆیان ببینن هەر لە دەستپێکیان بۆ ڕێگریکردن و نەهێشتنی هەر فکر و عەقڵیەتێکی شۆڤێنی و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئارامی و ئاسای و یەکگرتوویی کوردستان و دەستبردن بۆ قووتی میللەت، لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشدا گەنجان هەمیشە پێگەی بڵندیان هەبووە لە سەرخستنی کوردستان و لە داهاتووشدا هەر گەنج و لاوی کوردن دەبنە سەرمەشق و نەخشەی وڵات بڵند دەکەنەوە و دەوڵەتی کوردی ڕادەگەیەنن».



نێچیرڤان کەلاری:

**پێویستە بایەخ و گرنگی زیاتر بە گەنجان بدرێت و لە ڕێی پرۆژە و پلانی ستراتیژی و ریفۆرم لە بواری پەروەردە و خوێندن، کار لەسەر بەتواناکردنی گەنجان بکرێت**



زەینەب ڕزگار حەسیب:

**گەنجان هەمیشە پێگەی بڵندیان هەبووە لە سەرخستنی کوردستان و لە داهاتووشدا هەر گەنج و لاوی کوردن دەبنە سەرمەشق و نەخشەی وڵات بڵند دەکەنەوە و دەوڵەتی کوردی ڕادەگەیەنن**

دییە فازڵ:

# هەوڵ دەدەم کارەکەم گەورەتر بکەم و هەلی کاری زیاتر بۆ خانمان بڕەخسێنم

**بە هەوڵی خۆم و پشتگیریی هاوڕێکەم هەنگاوی یەکەمم هەڵگرت و وتم دەبێت خۆم ببمە خاوەن کار و کاری سەربەخۆی خۆم بکەم**

دییە فازڵ، خانمە گەنجێکی دەستڕەنگینی شاری سلێمانییە و خاوەن بڕوانامەیە و ماوەیەکە تێکەڵ بە بازاڕی کار بووە. لەو بارەیەوە دەڵێت: «من دەرچووی کۆلێژی بازرگانی، بەشی زانستی دارایی و بانك/ لە زانکۆی سلێمانیم، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە تەخەروجم کردووە و هیچ هەلی کارێك نەبووە. لە سەرەتادا کاری خۆبەخشیم زۆر کردووە، تا وای لێهات ماوەیەك لەگەڵ هاوڕێیەکم دەستم کرد بە کار بە هەوڵی خۆم و پشتگیریی هاوڕێکەم هەنگاوی یەکەمم هەڵگرت و وتم دەبێت خۆم ببمە خاوەن کار و کاری سەربەخۆی خۆم بکەم، بیرم کردەوە کە ئیشێك بکەم ببێتە مایەی دڵخۆشیی خەڵك، دواجار ئەم کارەم هەڵبژارد، ماوەی دوو ساڵە دەستم بەم کارە کردووە و بە شێوازی ئۆنلاین لە ئیستادا لە ماڵەکەی خۆماندا کار دەکەین و لە ڕێگەی مەسجەوە یان پەیوەندی ئاگادار دەکرێینەوە، لە ماوەیەکی دیاریکراودا بۆیان ئامادە دەکەین و بە زووترین کات بۆیان دەنێرین».

ئەو خاتوونە کاری ڕازاندنەوە و دیزاینکردنی وردەکاری و جوانکارییە بۆ ئاهەنگ و بۆنەکان، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «کارکردنی سەرەکیی ئێمە ڕازاندنەوەی نەستەلەیە بۆ بۆنەکان، کار لەسەر دابەشکردنی لە بۆنە و ئاهەنگەکان، ئیتر بە هەر دیزاین و شێواز و ڕەنگ و ڕازاندنەوەیەك کڕیارەکانم بیانەوێت، واتا لەسەر خواستی کەسەکان کارەکانیان



**دییە فازڵ، خانمە گەنجێکی دەسترەنگین و دەرچووی کۆلێژی بازرگانی، بەشی زانستی دارایی و بانك/ لە زانکۆی سلێمانییە و خاتوونێکی بەسەلیقەیە و ماوەی چەند ساڵێکە خوێندنی تەواو کردووە. بەڵام دەرفەتی دامەزراندنی لە هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بۆ نەڕەخساوە. وەك خۆی باسی دەکات، ماوەی دوو ساڵە بە پاڵپشتیی هاوڕێکەی کاری ڕازاندنەوە و دیزاینکردنی وردەکاریی ئاهەنگ و بۆنەکان دەکات. ئەو خاتوونە بەمجۆرە باسی ژیانی خۆی و تێکەڵبوون بە بازاڕ بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بۆ ئەنجام دەدەین، بۆنەکانیش زیاتر بریتین لە بەیبی شاوەر، مارەبڕین، خەنەبەندان، خوێندنەوەی مەولوود، ئاهەنگی دەرچوون، بابەتەکانی حەج و عومرە و دیاری بۆ کەسانی تایبەت».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا لە سەرەتای کارکردنت کێ بوون ئەوانەی هاندەر و پاڵپشتت بوون؟ گوتی: «سەرەتای هەموو کارێك قورسە و بە زەحمەتی زۆردا تێدەپەڕیت و هەرگیز یەکسەر ناگەیتە سەر قازانج، بەڵکو لە سەرەتادا تەنیا کار لەسەر ئەوە دەکەیت، کە متمانەی خەڵك بە دەست بهێنیت و جێگەی خۆت بکەیتەوە لە دڵی خەڵکدا تا ئەو متمانەیەت پێ ببەخشن و خۆشیی ئەو ڕۆژەیان بەو کارە وردانەی بۆیان دەکەین، پێمان بسپێرن. لە سەرەتادا هاوڕێکەم زریان و هەروەها خوشکەکەم و هاوسەرەکەم زۆر پاڵپشت و هەمیشە یارمەتیدەرم بوون، ئێستاش لەگەڵ هاوسەرەکەم کارەکان بە یەکەوە ئەنجام دەدەین، لە کاتی بۆنەکانیشدا هاوکاری دیکەمان لەگەڵدایە و بەوەش دەرفەتی کار بۆ کەسانی دیکەش دەڕەخسێنین».

لە بارەی پڕۆژەی داهاتووشی گوتی: « پڕۆژە و خەونی من بۆ داهاتوو وەك خاوەن کارێك ئەوەیە کە کارەکەم گەورەتر بکەم و هەلی کاری زیاتر بڕەخسێنم بۆ هەموو ئەو خانمانەی کە دەیانەوێت لەماڵەوە کار بکەن، حەزیش دەکەم کارەکەمان لە وردەکارییەوە گەورەتر بێت و دەست بکەین بە ڕازاندنەوەی تەواوی بۆنە و ئاهەنگەکان واتە کار لەسەر دیکۆریش بکەین».

**سەرەتای هەموو کارێک قورسە و بە زەحمەتی زۆردا تێدەپەڕیت و هەرگیز یەکسەر ناگەیتە سەر قازانج**



# کلیپی (بی گاه)

## بە ئاوازدانان و ژەنیاریی فەرنوود ئیلهامی و بە دەنگی ئەبولفەزل دێهقان بڵاو کرایەوە

کلیپی بی گاه (بێکات) بە ئاوازدانانی مۆسیقا و ژەنیاریی موزیکزانی کورد فەرنوود ئیلهامی و بە دەنگبێژیی ئەبولفەزل دێهقان بڵاو کرایەوە.

موزیکزانی کرماشانی فەرنوود ئیلهامی ئاوازدانەر و ژەنیاری تەنبوور، لە نوێترین بەرهەمی مۆسیقایی خۆیدا، لەسەر بنەمای شیعرێکی حەزرەتی مەولانا، پارچە مۆسیقا و گۆرانی بی گاهی خولقاندووە کە بە دەنگی ئەبولفەزل دێهقان و بە هاوڕێیەتی ئەندامانی تیپی مۆسیقای ساجنار بە شێوەی کلیپێك بڵاو کراوەتەوە و، ئێستا بۆ هۆگرانی هونەر و ئاشقانی مۆسیقا لە سەرتاسەری وڵاتدا بەردەستە.

کلیپی بیگاه پارچە شیعرێکی سێ بەشییە لە دیوان (شەمس)دا، کە هەڵبژاردە و بەشێك لەم شیعرانە لەم بەرهەمەدا گرد و کۆ کراونەتەوە.

بەشی سەرەتای هەرسێ غەزەلەکە بەم بڕگەیە دەست پێدەکات: بێکات بوو، دوای ماوەیەکی کەم، بێکات بوو، خۆرەتاو چووە ناو چاڵ و بیرەکەوە. هەندێك لە شرۆڤەکاران، پێیان وایە کە مەبەست و مانای خۆرەتاو لەم سێ پارچە شیعرەدا، شەمس تەبریزییە کە دەکوژرێت و تەرمەکەی فڕێ دەدەنە ناو بیرێکەوە.

ئەو هونەرمەندانەی کە لە خولقاندن و دروستکردنی کلیپی بی گاهدا بەشدارییان کردووە، بریتین لە (ئاوازدانەر و سەرپەرشتیاری گرووپ فەرنوود ئیلهامی، گۆرانیبێژ ئەبولفەزل دێهقان، دابەشکردنی هێڵی باس میسباح قەمسەری، گرووپی مۆسیقای ساجنار ژەنیارەکانی تەنبوور فەرنوود ئیلهامی، ماهان سەیفی، حوسێن فرووزان، نادر ئەمیری، موجتەبا مەحموودی، جەلال موختاری و بیهراد غەیاسی، گیتاری بەیس میسباح قەمسەری، ئامێرە زەربی و دەهۆڵییەکان ڕەسووڵ بێهداد، دەستەی کۆڕ مریەم ئیبراهیمپوور و میلاد عەباسی، دەرهێنەر مەهیار مێهرنووش، یاریدەدەری دەرهێنەر شەقایق هادیپوور، بەڕێوەبەری شانۆ ئەرغەوان ئەیاز، بەڕێوەبەری فیلمهەڵگری شایان شەمسایی، وێنەگر مەهدی فەلاحەتی، مۆنتاژی فیلم پووریا شاە ئیبراهیمی، وێنەگری فۆتۆگرافەر ئەردەوان ئەیاز، بەڕێوەبەری بەرهەم حوسێن فرووزان، بەڕێوەبەری تەداروکات ئاوا نیکو سوخەن، دیزاینەری پۆستەر سارە فالیزی. تۆمارکردنی ستۆدیۆ، میکس، تێکەڵکردن و ماستەرکردنی دەنگەکان: میسباح قەمسەری، وەرگێڕانی بۆ زمانی ئینگلیزی مەهدی حەیدەری، وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی بوشرا کەسنەزانی.





# پێشانگای نەوار ٦٢خانمە شێوەکاری کۆ کردەوە

**کاروان کاوە**


پێشانگای نەوار، کە پرۆژەیەکی هونەریی هاوبەشی ساڵانەیە، شێوەکاران لەم پێشانگایەدا زمانی ڕەنگ و ستاتیکی و بیرۆکە و تەکنیك لە نێو تابلۆ ڕەنگاوڕەنگەکانیاندا دەبیننەوە.


بۆ ئەمساڵیش ئەو چالاکییە هونەرییە بووە میوانی هەولێر و گەلەری جیهانیان هەڵبژارد، کە تێیدا ٦٢ خانمە شێوەکار بەشدارییان لە پێشانگای نەواردا کرد و ١٢٠ بەرهەمی هونەرییان پێشکەش کرد.

تابلۆکانی نێو پێشانگاکە سیرامیکی و کۆلاج و ئاوی و زەیتی بوون و، شێوەکاران لەم پێشانگایەدا هەوڵیان داوە داهێنان و سەلیقەی جوانی خۆیان بە نەخشاندنی تابلۆ ڕەنگینەکان بخەنە ڕوو. جگە لەم پێشانگایەش سەمایەکی ڕۆحیی مەولانەیی پێشکەش بە ئامادەبووان کرا، لەم بارەشەوە ئەندازیار بورهان سابیر سەرۆکی دەزگای ڕۆشنبیری زانکۆکانی جیهان ڕایگەیاند: «کۆبوونەوەی ٦٢ هونەرمەندی شێوەکار لە گشت پێکهاتەکانی عێراقدا، جەختکردنەوەیە لە پێکەوەژیانی نەتەوەکان و سوودوەرگرتن لە هونەرەکەیان، بەتایبەت ئەو تابلۆ و کارە دەستی و سیرامیکییانەی کە گوزارشت لە ئایینە جیاوازەکان دەکەن و، بەشێکیش لە تابلۆکانی نەوار گێڕانەوەی مێژوویەکن لەم وڵاتە و نیشاندانی ڕوخساری جوانی سرووشتەکەیەتی»، هەروەها گوتیشی: «لە دەزگای ڕۆشنبیریی زانکۆکانی جیهان گەیشتووینەتە ڕێککەوتنێك لە ساڵانی ئایندەدا چەند پرۆژەیەکی دیکەی هونەریی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندانی عێراقی وەدەرەوەش ئەنجام بدەین».












## دەز دەنیز بۆ گوڵان:

# ئێستا کۆمەڵگەی کوردی بۆ هونەرە جیهانی و هاوچەرخەکان کراوەیە

**ستـرانبێژ و شـێوەکار(دەز دەنیـز) خەڵکـی شـارۆچکەی میدیادێـی سـەر بـە شـاری مێردینـی باکوری کوردستانە، ماوەیەکـی زۆرە لـە وڵاتـی ئەڵمانیا دەژیـت، لـە ساڵی ٢٠٠٧ یەکـەم بەرهەمـی خۆی بـڵاو کردۆتـەوە و تـا ئێستا خـاوەن چەندیـن گۆرانـی و ئەلبوومـە، سـەرەڕای گۆرانـی گوتـن شێوەکار و دەیـان تابلـۆی جوان و ڕەنگینـی نەخشـاندووە و لـە بـواری سینەماش شارەزایی هەیـە. جگـە لـە زمانـی کـوردی بـە زمانەکانـی ئینگلیـزی و ئەڵمانیـش گۆرانـی وتـووە، لـە دیمانەیەکـدا بـەم شـێوەیە وەڵامـی پرسـیارەکانی گۆڤـاری گوڵانـی دایـەوە.**



*** ماوەیەکـی زۆرە لـە بـواری ڕاپدا کار دەکەیـت، سـەرەتای دەسـتپێکردنت تـا چەنـد ئاستەنگی بـۆ درووست کردیت، چونکە ئەو کات ڕاپ تا ڕادەیەك نامـۆ بـوو لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا؟**

- کاتێـك دەسـتم بـە ڕاپـی کـوردی کـرد، مـن وەك ئافرەت و ڕاپ بێژ تەنیا بـووم، پێشتر لـەو شـوێنەی لێی دەژیام بەشداریم لە کۆنسێرتێکدا کردبوو، سەرەتا ئامادەبـووان بـە لایانـەوە موزیکـی ڕاپـی کـوردی ئاسـایی نەبـوو و کاردانەوەیـان نەبـوو، بـەڵام دوای ئـەوەی چەند گۆرانییەکـی نیشتمانپەروەریم پێشکەش کرد، ئیتر پێشوازییان لێی کرد و کاردانەوەیەکی زۆر باشیان لەگەڵی هەبوو، هەوڵ مدا هەستی نەتەوەیی و جۆش و خرۆشـی خۆم لـە ڕێگـەی ئـەم موزیکـەوە بـە جەمـاوەر ڕابگەیەنـم، کەسـانی بـە سـاڵاچوو و ئەوانەی لـە سیاسـەتەوە نزیکـن پرسیاریان دەکرد ئایا موزیکـی دیسـکۆ دەبێتـە موزیکـی ڕاپەریـن؟، زۆر سوپاسـی جەماوەرەکـەم دەکـەم کـە ئێسـتا خۆشـحاڵم، پێویسـتە ئـەوەش بڵێـم کـە ڕاپ و هیـپ هـۆپ بـۆ کوردانـی ئەورووپا نامـۆ نەبـوو و کاتێـك بینییـان کـە ناوەڕۆکـی کارەکانـم کـوردی و نەتەوەییـن زیاتـر دڵیـان خـۆش بـوو، مـن بوومـە هـۆکاری ئـەوەی کـە بـە دەیـان لاوی کـورد نزیکتـر ببنـەوە لـە موزیکـی ڕاپ و بـوون بـە ڕاپـەری کـورد، ئێسـتا بـە دەیـان گەنجـی کورد کاری زۆر جوان پێشکەش دەکەن و بە ملیۆنان بینەریـان هەیـە.


*** ئێستا تێڕوانینی کۆمەڵگەی کـوردی چۆنە بۆ ئەم هونەرە و بۆ خۆت وەك دەز دەنیز؟**


- مـاوەی ٢٠ سـاڵە مـن لـە بـواری موزیکـدا کار دەکـەم، ئەگـەر لـە سـاڵی ٢٠٠٤ـەوە بڕوانیـن تـا ئەمـڕۆ، میللەتـی کـورد بـەرەو کرانـەوە هەنگاو دەنێت، هونەرمەنـدی ئافـرەت لـە زیادبوونـدان، ئێمـە کۆمەڵگەیەکیـن بـەرەو نوێخـوازی کراوەیـی هەنـگاو دەنێیـن، ئینتەرنێت زۆر شـتی بـۆ ژیانـی ئێمـە زیـاد کـردووە، بـە جۆرێـك ئێمـە دەتوانیـن بـە ئاسـانی بگەیـن بـە ڤیدیـۆ و بەرهەمـی هەمـوو هونەرمەندانـی کـورد لـە هـەر شـوێنێك بـن، کەواتـە هونەرمەندانـی کـورد هەنـگاو بـە هەنـگاو لـە نێـو هونەرمەندانـی جیهانـدا شـوێنی خۆیـان دەکەنـەوە، ئەمـەش مایـەی خۆشـحاڵییە.


*** ئایا تۆ و هونەرمەندانی هاوشێوە کە لە بواری ڕاپدا کار دەکەن، کاریگەرییان لەسەر لاوانی کوردی تاراوگە هەبووە بۆ نزیکبوونەوە لەو جۆرە هونەرە؟**


- کوردانی ئەورووپا هەمیشە نزیکی یەکتر بوون، لە گشت شارەکاندا دامودەزگای کوردی و ئەکادیمیای هونـەری کـوردی هەیـە، لـەم دامودەزگایانـە تەنیـا باسـی سیاسـەت ناکرێـت، بەڵکـو کۆرسـی موزیـك،









فۆلکلۆر و زمانی کوردیش پێشکەش دەکرێن، بە خۆشحاڵییەوە من لە یەکێك لەو ئەکادیمیانە کە هونەرمەندی کوردی تێدا بوو وانەی موزیکم خوێند و شارەزای دەیان بەرهەمی فۆلکلۆریی کوردی بووم، ئەو کاتەی من بە ئەکادیمی هونەری کوردیم دەخوێند سەردەمی هونەری ڕاپ بوو، بۆیە زۆر زەحمەت بوو، کۆمەڵگەی کوردی وەك پێویست ئاشنای ئەم جۆرە موزیکە نەبوو، بەڵام هەوڵ هەبوو کە ئەم شێوازە بە هونەری ڕەسەنی کوردییەوە گرێ بدرێت و بەردەوام بم، خۆشترین ساتەکانی ژیان و گەنجێتیم لەگەڵ دەستپێکردنی کاری هونەری بەرێ کرد تا ئێستاش ئەو ڕۆژانە بە زیندوویی لە هزری مندا ماونەتەوە، پێویستە کوردانی دەرەوە هەوڵ بدەن زمان و کەلتووری ڕەسەنی خۆیان بپارێزن.

*** وەك گۆرانیبێژێکی ڕاپ، لەگەڵ گۆرانی و بەرهەمی فۆلکلۆری کوردیدا نێوانت چۆنە؟**

- من حەز لە فۆلکلۆر و دەنگی هونەرمەندانی ڕەسەنی کورد هەموو پارچەکان دەکەم بەبێ جیاوازی، لە بەرهەمەکانی داهاتووشمدا کاری فۆلکلۆری هەیە و بڕیارم داوە جگە لە گۆرانیی ڕاپ بەرهەمی فۆلکلۆریش پێشکەش بکەم. زمانی دایك ناسنامەی مرۆڤە، ئامانجی یەکەمی من لە گوتنی ڕاپی کوردی ئەوە بووە کە خۆم فێری زمانی کوردی ببم و گەنجانی کوردیش حەز لە زمانی خۆیان بکەن، بەتایبەتی گەنجەکان کە بە تەواوی شارەزای زمانی دایك نەبوون، ئامانجی دووەمم ئەوەیە کە لە ڕێگەی (ڕاپ) کە موزیکێکی جیهانییە، زمان و کلتووری کوردی بە خەڵکی بیانی بناسێنم.

*** لە بواری تابلۆ و شێوەکاریشدا کاری هونەریت هەبووە، گۆرانی یان شێوەکاری، کامیان لە تۆوە نزیکن؟**

- هەر لە منداڵییەوە ئارەزووم لە گۆرانی و موزیك و وێنەکێشان بووە، بەڵام زیاتر حەزم دەکرد ببم بە گۆرانیبێژ، چونکە ماوەیەکی زۆرە من تێکستی گۆرانی دەنووسم، بۆیە گۆرانیگوتن لە پێشەوەی ئارەزووەکانم بووە، ژیانی گەنجێتیم ڕووداوگەلێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، لە ڕێگەی گۆرانیگوتن و سازکردنی کۆنسێرتەوە زۆر وڵات گەڕاوم و بە هەزاران کەسم ناسیوە، لە سەردەمی کەرەنتین و بڵاوبوونەوەی کۆڤیددا ئێمە بە تەنیا لە ماڵەکانی خۆمان ماینەوە و بێزار بووین، ئەو کات زۆر گونجاو بوو بۆ وێنەکێشان، بەڵام بە دیتنی ڕەنگ و کارکردن لەسەریان تا ڕادەیەك بێ ئومێد بووم، هەرچەندە دوو بواری جیاوازن، بەڵام لەبەر ئەوەی حەز لە هەردوو بوارەکە دەکەم ناتوانم دەستبەرداری هیچیان ببم، لەبەر ئەوەی هونەر بەردەوام لە پێشکەوتندایە من لە هەردوو بواردا خەریکی ئەنجامدانی کاری نوێم.

*** هیپ هۆپ و ڕاپ بۆ تۆ چ جیاوازییەکیان هەیە لەگەڵ گۆرانی ئاساییدا؟**

- موزیکی ڕاپ لە هونەری هیپ هۆپەوە هاتووە، بەڵام گۆانیبێژ دەتوانێت بێ ناوبڕ بیڵێت، بۆ گوتنی ڕیتمێکی موزیك ٣-٥ خولەك یان زیاتری پێویستە، ئەمەش کاتێکی زۆرە، لەم ڕووەوە ئەگەر بۆ ڕووداوێك بگوترێت کاتی زۆری پێویستە تا ئامادە بکرێت، بۆ ئامادە کردنی تێکستەکە پێویستە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زۆر بکەم و موزیکی گونجاوی بۆ بدۆزمەوە، لە ڕاپدا پێشتر موزیك ئامادە دەکرێت دواتر کۆمپۆزیسیۆن، بۆیە دۆزینەوەی موزیکی باش زۆر ئەستەمە.

*** جگە لە گۆرانی و وێنەکێشان، پێموایە لە بواری سینەماشدا خوێندۆتە، دەکرێت ئەوەمان بۆ باس بکەیت؟**

- ماوەیەك لە بواری سینەمادا خوێندم و چەند کۆرسێکم وەرگرت، بەڵام لەبەر سەرقاڵی و کاری ستۆدیۆ سەردانی هیچ شوێنێکم نەکرد بۆ کاری سینەمایی، زۆر حەز لە سینەما دەکەم و هیوادارم لە کورتەفیلمێکی کوردیدا بەشدار بم و ڕۆڵم هەبێت.

*** دوایین کاری هونەریت چییە؟**

- بەم دواییانە کاری کلیپێکم تەواو کردووە، لە ئێستادا هەوڵ دەدەم چەند گۆرانییەکی نوێ ئامادە بکەم، لە هەمان کاتدا کار دەکەم ژمارەیەك کۆنسێرت ساز بکەم.

# ئەڤین:
# ئافرەتی کورد دەتوانێت داهێنانی زیاتر لە هونەردا بکات



ئەڤین شا لە باکووری کوردستان لەدایکبووە و ئێستا لە ئەمریکا نیشتەجێیە، لە تەمەنێکی زوودا دەستی بە کاری هونەری کردووە و تا ئێستا چەندین بەرهەمی هونەریی هەیە.

لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری گوڵان باسی لە گرنگیی پاراستنی فۆلکلۆری کوردی کرد و، لەم بارەوە دەڵێت: «هەمیشە کۆمەڵگەی کوردی لە بواری ئابووری و هونەری و کلتووریدا تووشی هێرشی دوژمنکارانە بووەتەوە، بە جۆرێك کە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەسەر ئاستی جیهان هونەر و کلتووری خۆی بناسێنێت، لەبەر ئەوە بەشێکی زۆری کلتوور و هونەری کوردی ون بووە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی فۆلکلۆری کوردی لە نێو کۆمەڵگەدا بەرەبەرە ون ببێت و گەل و نەتەوەکانی دیکە سوودیان زیاتر لێی بینیوە، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین فۆلکلۆری کوردی مەترسیی لەسەرە، فۆلکلۆر، زمان کلتوور و ژیانیش پێکەوە گرێ دراوە، بەڵام مایەی خۆشحاڵییە ئێستا کەسانێك لە بواری فۆلکلۆری کوردیدا کار دەکەن بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی فۆلکلۆر وەك موزیکژەن، گۆرانیبێژ»، ئەڤین هەروەها باسی لە بوونی ئافرەت لە نێو هونەری کوردیدا کرد و گوتی: «بەداخەوە سەرەڕای ئەوەی پێشکەوتنی زۆر هاتووەتە ئاراوە، سەرەڕای ئەوەی ناتوانێت بە شێوەیەکی سەربەست کارەکانی پێشکەش بکات و ئاستەنگی زۆری بۆ درووست دەکرێت، بەڵام ئەگەر ڕێگەکانی بەردەمی بکرێنەوە و بواری بۆ بڕەخسێت، ئافرەتی کورد دەتوانێت داهێنانی زیاتر بکات، کاتێك ئافرەت سەرکەوتوو بێت دەتوانێت منداڵەکانی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو پەروەردە بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی باوك، برا، هاوسەر و هاوڕێکانی شانازیی پێوە دەکەن، کاتێك ئافرەتێکی هونەرمەندی سەرکەوتوو دەبینم، شانازیی پێوە دەکەم و بڕوای زیاترم بە خۆم دەبێت، ئەگەر ئافرەتانمان بە شێوەیەکی ئازاد گۆرانییەکانیان پێشکەش بکەن و هونەری خۆیان پێش بخەن، بۆ من جیهان خۆشتر دەبێت.»

### فاتمە کەیفەدین:

# هاوڕێیەتی ئەسپ چێژێکی تایبەتی هەیە



فاتیمە کیژێکی ڕۆح سووك و زرنگ و چالاك و ڕۆشنبیر و خوێنەرێکی زۆر باشە، وەکو یەکەم کچە کەرکووکی، یەکەم سوارچاکە و دامەزرێنەری یەکەمین یانەی ئەسپسوارییە لە شارەکەدا. مەبەستمان بوو لە نزیکەوە بە خولیاکەی ئاشنا بین، لە دیمانەیەکدا بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

دیمانە: عەبدولستار جەباری

*** فاتمە کەیفەدین کێیە؟**

- ناوم فاتیمە کەیفەدینە، تەمەنم ٢٦ ساڵە و لە کەرکووك لە دایك بووم و هەر لەو شارەشدا دەژیم.

*** لە کەیەوە خولیای ئەسپسواری بوویت، چۆن بیرت لەو وەرزشە کردەوە؟**

- پێم وایە کەسانێکی یەکجار زۆر خولیا و حەزی ئەسپسوارییان هەبێت، ئەسپ گیاندارێکی یەکجار کۆمەڵایەتییە و هاورێیەتیکردنی چێژێکی زۆر جیاوازت پێ دەبەخشێت، جگە لەوەی گیاندارێکی زۆر جوان و دڵرفێنە، بۆیە منیش وەك هەموو ئەو کەسانە لە تەمەنێکی زۆر منداڵییەوە ئەسپم خۆش ویستووە، ئەو خۆشەویستییەش گەشەی کرد تا بە ئەمرۆ گەیشت، هەڵبەت وەك وەرزش ساڵانێکی کەمە دەستم پێ کردووە، وابزو ساڵێك زیاترە ئەم یانەیەم داناوە.

*** تا چەند بۆ فێربوونی ئەسپسواری راهێنەر گرنگە؟**

- بە دڵنیاییەوە زۆر گرنگە بە چاودێریی ڕاهێنەرێك خۆت فێری ئەسپسواری بکەیت، چونکە وەرزشێکی ئاسان نییە، بچووکترین جووڵە یان بچووکترین کاردانەوەی ئەسپ ئەگەری هەیە زیانێکی جەستەیی و تەندروستیت پێ بگەیەنێت، جگە لەوەش ڕەنگە جووڵەیەکی ئاسایی ئەسپەکە ترست بۆ دروست بکات بەهۆی نەناسین و کەمیی زانیاریت لەسەری، بۆیە من هەمیشە بە گرنگی دەزانم کە هەرکەس دەستی کرد بەم وەرزشە هەرەمەکی دەست پێ نەکات، باشترە یانەی باش و ئەسپی هێمن و ڕاهێنەری لێهاتوو هەڵبژێرێت.

*** کێ هاندەر و پاڵپشتت بوو؟**

- خۆم پێش هەموو کەس هاندەر و پاڵپشتی خۆم بووم، لەبەر ئەوەی هەر کات هەر خولیا و ئارەزوویەکم هەبێت بە دوایدا دەچم و تەنیا لە چوارچێوەی حەزدا جێی ناهێڵم، بەڵام دەبێت بیرشم نەچێ ئاماژە بە ناوی هاورێیەکەم (شۆرش) و براکەم (ئەحمەد) بکەم، کە ئێستا پێکەوە یانەیەکی ئەسپسواریمان دامەزراندووە.

*** ئەو ئاستەنگانە چین کە دێنە ڕێگەت وەك ئافرەت؟**

- هەڵبەت ئافرەت هەموو شتێکی بە قورستر دێتە دەست وەك لە پیاو، هەمیشە ڕەخنەی کۆمەڵگەی لێ نابڕێتەوە، بۆ ئەسپسوارییش بە هەمان شێوەیە، کە زۆرکەس دان بە ڕاهێنانی کچدا نانێت و تاپۆی یەك ڕەگەزیان بەو وەرزشە داوە کە ئەویش کورە. زۆر کات پێم گوتراوە تۆ چیت داوە لە ئەسپ و ئەسپسواری، هەزار کاری دیکە هەن کە لایق بە کچن، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، هیچ کات قسەیەکی ئاوا کار لە حەز و وزەت نەکات، بۆیە من وەك خۆم هیچ جارێك کاری تێ نەکردووم و وەرم دانەبەزیوە و بەرگەم گرتوون، بەڵام بۆ کەسێکی دیکە چیی؟ دەزانیت ڕۆژانە دنیایەك مەسج بۆ پەیجەکەم دێ، گلەیی ئەوە دەکەن کە لە بەر ئەوەی کچن ماڵەوەیان ڕازی نین و نابێ بێن بۆ سواری، لە کاتێکدا ئاواتیان ئەسپسوارییە.

*** دەڵێن سوار تا نەگلێت نابێت بە سوار، چەند جار گلاویت تا بوویت بە سوار؟**

- جاران دەمگوت ئەمە پەندێکی چاك و لەجێی خۆیدا نییە، ئەو کەسەی ئەم پەندەی گوتووە کە کەوتووە بەس دڵی خۆی پێ داوەتەوە، چونکە خۆم نەکەوت بووم، بەڵام کە خۆم لە ئەسپسواریدا کەوتم، بۆم دەرکەوت زۆر ڕاستە، تۆ کاتێك سواری ئەسپ دەبیت بەردەوام ترست لە بەربوونەوە هەیە، هەمیشە حەزری ئەوە دەکەیت کە ئەگەر بەربیتەوە چیت لێ دێت، بەڵام کە بەربوونەوەت ئەزموون کرد، ئیتر ئەو ترسە فرێ دەدەیت و دەزانیت بەربوونەوە چییە و چۆنە، بۆیە ئێستا منیش دەڵێم سوار تا نەگلێت نابێت بە سوار.

*** دامەزراندنی یانەی ئەسپسواری بیرۆکەی کێ بوو، چۆن ئاواتەکەت هاتە دی؟**

- وەك بیرۆکە، بیرۆکەی خۆم بوو، من بۆ ئەسپسواری سەردانی شاری دیکەم دەکرد، هەموو هەفتەیەك بۆ سلێمانی دەچووم، چونکە لە شاری کەرکووکدا ئەو کاتە هیچ یانەیەك نەبوو، لەگەڵ هاورێیەکەم (شۆرش)کە ئەویش خولیای ئەسپسواریی هەبوو بۆم باس کرد کە زۆر باش دەبێت لە بری ئەوەی هەموو هەفتەیەك ئەم ڕێگەیە ببڕین، خۆمان یانەیەك دابمەزرێنین، دڵنیاش بووم لە سەرکەوتنی بیرۆکەکەم، چونکە خەڵکانێکی زۆرم دەناسی بە ئاواتی بینینی ئەسپ بوون، خولیایان هەبوو بەڵام کات و توانای بڕینی ڕێگەکەیان نەبوو بۆ شارێکی دی، بۆیە بە هاوبەشی لەگەڵ هاورێیەکەم و براکەم، کارەکەمان لە بیرۆکەوە کرد بە واقیع و ئێستا کەرکووك خاوەنی یانەیەکی جوانی ئەسپسوارییە، یەکەمین یانەی لەم جۆرەیە و حەزمان کردن هەر بە ناوی شارەکەمانەوە بێت و ناومان نا کەرکووك.

**بچووکترین جووڵە یان کاردانەوەی ئەسپ ئەگەری هەیە زیانێکی جەستەیی و تەندروستیت پێ بگەیەنێت**

**زۆر کات پێم گوتراوە تۆ چیت داوە لە ئەسپ و ئەسپسواری، هەزار کاری دیکە هەن کە لایق بە کچن**






یانەی ئیتحادی سعودی واز لە محەمەد سەڵاح ناهێنن و پارەیەکی خەیاڵییان بۆ داناوە.

ڕۆژنامەی زە ئەتلتیکی ئینگلیزی ئاشکرای کردووە یانەی ئیتحاد بڕی ٢٣٥ ملیۆن یۆرۆی داناوە بۆ ئەوەی یانەی لیڤەرپوول ڕازیی بکەن دەستبەرداری محەمەد سەڵاح بن.

ئەگەر سەڵاح بەم ئۆفەرە ڕازی بێت دەبێتە خاوەنی بەرزترین گرێبەست لە مێژووی تۆپی پێدا.

تا ئێستا گەورەترین گرێبەستی یاریزانانی تۆپی پێ بە ناوی نیمارە، کە ٢٢٢ ملیۆن یۆرۆیە.

هاوینی رابردووش یانەی ئیتحاد هەوڵی گواستنەوەی یاریزانەکەی دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

سەڵاح گرێبەستی تا ٢٠٢٥ لەگەڵ لیڤەرپوول هەیە یانەکەش هەوڵ دەدات پارێزگاری لە مانەوەی یاریزانەکە لە ڕیزەکانیدا بکات.

# محەمەد سەڵاح
# نزیکە لە خولی سعودیە

## پاڵەوانی ماراسۆن بەڕووداوی هاتووچوو کۆچی دوایی کرد

کێلڤین کیپتۆم ڕاکەری کینی و خاوەنی ڕیکۆردی جیهانی لە پێشبرکێی ماراسۆن بە ڕووداوێکی هاتووچوو لە تەمەنی ٢٤ساڵیدا گیانی لەدەست دا.

پۆلیسی هەرێمی ئیلیگۆ ماراکوێت لە کینیا ڕایگەیاند هەفتەی ڕابردوو سێ کەس بە ئۆتۆمبێلەکەیان تووشی ڕووداوی هاتووچوو بوون، دوانییان ڕاستەوخۆ گیانیان لە دەست داوە، کە کیپتۆم و ڕاهێنەرەکەی بوون کەسی سێیەمیش بریندارە و لە نەخۆشخانەیە هێما بۆ ئەوەش کراوە کیپتۆم خۆی ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕیوە و کۆنترۆڵی لە دەست داوە.

کیپتۆم خاوەنی ڕیکۆردی جیهانییە لە پێشبرکێی ماراسۆن بە دوو کاتژمێر و ٣٥ چرکە، کە لە ماراسۆنی شیکاگۆ لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی رابردوو تۆماری کرد، بە جیاوازی ٣٤ چرکە بەپێش ئێلیودی هاونیشتمانی کەتەوە.

لە شەشی ئەم مانگە ئەم ڕیکۆردەی کیپتۆم بەفەرمی لە لایەن پەرتوکی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان پەسەند کرا و دوای پێنج رۆژ بە رووداوێکی هاتوچۆ گیانی لەدەست دا.






## بالۆن دۆر بەپارە دەکرڕدرێت

ڕۆدری یاریزانی ئیسپانی و یانەی مانچستەر سیتیی ئینگلیزی لە لێدوانێکی سەرنجڕاکێشدا دەڵێت: خەڵاتی بالۆن دۆر بە پارە و بە هەندێك شتی دیکە دەدرێتە یاریزانان.

ڕۆدری بۆ ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانی قسەی کردووە و دەڵێت: سەرسام نیم بە بەخشینی بالۆن دۆر بە یاریزانەکان، چونکە دەزانم خەڵاتە تاکە کەسییەکان چۆن پێشکەش دەکرێن، کە پەیوەندی بە پارە و مارکێتینگ و ریکلامەوە هەیە.

خەڵاتی بالۆن دۆری ٢٠٢٣، کە پێشکەش بە مێسی کرا مشتومڕ و ڕەخنەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و بەشێك لە چاودێران پێیان وابوو مێسی شایستەی خەڵاتەکە نەبوو.



# هەندرێن دەچێتە قۆناغێکی باشتر

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەندرێن لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە کۆی ئەنجامدانی ١٩یاری خاوەنی ٢٤ خاڵە لە پلەی هەشتەمی ڕیزبەندی یانەکان دێت، ئەم وەرزە یانەکە جارێکی دیکە متمانەی بەخشیتەوە بە کاپتن دڵشاد مەعروف، بۆ ئەوەی ئاستی یانەکە بباتە قۆناغێکی باشتر لە خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش کارگێڕیی یانەکە هەموو پاڵپشتییەکی یانەکە دەکات بۆ ئەوەی ئاستی تیپەکە بچێتە قۆناغێکی باشتر، لەم بارەشەوە مامۆستا دڵشاد مەعروف ڕاهێنەری یانەی وەرزشی هەندرێن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی تیپەکەمان زۆر باشە و یاری بۆ یاری هەوڵی بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر دەدەین و تیپەکەمان بە شێوەیەکی دیکە دەربکەوێت، ئێستاش لە پلەی هەشتەمی ڕیزبەندی یانەکان دێن و دەمانەوێت تیپەکە ببەینە قۆناغێکی باشتر لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لە بارەی گرفتەکانیش کاپتن دڵشاد گوتیشی: «سوپاس بۆ خودای گەورە هیچ گرفتێکمان نییە و سوپاسی سەرۆکی یانە و کارگێڕیی یانەکە دەکەین کە هەموو پاڵپشتییەکی تیپەکەمان دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانین باشترین ئاست پێشکەش بکەین، پلانیشمان سەرخستنی تیپەکەیە بۆ ئەنجامی بەرچاوتر و باشتر».



# کچە کوردێک مەدالیای زێڕی بردەوە

لە پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی وڵاتانی عەرەبی کە لە شاریقەی وڵاتی ئیمارات بەڕێوە چوو، لەم پاڵەوانێتیەدا چەندین کچە یاریزانی کورد، بە ناوی (ئافرەتانی نەینەوا) بەشداری کێبڕکێیەکانیان کردبوو، هەریەك لە کچە یاریزانانی کوردستان (چاوان بەهائەدین لە یاریی سێ باز پلەی یەکەم و مەدالیای زێڕ، دیە نزار پلەی سێیەم لە ٤٠٠م و پلەی دووەم لە یاریی پۆستەدا بەدەست هێنا، دڵسۆز عوبێد پلەی دووەم لە ڕاکردنی ١٠٠م و، دێرین بەختیار پلەی سێیەم لە ١٠٠م. کچانی نەینەوا لە کۆی ١٣ تیپی بەشداربوو، توانییان پلەی دووەم بەدەست بهێنن، کە توانیان ١٤ مەدالیای زێڕ و زیو و بڕۆنز بەدەست بهێنن، کە ئەمەش ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بوو کچە یاریزانانی شاری سلێمانیش باڵادەستیی خۆیان نواند، لەم بارەشەوە چاوان بەهائەدین خاوەنی مەدالیای زێڕی پاڵەوانێتییەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەرز بوو، وەکو کچانی کوردستانیش ئاستێکی بەرزمان پێشکەش کرد، توانیم وەکو یاریی تاك لە یاریی سێ باز مەدالیای زێڕم بەدەست هێنا و سەری خۆم و تیپەکە بەرز بکەمەوە، هەوڵ دەدەم ئاست و ئەنجامی باشتر لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوودا بەدەست بهێنم».



## گازی باکور
## چاوی لە گەیشتنە بە خولی پیشەگەران

تیپی تۆپی پێی یانەی گازی باکووری شاری کەرکوك کە خاوەنی ١٣خاڵە، ئەم وەرزە لە یارییەکانی خولی یانە پلە نایابەکانی عێراقی بەشدارە، کارگێڕیی یانەکە دەیەوێت ئەم وەرزە تیپەکە بگەیەنێتە ڕیزی خولی یانە پیشەگەرەکانی عێراقی، بۆ ئەم مەبەستەش یانەکە گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزانی بەتوانا مۆرکردووە، بۆ ئەوەی لە قۆناغی دووەم سەرکەوتن مسۆگەر بکات، لەم بارەشەوە هەردی نورەدین یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی گازی باکوور بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاس بۆ خودای گەورە ئێستا لە پلەی دووەمی ڕیزبەندی کۆمەڵەکەمانین، ئامانجمان سەرکەوتنە بۆ خولی پیشەگەرانی یانەکانی عێراقی، لە ماوەی وەستانی خولەکەش چەند یاریزانێکی باشمان هێناوەتە ڕیزی یانەکە، بۆ تۆکمەکردنی ڕیزی پێکهاتەی یانەکەمان، ئەوانیش هەریەك لە یاریزانان (فەرحان شوکر و عەلائەدین پیشەگەری یەمەنی و ئەوس عەلی و سەبیح قەدوس) زۆربەی ئەم یاریزانانە لە خولی یانە پیشەگەرەکانەوە هاتوونەتە ڕیزی یانەکەمان»، لە بارەی گرفتەکانیش گوتی: «دەستخۆشی لە دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان دەکەین بۆ ئەوەی کە هاوکاریی تەواوی تیپەکە دەکەن لە خولەکە و هەموو پاڵپشتێکمان دەکەن بۆ سەرخستنی تیپەکەمان بۆ خولی پیشەگەران، وەکو دەستەی ڕاهێنەرانیش هەموو هەوڵێکی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانین تیپەکە ببەینە قۆناغێکی باشتر و ئاستی باشتر پێشکەش بکەین».

# ئاكامە نەخوازراوەكانی جوانكاریی لووت

لە سەرتاسەری جیهاندا نەشتەرگەریی جوانكاریی لووت Rhinoplasty بووەتە باوترین نەشتەرگەریی جوانكاری، بەڵام هەندێك زیانی لابەلای هەیە و لەوانەیە كە چەند ئاڵۆزییەكی لێ بكەوێتەوە. ئاكام و زیانە لابەلاكانی نەشتەرگەریی جوانكاریی لووت: گرفتەكانی بەنجی گشتی كە لە زۆربەی حاڵەتەكاندا بێ ڕیسك نییە، خوێنبەربوون كە تەنیا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك پاش نەشتەرگەری بەدی دەكرێت، ئینجا دەوەستێت، هەوكردن، ئاوسان، هەستكردن بە سڕبوونی لووت كە لە زۆربەی حاڵەتەكاندا ڕوو دەدات و بە گشتی لە ماوەی چەند مانگێكدا لەخۆیەوە چاك دەبێتەوە، گۆڕان لە ڕەنگی پێستی لووتدا، گۆڕان لە هەستی بۆنكردندا، نایەكسانیی كونەكانی لووت، گۆڕانی دەنگ بێ ئەوەی كاریگەری بكاتە سەر قسەكردن و دەربڕینی پیتەكان لەبەر تەسكبوونەوەی بۆشایی لووت، یان گۆڕان لە ڕووبەری بۆشایی لووتدا كە دەبێتە هۆی پەیدابوونی بەرگری بەرانبەر بە لێشاوی هەوا، كە لە ژێیەكانی دەنگەوە دەگاتە بۆشایی لووت، كونبوونی بەربەستی لووت كە بە دەگمەن ڕوو دەدات، دواكەوتنی سارێژبوونی ئاسەواری نەشتەرگەری كە تەنیا لە هەندێك حاڵەتی نەشتەرگەریی كراوەی جوانكاریی لووتدا بەدی دەكرێت، گرفتەكانی هەناسە لە ڕێگای لووتەوە، هەروەها پێویستی بە دووبارە ئەنجامدانەوەی نەشتەرگەری كە ١٠٪ ی حاڵەتەكان دەگرێتەوە، لەبەر لایەنی جوانكاری یان لایەنی گرفتی هەناسە لە ڕێگەی لووتەوە.

# ئایا هەڵچوون هاندەرە بۆ نۆرەی دڵ؟

هەڵچوون یان تووڕەبوون هاندەرە بۆ زیادبوونی ئاستی هۆرمۆنەكانی سترێس Stress hormones، ئەمەش دەبێتە ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و زیادبوونی لێدانەكانی دڵ و كەمبوونەوەی سووڕی خوێن بۆ ماسوولكەی دڵ، هەروەها لەكاتی زیاد دووبارەبوونەوەی حاڵەتەكانی هەڵچوون و تووڕەبووندا ئەگەری ڕەقبوونی خوێنبەرەكان زیاد دەبێت و، بە تێپەڕبوونی كات ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەكانی دڵ CHD بەرزدەبێتەوە، كە لەوانەیە لە هەر ساتێكدا ببێتە هۆی نۆرەیەكی دڵ. لە لێكۆڵینەوەكانی كۆلێژی پزیشكیی زانكۆی هارڤارد هاتووە كە هەڵچوون بەتایبەتی لە پاش كاتژمێر شەشی ئێوارە تا كاتژمێر ١٢ی شەو، ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ لە ماوەی دوو كاتژمێری پاش دەستپێكی نۆرەی تووڕەبوون تا سێ بۆ حەوت هێندە بەرزدەكاتەوە و ئەگەری ڕوودانی جەڵتەی مێشك تا دوو بە هەشت هێندە بەرزدەكاتەوە، هەروەها زیاد دووبارەبوونەوەی نۆرەكانی تووڕەبوون دەبێتە هۆی بارگرانی لەسەر توانای دڵ و لەوانەیە ببێتە هۆی سینگەكوژێ Angina واتە كەمبوونەوەی گەیشتنی خوێن و ئۆكسجین بە ماسوولكەی دڵ. پسپۆڕانی تەندروستی ڕێنمایی دەكەن كە ئەگەر یەكێك لەكاتی هەڵچووندا نەتوانێت زوو خۆی هێمن بكاتەوە، ئەوا نابێت هەرگیز كار و جووڵەی قورس یان مەشقی وەرزشیی توند ئەنجام بدات، چونكە ئەگەری تووشبوون بە نۆرەی دڵ هێشتا بەرزتر دەبێتەوە.







# چوار کانزای پێویست بۆ ددان

جگـە لـە مـاددە خۆراکییـە سـەرەکییەکانی وەکـو پرۆتیـن، کاربۆهیـدرات، چـەوری، هەمـوو بەشـەکانی لـەش پێویستییان بـە ماددەی دیکـەی وەکـو ڤیتامیـن و کانـزای جۆراجـۆرەوە هەیـە کـە دادانەکانیـش دەگرێتـەوە. بەگشـتی چوار جـۆری کانزا زۆر گرنگن بـۆ تەندروسـتیی و پتەویـی ددانـەکان، کـە پێویسـتە رۆژانـە بـە بـڕی تـەواو لـە ڕێگـەی خۆراکـەوە دابیـن بکرێـن، کانـزاکان بریتیـن لـە: کالسـیۆم، فۆسـفۆڕ، مەگنسـیۆم لەگـەڵ پۆتاسـیۆم. کالسـیۆم: کـە لـە ددانەکانـدا بـە شـێوەی فۆسـفاتی کالسـیۆمی کریسـاڵی هەیـە، کـە بەشـە ڕەقەکـەی ددان پێـك دەهێنێـت، واتـە چینـی مینـا Enamel کـە بەشـەکانی نـاوەوەی ددان دەپارێزێـت، هەروەهـا کالسـیۆم ڕۆڵـی گرنگـی هەیـە لـە دروسـتبوونی ئێسـکدا کـە وا دەکات ئێسـکی شـەویلاگ بـە تونـدی ڕەگـی ددانـەکان لـە چاڵەکانیانـدا ڕابگرێـت، سـەرچاوە سـەرەکییەکانی کالسیۆم بریتیـن لـە شیر، پەنیر، ماسـت. فۆسفۆڕ: بەشـدارە لـە دروسـتبوونی ئاوێتـەی فۆسـفاتی کالسـیۆمی کریسـاڵی، هەروەهـا یارمەتـی کالسـیۆم دەدات لـە دروسـتبوونی و نوێبوونـەوەی ئێسـکدا، سـەرچاوە خۆراکییەکانی فۆسـفۆر بریتیـن لـە: پەنیر، تـۆوی کوولەکـەی زسـتانە، نیسـك، پاقلـەی سـۆیا، هەروەهـا گۆشـتی سـوور. مەگنسـیۆم: هـاوکات لەگـەڵ کالسـیۆم ڕۆڵـی هەیـە لـە بینـای چینێکـی بەهێـزی مینـای ددانـدا لەگـەڵ پاراسـتنی پتەویـی ئێسـك، سـەرچاوە خۆراکییەکانی بریتیـن لـە: سـەوزە گـەڵا تاریکـەکان، دانەوێڵـەی تـەواو، پاقلەمەنییـەکان، گەنمەشـامی، لەگـەڵ کاکڵەکانـی گێـز و بـاوی. پۆتاسـیۆم: لەگـەڵ مەگنسـیۆمدا ڕۆڵـی هەیـە بـۆ ڕێکخسـتنی ئاسـتی ترشـێتیی خوێـن، چونکـە زیادبوونـی ترشـێتیی خوێـن هـۆکارە بـۆ ڕاماڵینـی کالسـیۆم لـە ددانـەکان و ئێسـکی شـەویلاگ و لاوازبوونیانـدا، سـەرچاوە خۆراکییەکانـی پۆتاسـیۆم بریتیـن لـە: مـۆز، ئالـو، ئاڤـۆکادۆ، پەتاتـە، تەماتـە، سلق.



## بەهای خۆراکیی پاقلە

پاقلە Fava beans ماددەی خۆراکیی گرنگ لەخۆ دەگرێت وەکو پرۆتین، ڕیشاڵی تواوە، ڤیتامینەکانی B9، B1، K، A (فۆلەیت)، کانزاکانی مەنگەنیز، زینك، کۆپەر، فۆسفۆر، کالسیۆم، مەگنسیۆم، سیلینیۆم، ئاسن، لەگەڵ پۆتاسیۆم. سوودە تەندروستییەکانی پاقلە: سووککرنی نیشانەکانی نەخۆشیی پارکینسۆن بەوەی کە پاقلە ماددەی ل-دۆپا L-dopa لەخۆ دەگرێت، کە لە لەشدا دەگۆڕێت بۆ ماددەی دۆپامین، کەمکردنەوەی ئەگەری ڕوودانی سەقەتیی زگماکیی کۆرپە لە ئافرەتی دووگیاندا بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ڤیتامینB9، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی فشاری کرداری ئۆکسان Oxidation لە لەشدا، پاراستنی تەندروستی و پتەویی ئێسك بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی کانزاکانی مەنگەنیز و کۆپەر لە پاقلەدا، سووککردنی نیشانەکانی کەمخوێنی لەوکاتەی کە پاقلە ڕێژەیەکی باشی ئاسن لەخۆ دەگرێت، کە پێویستە بۆ دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێن، کۆنترۆڵکردنی پەستانی بەرزی خوێن بەهۆی مەگنسیۆم و پۆتاسیۆم کە هاندەرن بۆ خاوکردنەوەی بۆڕییەکانی خوێن و دابەزاندنی پەستانی خوێن، هاندانی دابەزاندنی کێشی زیادی لەش لەبەرئەوەی کە پاقلە ڕێژەیەکی نزمی کالۆری لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە ١٧٠ گرام پاقلە تەنیا ١٨٧ کالۆری بە لەش دەدات، هەروەها دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL لە خوێندا بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ڕیشاڵی تواوە لە پاقلەدا.

## ڕۆژانە پێویستمان بە چەند شەکر هەیە؟



زیادخواردنی شەکرە سافکراوەکان Refined sugars واتە وەرگرتنی بڕی زیادی وزە یان کالۆریی بەتاڵ، چونکە شەکر ڤیتامین و کانزا لەخۆناگرێت و هۆکارە بۆ زیادبوونی کێشی لەش،و قەڵەوی لەگەڵ کلۆربوونی ددانەکاندا. لە ڕووی تەندروستییەوە، لەش هیچ پێویستییەکی بە شەکرە زیادکراوەکان نییە، چونکە جگە لەوەی کە تەنیا کالۆریی بەتاڵ لەخۆدەگرن، زیانی جۆراوجۆر بە تەندروستی دەگەیەنن، بێگومان ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هەرگیز شەکری زیادکراو نەخورێت، بەڵام پێویستە کە لە بڕی سنووردارکراوی ڕۆژانە زیاتر نەبێت.
پێویستیی ڕۆژانە لە شەکرە زیادەکان جا شەکری سەر مێز، یان لە ناو کێك و هەویرکاریی شیریندا، بسکویت، شوکولاتە، ماستی چێژکراو، هەنگوین، دۆشاوی میوە، شەربەت و شلەمەنییە شیرینکراوەکان، شلەمەنییە وزەبەخشەکان، کۆلا، قاوە یان چای...تاد، پێویستە کە لە ٥٪ی کۆی وزەی (کالۆری) ڕۆژانە زیاتر نەبێت، واتە تەنیا ١٠٠-١٢٠ کالۆری (٢٥-٣٠ گرام شەکر) لە بڕی ٢٠٠٠ - ٢٥٠٠ کالۆری ڕۆژانە کە پێویستە بۆ کەسانی پێگەیشتوو. بە شێوەیەکی دیکە، ڕۆژانە تەنیا نۆ کەوچکی کوپ بۆ پیاو، شەش کەوچکی کوپ بۆ ئافرەت، بۆ منداڵی تەمەن چوار تا شەشساڵی تەنیا ١٩ گرام، هەروەها بۆ منداڵی تەمەن حەوت تا دە ساڵی تەنیا ٢٤ گرام.

# هەستەوەریی بەرکەوتن



هەستەوەریی بەرکەوتن Contact dermatitis جۆرێکە لە ئەکزیما لە ئەنجامی بەرکەوتنی پێست بە ماددەی کیمیایی ڕوو دەدات و تووشی وشکبوون و سووتانەوە دەبێت. بە گشتی هەستەوەری بەرکەوتن دوو جۆری سەرەکیی هەیە: یەکەم، ئەو جۆرەی کە زیاتر دەبێتە ئەگەری سووتانەوەی پێست Irritation کە نزیکەی ٨٠٪ی حاڵەتەکان پێك دەهێنێت و پەیوەندیی بە کاردانەوەی سیستمی بەرگریی لەشەوە نییە و بریتییە لە سووربوونەوە و سووتانەوەی پیست لەکاتی بەرکەوتنی بە هەندێك جۆری سابون، لابەری ڕەنگ Bleach وەکو فاس، پاککەرەوەی جۆراوجۆر، ئەو جۆرانەی خشڵ کە کانزای نیکل لەخۆ دەگرن، جلوبەرگی خوری، ئارایشت، بۆیەی قژ، زنجیری جلوبەرگ، هەروەها زیاد شووشتنی دەستەکان هۆکارێکی دیکەی تووشبوونە بەم جۆرەی هەستەوەرییەی بەرکەوتنی پێست. دووەم، ئەو جۆرەی کە هەستەوەریی Allergy زیاتر بەرجەستەیە و بریتییە لە ڕوودانی کاردانەوەی هەستەوەری بە شێوەی قانی سووری خورشت لە ماوەی یەك تا دوو ڕۆژ لە بەرکەوتن بە ماددەیەکی دەرەکی، بۆنموونە ماددە چەورەکانی ڕووەکی لەبلابی ژەهراوی Poi-son ivy، بەڕووی ژەهراوی، پۆلیشی نینۆك، کانزای نیکل، هەروەها هەندێك جۆری بۆن، ئینجا پاش بەرکەوتنی پێست، کاردانەوەیەکی توند لە لەشدا سەرهەڵدەدات بە شێوەی خورشت و خاڵی سوور، کە هاوکاتە لەگەڵ تفرکردن و دەرکەوتنی بڵۆق لە هەندێك حاڵەتدا.



# ئامێرێك بۆ دۆزینەوەی کامێرا شاراوەکان




لە زۆر شوێن، مرۆڤی نابەرپرس و یا نەفس نزم کامێرای شاراوە دادەنێن بۆ چاودێری کردنی مرۆڤەکان، بەتایبەتی ڕەگەزی مێینە لە کاتی خۆگۆڕین یا خەوتندا. ئەم شوێنانەی کامێرای شاراوەی بچووکی لێدادەنرێت، بە زۆری هوتێلەکان یا مارکێتەکانی جلوبەرگ کڕین یا مەلەوانگە و شوێنی خۆشوردنن. ئەم دیاردەیە تایبەت نییە بە جوگرافیایەکی دیاریکراو و لە هەموو شوێنێکی جیهاندا هەیە. بۆ ئەوەی کامێرا شاراوەکان ئاشکرا بکرێن، پێویستە ئامێرێك بەکاربێنی کە کامێراکان نیشان بدات. ئامێری Baseus Heyo تایبەتە بە دۆزینەوەی کامێراکان. ئامێرەکە تەنکۆڵەیەکی سێ ڕەهەندی لەسەرە و هەموو شوێنێك سکان دەکات. مەودای دیاریکردنەکەشی ٥ مەتر بە هەر چوار دەوری خۆیدایە کە تێکڕا دەبێتە ٢٠ مەتر. لە حاڵەتی تیشکی سەرووی سوور واتە ARیش سوود وەردەگرێ بۆ دۆزینەوەی کامێراکان. کێشی ئامێرەکە تەنیا ١٥ گرامە و بەقەد میدالیایەکە و هەتا ٧٢٠ کاتژمێری بەردەوامیش پێویستی بە شەحنکردنەوە نییە.

# ڤیژن پرۆ ڕوانین لە ئاینده



زیرەکیی دەستکرد خەریکە خەون و خەیاڵەکان و تەنانەت ئەو فیلمانەی کە وەك خەیاڵ خەون دەچن بکات بەراستی. ئامێری هێدسێتی «ڤیژن پرۆ» vision pro یەکێکە لەو ئامێرانەی لەم ڕۆژانە زۆر قسەو باسی لەسەر دەکرێت.

هێدسێتی vision pro یەکێکە وەك هەموو هێدستێتەکانی دیکە لەلایەن کۆمپانیاکانی دیکەوە بەرهەمهاتوون، بەڵام بە دونیایەك جیاوازییەوە. هێدسێتەکە لە ئایندەی تەکنەلۆژیای مرۆڤ دەڕوانێت. کاتێك بەکارهێنەر لەسەری دەکات دەچێتە جیهانێکی دیکەوە. لە ڕاستیدا ئەم هێدسێتە جیهانی مەجازی لەگەڵ جیهانی واقیعی پێکەوە پەیوەند داوە.

پێکهاتەی هێدسێتەکە لە ئەلەمینیۆمە، کێشی نزیکەی ٦٠٠ گرامە.

بەکارهێنانی زۆر ئاسانە. لە دوو یەکەی لێکدانەوەی M2 و RI سوود وەرگیراوە. ١٢ کامێرای تێدایە، لەگەڵ پێنج هەستەوەر و شەش مایکرۆفۆن. هەشت بەرابەر خێراییەکەی ١٢ ملمی چرکەیە.

بەهۆی ئەوەوە دەتوانی فیلمە سینەماییەکان وەك سینەمایەکی گەورە و بە کوالیتی 4K دەبینی، دەتوانیی هەموو پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر بکەیەوە، دەتوانی تێکەڵاوییەك لە جیهانی مەجازی و واقیعی پێکەوە ببینی، بۆ نموونە یاری شەترەنجەی ناو هێدسێتەکە بکەوە، بەڵام لەسەر مێزی ڕاستی ژوورەکەی خۆت یاری بکە. کاتێك دەست بۆ داشەکان دەبەی، وەك ئەوە وایە بەراستی دەستیان لێبدەی. ئەپل لەو ئامێرەیدا دەرگایەکی بەرەو داهاتوو کردۆتەوە، ئەگەر بەرەو پێش بڕوات مەودایەکی لەنێوان خەیاڵ و ڕاستیدا نامێنێ.



# گوگڵ شاشەیەکی تایبەت بە وێبنار بەرهەم دێنێت

زۆربەمان کە باسی گوگڵ دەکەین پێمان وایە، کۆمپانیاکە هەر پەیوەندی بە ئینتەرنێت و گەڕان و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی وەك وەرگێڕان و گوگڵ درایڤ و نەخشە...تاد هەیە. کۆمپانیای گوگڵ زۆر جاران ئامێریش بەرهەم دێنێت، بۆ نموونە «لاپتۆپ، تەبلێت، کامێرا و مۆبایل...تاد». لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو شاشەیەکی ٢٧ ئینجی بەناوی Google Series One Desk بەرهەم هێنا. شاشەی ناوبراو لەگەڵ لاپتۆپ یا دیسکتۆپ پەیوەند دەدرێت.. شاشەکە تایبەتە بە وێبنار و سیمینار یا وانە خوێندن. کامێرایەکی ٥ میگاپیکسلی هەیە لەگەڵ ٨ مایك. سەرەڕای ئەوەی لە زیرەکی دەستکرد سوود وەردەگرێت. شاشەکە لە جۆری Quad HD LCDیە واتە زۆر درەوشاوەیە.




# مایکرۆسکۆپێک بۆ مۆبایل

مایکرۆسکۆپ یا گەردیلە بین بۆ گەورەکردنەوەی شتەکان لە قەبارەیەکی زۆر گەورەدا تا ئەو ئاستەی گەردیلەکان دەبیندرێن گرنگی خۆی هەیە. ئەگەر ڕۆژێك بتهەوێ مۆبایلەکەت بکەی بە تاقیگەیەك بۆ دیتنی گەردیلەکان. پێویست دەکات miao lab phone microscope بەکار بێنی، مایکرسکۆپێك بەقەد ئاوێنەی کامێرای مۆبایل و توانایەکی زۆر.

ئامێرەکە بە ئاسانی بە هەر جۆرە مۆبایلێکەوە دەنووسێت. کێشی تەنیا ١٧,٥ گرامە و توانای گەورەکردنەوەی هەتا 200X واتە دوو سەد جاران زیاتر لە قەبارەکەی خۆی. مایکرۆسکۆپی ناوبراو شەحن دەکرێتەوە و هەتا دوو کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت. بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوە زانستییەکان سوودی زۆری لێدەبینرێت، چونکە هەم ئاسان هەڵدەگیرێ و هەم تواناکەی بەهێزە.

# مینی کۆمپیوتەرێکی بچووک بە توانایەکی زۆر




ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بەرەو میناتۆری دەچن، واتە بچوك و بچووکتر دەبنەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای ساڵی دوو هەزار دەبینین کۆمپیوتەرەکان کێشیان زۆر بوو، پارچەکان لە یەکتر جیاواز بوون و لەکاتی کارکردندا دەنگێکی زۆریان لێدەهات و خێراییان کەم بوو و سیستەم لە خوارەوە بوو...تاد. بەڵام ئێستا کۆمپیوتەرەکان هەم کێش و قەوارەیان بچووك بۆتەوە و هەم تواناکانیان زیاتر.

بۆ نموونە کۆمپیوتەری جۆری ACEMAGIC TANK کە ئەوەندە بچووکە لە جانتایەکی بچووکدا جێگای دەبێتەوە و بە قەد کۆمپیوتەرێکی مەزنیش کارایی هەیە. کۆمپیوتەرەکە ١٦ سم لە ١٦ دایە. کارتی گرافێکی بەهێزی لەسەر دانداروە، یەکەی لێکدانەوەی لە جۆری ئەنتەلە و core i9یە. هەردوو یەکەی لێکدانەوەی CPU و GPUی دەچێتە سەر. ڕامەکەی ٦٤ گیگابایتە ئەوە بەو مانایە دێت لە ڕیزی ئاستبەرزترین کۆمپیوتەردایە. خێراییەکەی ٦ گیگاهێرتزە. شوێنی داکردنی داتاکانی ٢ ترابایتە و لە جۆری SSDیە.




# کتێبخوێنێک بەقەد مۆبایل

تەبلێتەکانی تایبەت بە کتێبخوێندنەوە، سوودێکی زۆریان هەیە، شاشەیەکان وا دروستکراوە کە زیان بەچاو ناگەیەنێت و هەم نۆستالۆژیای کتێبخوێندنەوەی سەر کاغەزیشی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانی بە هەزاران کتێبی تێدا لەسەر هەڵبگیردرێت.

کێشەیەکی کتێبخوێنەکان ئەوەیە کە قەبارەیان گەورەیە و بۆ هەڵگرتن نابن، واتە لە گیرفاندا جێگایان نابێتەوە. بۆیە کۆمپانیایەك کتێبخوێنی جۆری boox palma بەرهەم هێناوە کە قەبارەکەی هەر بەقەد مۆبایلێك دەبێت. ڕامەکەی ٦ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگابایتە. سیستەمی ئەندرۆیدی ١١ی لەسەر دانداروە. جگە لەوەش سیستەمی بلوتوس ٥ و سیستەمی وای-فاشی هەیە.

شاشەکەی لە جۆری E Ink Carta Plusیە. ئەم جۆرە وا دەکات بەکارهێنەر شاشەکە وەك کاغەزێکی ئاسایی ببینێ بە ڕوون و گەشییەکی زیاتر، واتە وەك چاپی کتێب لە چاپخانەیەکی پێشکەوتوو. سیستەمی MOON Light 2 تێدایە بەهۆیەوە دەتوانی لە شوێنی تاریکیشدا کتێب بخوێنیەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت لە پرۆگرامی ۆردا نازانم چۆن شیعرێکی کلاسیك بنووسم کە هەموو دێرە شیعرییەکان بەقەد یەك بن و هاوئاست بن؟

خوێنەری بەڕێز لە پرۆگرامی wordدا نووسینی شیعری کلاسیك تارادەیەك ئەستەمە، چونکە پیتەکان و وشەکان بەقەد یەك نین و هاو ئاست نین، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لەسەرەتدا لە بەشی home و بەشی paragraph فەرمانی justify low هەڵبژێری، دواتر لە بەشی ڕاستەدا (مسطرە) فلاشەکەی خوارەوە بهێنە هەتا ئاستی دێری یەکەمی شیعرەکە و پاشان بۆ لە کۆتایی هەر دێڕێکدا دوگمەکانی shift و inter پێکەوە دابگرە. ئیدی هەموو دێڕەکان بەقەد یەك دەبن



# هاردیسکێکی هەمیشەیی!

ئەوەی لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە، هیچ ڕیکلام کردن بۆ کۆمپانیایەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو گواستنەوەی زانیارییە وەکو خۆیەتی. هاردیسکێك بۆ هەمیشە! واتە لە هەموو تەمەنتدا تەنیا هاردیسکێکی وات هەبێت جا سەر بە هەر کۆمپانیایەك بێت. هاردیسکی جۆری move speed Rx20 پۆرتێبڵە و لە جۆری SSDیە. خێرایی هاردیسکەکە ٢٠ گیگابایت لە چرکەیەکدایە. هاردەکە یەك ترابایت داتا لە خۆیدا هەڵدەگرێت، بۆ هەموو سیستەمەکانی ویندۆز و ماك و ئەندرۆید دەبێت. بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان لە سیستەمی خێرای USB3.2 Gen2 سوود وەردەگرێت کە لە هەموو سیستەمەکان خێراترە. لە ئەلەمینیۆم دروستکراوەو بە کەوتنە خوارەوە و تەڕبوون تێکناچێت. کێشی ٢٧٣ گرامە. بە دەیان فیلمی 4k لە چرکەیەکدا دەگوازێتەوە. بۆیە پێیدەگوترێت هاردیسکێك بۆ هەمیشە!



## ماڵپەڕی دروستکردنی پۆستەر بە زیرەکیی دەستکرد

لەو کاتەوە ژیریی دەستکرد پەرەی سەندووە و هەموو لایەنەکانی گرتۆتەوە، بەتایبەتی لایەنی گرافیك و دیزاین و نەخشەسازی..دروستکردنی لۆگۆ و پۆستەر و برۆشۆر یەکێك لە خزمەتگوزارییە نوێیەکانی ژیریی دەستکردن، بەهۆی ژیریی دەستکردەوە لە ماوەی کەمتر لە چەند خولەکێکدا دەتوانی پۆستەرێك دروست بکەی. ماڵپەڕێکی تایبەت بەم بوارە، ماڵپەڕی designs.aiیە لەو ماڵپەڕەدا دەتوانی لە گشت بوارەکانی نەخشەسازی و گرافیك سوود وەربگری. یەکێك لەو بوارانە پۆستەر دروستکردنە. لەبەشی marker designدا دەتوانی هەر پۆستەرێك مەبەستتە بە دڵخوازی خۆی دروستی بکەی.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی دیمەنە سینەماییەکان

لە فیلمە سینەماییەکاندا دەبینی شوێنێك ئاگر دەگرێت! ئاو هەموو وڵات دادەگرێت، ئۆتۆمبیل تووشی پێکدادان دەبێت، باڵەخانە دەڕمێت! پێشووتر ئەو دیمەنانە بەشێوەی دەستکرد دروستدەکرانەوە، بەڵام ئێستا بەهۆی پرۆگرامی کۆمپیوتەرەوە هەزاران دیمەنی لەو بابەتە بە ئاسانی دروست دەکرێن. یەکێك لەو پرۆگرامانەتی تایبەت بە دیمەنی سینەمایی، پرۆگرامی Nuke Studio یە. لە ریزی بژاردەکان دێت. دەتوانێت وێنەکان تێکەڵ بەیەك بکات و ئێفێکتی سەرنجراکێش دروست بکات. پرۆگرامەکە چوارچێوەیەکی گونجاو یەکپارچە دەگونجێنێت. بەکارهێنەر دەتوانێت لە هەر بەشێکی بە جیا کار بکات. پرۆگرامەکە لەگەڵ سیستەمی کۆمپیوتەرە نوێیەکان دەگونجێت، هەروەها لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێشدا وەك ژیریی دەستکردیش کێشەی نییە.



# چەند هەنگاوێک بۆ ڕزگاربوون لە بۆنی ناخۆشی بەفرگر

-١لیمۆ: یەك لیمۆ پارچە پارچە بکە، پاشان لە ناو بەفرگردا دابەشی بکە، دەبینیت کە بۆنی ناخۆش هەڵدەمژێت، شایەنی باسە کاریگەریی ئەم بۆنبڕە ماوەی یەك هەفتە دەمێنێتەوە.

-٢ پەتاتە: یەك پەتاتە پاك بکە و بیخە ناو بەفرگر بەمەبەستی نەهێشتنی بۆنی نەخوازراو، ئەم هەنگاوەش بۆ ماوەی سێ ڕۆژ وەك بۆنبڕێکی کریگەر بەردەوام دەبێت، بۆیە دوای ئەوە دەتوانیت پەتاتەیەکی دیکە بە هەمان شێوە بەکار بهێنیت.

-٣ شۆفان: شۆفان بۆنی ناخۆش هەڵدەمژێت کاتێك لە ناو دەفرێکی ئەلەمنیۆم (یان سیرامیك)دا دابەش دەکرێت، بۆیە دەکرێت وەك بۆنبڕێکی کاریگەر سوودی لێ وەربگیرێت.

-٤ دەنکی قاوە: دەکرێت بە بەکارهێنانی دەنکی قاوە ئەو بۆنە ناخۆشەی لە ناو بەفرگردا هەیە لە ناوببرێت، بەجۆرێك لەسەر ڕەفەکانی ناو بەفرگر دابەش بکرێت.







## زەیتی گوڵە بەیبوون بۆ پێستی چەور بە تێکەڵەی سرووشتی

لە دێر زەمانەوە زەیتە سرووشتییەکان لە جوانکاریدا بەکا هاتوون و هەمیشە ئەنجامی باشیان پێکاوە، لەوانەش زەیتی گوڵە بەیبوون بۆ چاودێریکردنی پێست، بەتایبەت پێستی چەور.

پێکهاتەکانی:

- چوار کەوچکی چێشت هەنگوین
- چارەکی مانگۆیەك
- دوو لەسەر سێی گێزەرێك
- نیو کەوچك زەیتی سرووشتیی بەیبوون.

چۆنیەتی ئامادەکردن و بەکارهێنانی: کەمێك ئاو گەرم بکە، پاشان هەنگوینی تێبکە تا دەبێتە شلەیەك، گێزەرەکە بکوڵێنە و پاشان بیسووە، دواتر لەگەڵ باقی پێکهاتەکانی لە ناو خەڵتێکدا هەموویان تێکەڵ بکە بۆ ئەوەی هەویرێکی یەکگرتوو و نەرم دروست بکاتو دەبێتە ماسکێك. ماسکەکە بدە لە دەموچاو و لاملت و بۆ ماوەی ١٠-١٥ خولەك بەجێ بهێڵە، دواتر دەموچاوت بە ئاوی سارد و دواتریش بە ئاوی گەرم بشۆ، پاشان کەمێك ئاوی سارد بپرژێنە بە دەموچاوتدا، ئەنجا بە خاولییەکی خاوێن وشکی بکەرەوە، پاشان بە بەکارهێنانی شێدارکەرەوەیەکی گونجاو پێست شێدار بکە.



# ڕێگایەکی ئاسان بۆ درێژکردنەوەی برژانگ

لەبری بەکارهێنانی برژانگی دەستکرد برژانگەکانت درێژ بکە و پشوویەك بە چاوەکانت بدە، ئەم ڕێنماییەی خوارەوە یارمەتیت دەدات بۆ گەشەکردنی برژانگەکانت.

چەندین زەیتی جیاواز هەیە کە دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ گەشەی برژانگەکانت، بەڵام زەیتی زەیتون دەتوانێت درێژی و بەهێزیی برژانگەکانت بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بکات.

فڵچەیەکی خاوێنی ماسکارا بهێنە و بیخەرە ناو زەیتەکەوە، بە بەردەوامی برژانگەکانتی پێ شانە بکە، هەرچەندە ڕەنگە ئەمە شتێکی پێشکەوتوو نەبێت، بەڵام فڵچەکردنی برژانگەکانت بە بەردەوامی ڕێگەیەکی زۆر باشە نەك تەنیا بۆ ئەوەی گەشە بکات، بەڵکو یارمەتیان دەدەیت بۆ ماوەیەکی زیاتر بەرزتر دەربکەون. زۆرێك لە پسپۆڕانی جوانکاری و ماکیاژکارانی پیشەگەر ئەم ئامۆژگارییە پێشنیار دەکەن بۆ ئەوەی دڵنیابن لە هێشتنەوەی برژانگەکانت لە دۆخێکی باشدا.

بۆ بەرزکردنەوەی برژانگەکان ماسکارا بەکاربهێنە ماسکارای دەوڵەمەند بە ڕیشاڵ کە مەبەست لێی باشترکردنی دەرکەوتنی ڕیشاڵی کورتە، ئەمەش باشترین کاریگەریی هەیە، بەڵام جۆری ماسکاراکەت بە وردی هەڵبژێرە.



**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**



## سزای بەستنەوە بۆ ئاشتەوایی


سەیرترین سزا لە مێژوودا تا ئێستا هەبووبێت، بریتییە لە سزای پێکهێنانەوە و لێکتێگەیشتن و ئاشتەوایی نێوان دوو مرۆڤ، بەتایبەتی ئەوانەی بە قسە و ناکۆکی و لێکتێنەگەیشتن لەسەر بابەتێك دەبووە ناخۆشی و شەڕیان، سزاکەش هیچ لێدان و ئازاردانی بۆ نەبووە، بەڵکو ڕێگەیەکی سەیریان دۆزیوەتەوە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا یەکێك لە ڕێگەکانی سزادانی ئەو ژنانەی کە شەڕیان دەکرد، بەستنەوەیان بوو بە ڕووبەڕووی یەکترەوە لە هەمان پارچە داردا کە پێی دەوترا (کمانچەی شرو)، تا ئەو ناکۆکییەی نێوانیان یەکلایی نەکردایەوە و کۆتاییان بە کێشەکەیان نەهێنایە، لە یەکتر جیا نەدەکرانەوە.

## جەستەیەک بە درێژایی مێژوو ماوەتەوە

مومیاکردن لە پێشوودا بە هەندێ کەرەستەو مادده کراون، کە بە درێژایی مێژوو ئەو مومیاکراوانە دەمێننەوە بەهۆی ئەوەی کارلێکی لەسەر دروست نابێت، نموونەش بۆ ئەوە بریتییە لە (پیاوی تۆلۆند) تەرمی تالاوێکی تەمەن ٢٤٠٠ ساڵە و قوربانیی مرۆڤی سەردەمی ئاسنییە، کە لە شاری بیۆڵدسکۆڤدال لە دانیمارك دۆزرایەوە، جەستەی هێندە بە باشی پارێزراوە، تەنانەت دوای دوو هەزار و ٤٠٠ ساڵ، زاناکان دەتوانن پەنجەمۆرەکانی وەربگرن و دیاریی بکەن کە کۆتاجار چیی خواردووە.



## تاڤگە سوور و خوێناوییەکان



دیاردە خۆڕسکەکانی سرووشت هەندێك جار دەبنە مایەی سەرسوڕمانی مرۆڤ، لەوەی چۆن بەم چەشنەیە، یەکێك لەوانە تاڤگە خوێناوییەکانن کە ڕەنگی سووری خوێنیان هەیە، نموونەیەك لەوانە دەکەوێتە کیشوەری (ئەنتاریکتیکا) واتە جەمسەری باشوور، چەند تافگە و ڕووباری بەستەڵەك هەن، کە لای زانایان بە (تافگەی خوێناوی) ناسراون، ئەمەش بەهۆی ڕەنگە سوورەکەیانەوە، کە بە شێوەیەك دەردەکەون وەکو ئەوەی سەهۆڵەکان خوێنیان لێ بچۆڕێت، هۆکاری ئەم دیاردە سرووشتییەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئۆکسیدی ئاسنی تواوە لە ناو ئاوەکەدا، کە ڕەنگەکەی سوور کردووە.





# نمایشی زستانە و کەرەستەی کوردەواری

سالأنە بەبۆنەی هاتنەوەی وەرزەکانەوە چەندین نمایش و فیستیڤاڵ تایبەت بەو وەرزانە لە کوردستان ئەنجام دەدرێن، نمایشەکان گوزارشتە لە جوانی و سرووشتی کوردستان دەکات و لەگەڵ هەر وەرزێکدا مۆرکێکی جوانیان پێوە دیارە، ئەمساڵیش لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان لە شاری هەولێر بەبۆنەی وەرزی سەرماوە، نمایشی زستانە و کەرەستەی کوردەواری لەلایەن قاوەخانەی چاوی سەرای سلێمانی ڕێکخرا، ڕێکخەرانی نمایشەکە (بەیان ڕەشید سادق و کارزان محمود) سەرپەرشتیی کردنەوەیان کرد، بەیان خان دەربارەی نمایشەکە گوتی: «وەك خۆم بە کەرەستەی کاری دەستی بەشداریم کردووە، زیاتر کەرەستەکانی ناوخۆن و بەشێکی کەمیان بیانین، لەو نمایشەدا ٤٥ کۆشك دانراوە کە هەر یەکەو کەرەستە و بابەتەکانی خۆی تیایدا داناوە، خەڵکێکی زۆر ڕووی تێکردووین، سەرەڕای بوونی ئەو ڕەوشە داراییە، کەچی داواکاری لەسەر بەرهەمەکانی نمایشەکە زۆر بوون، بەهیوای ئەوەی خەڵك ڕەوشی باشتر بێت تا بتوانن خۆیان لە نێو بۆنەکاندا بدۆزنەوە، پێویستە ئێمە هەوڵی دۆزینەوەی کار بۆخۆمان بدەین، نمایشەکە بۆ ماوەی شەش ڕۆژ بەردەوام بوو، هەروەها کەرەستەکانی خواردنی کوردەواری و کاری دەستی و بەروبوومی دەڤەری سلێمانی و گەرمیان لە نێو بەرهەمەکانی نمایشەکەدا بوون، وا بڕیارە سالأنە ئەم نمایشە لەلایەن چالاکان و کەسانی دەسترەنگینەوە بکرێتەوە.








## کاریکاتێر

باس لە هاتنی کەسێك و گوزارشت لە ساڵی ٢٠٢٤ دەکات، لە دوورەوە جیهان دەبینێت لە هەموو لایەك جەنگ و شەڕە، ئەویش لەبەر خۆیەوە دەڵێ: «کار و ئەرکێکی سەختم لە پێشە تا جیهان بە ئاشتی بگەیەنم».



## دیمەنە سەیرەکان

زوومی پەڵە بەفر لەسەر پەڕی قەلەڕەشێك، پەڵە بەفرەکان وەکو لە وێنەکاندا یان ئایکۆنەکاندا، لە شێوەی بنچینەی خانەگانی گەڵای دارن، بە شێوەیەکی زوومی کامێرا لەسەر جەستەی قەلەڕەشدا وێنەی گیراوە.

# ئەندازەی ناوەوەی شاری مێروولە



ئەمە وێنەی شاری مێروولەیە کە بە ئەلەمنیۆمی شل پڕکراوە، دوای لابردنی خۆڵەکە ئەمە ئەنجامەکەی بوو، لێرە تۆڕی شارە ئاڵۆزەکەی نیشان دەدات کە هۆزەکانی مێروولە دروستیان کردووە. ژوورەکانی مێروولە بە درێژایی لە شێوەی چین چینی پێچەوانەدا هەڵکەندراون، بەو پێیەی ئەگەر یەکێکیان داڕما ئەو ژوورەی لە ژێرەوەیدایە ناڕوخێت، ئەمەش مانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونەکان و توانای بەرگەگرتنی فشاری ئەوانەی تێدەپەڕن زیاد دەکات بەسەریاندا. ئەگەر مێروولەکان ژوورێکی گەورەیان لە ژێر زەویدا دروست کرد بۆئەوەی هەموویان لە یەك شوێن تێیدا بژین، ئەوا بە تەواوی لە ژێر فشاری ڕێبوارانی سەرەوەیدا دەڕووخێت. مێروولەکان ماڵەکانیان بەپێی ئەو کەسانەی کە نزیکترین و دوورترینن لە دەروازەکان و خۆر و هەوا، ماڵەکانیان دابەش دەکەن، مێروولە گەنجەکان لە خوارەوەن، هێلکەکانیش لە نزیك ژووری شاژنن، لە کاتێکدا مێروولە گەورەکان کە ئەزموونی درێژخایەنیان هەیە لە ژوورەکانی سەرەوەی نزیك ڕووی زەویدا دەژین.

## یاسا



ئەگەر پیاو نەیتوانی دڵ و هەستی خێزانی ڕەزامەند بکات، ژن بۆی هەیە داوا جیابوونەوە بکات؟ لە وەڵامی ئەم کەیسەدا، نەبوون یان نەمانی پیاوەتی لە لای تەواوی مەزهەبەکانی ئیسلام و لە یاساشدا هۆیەکە لەو هۆیانەی کە بەهۆیەوە ماف دراوە بە ژن تا داوای جیابونەوەی پێ بکات، بەڵام ئەوانەی کە لەم بارەوە تۆزێك ڕای جیاوازیان هەیە، پەیڕەوانی مەزهەبی ئیمامی شافعین، کە دەڵێن: «ئەگەر داوای جیابونەوە لەسەر نەبوونی پیاوەتی تۆمارکرا، ئەوە دەبێت دادوەر جیابونەوەکە بۆ ماوەی ساڵێك دوا بخات، ئەمەش وەك هیوایەك بۆ ئەگەری باش بوونەوەی پیاوەکە».

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هاوکاری هاوپیشەکانت دەکەیت لەکاتە هەستیارەکاندا بۆ ئەوەی بەربەستەکان تێپەڕێنیت، خۆشەویستەکەت ناچاربکە کەمێك بیر لە داهاتو بکاتەوە، جەستەت پێویستی بە پشودان هەیە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

زانیاریەکی باش بەدەستدەهێنیت و بەشداری خولەکان دەکەیت، هەوڵبدە بەربەستەکان لەگەڵ خۆشەویستەکەت تێپەڕێنە و کێشەکان گەورە مەکە، پێویست بە پشودان هەیە ئەم ماوەیە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

کارەکانت بەشێوەیەکی باش دەڕوات بەڕێوە، بەڵام ئاگاداری چواردەورەکەت بە، لەگەڵ خۆشەویستەکەت دڵخۆشبە و کاتێکی ئاسودە بەسەربەرن، خواردنەوە ڕوەکییەکان سودی هەیە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەلی نوێ دێتەپێش و دەتوانیت سودی لێببینیت، ڕێگەمەدە ناکۆکییەکانی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت زیادبێت، خۆت بەدوربگرە لە خواردنی ناتەندروست.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەمیشە داوای مافی خۆت بکە لە کارەکەت و ڕاستگۆبە، خۆت بەدوربگرە لە هەر شتێك لەڕوی سۆزدارییەوە بێزارت دەکات، دەنا سەرکەتو نابیت، هەوڵبدە سیستمی خۆراکی تەندروست پەیڕەوبکە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پاش ماوەیەکی زۆر ئەمڕۆ دەگەیت بە ئامانجەکانت، ئەم ماوەیە لەڕوی سۆزدارییەوە قۆناغێکی هەستیار و قورسە، چونکە خۆشەویستەکەت گرفتی هەیە و پێویستی بە هاوکاری تۆ هەیە، هەندێك ئازاری جەستەیت توش دەبێت بەهۆی دانیشتنی ناتەندروستەوە.

بۆ زانیاریت

# دەروازەی هەموو نەتەوەکان

دەروازەی هەموو نەتەوەکان کە بە دەروازەی Xerxes ناسراوە، دەکەوێتە ناو پاشماوە وێرانەکانی شاری پێرسپۆلیس (لەکۆندا Perseppolis پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئاخامێند، لە هەرێمی فارس-ئێران)، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٤٨٦-٤٦٥ساڵ پێش زایین، وەك هێمایەك بۆ جیهانی ئازاد لە شێوەی گای باڵدار و سەری مرۆڤ دروست کراوە، لە سەردەمی کۆندا باوەڕ وا بووە خراپە دوور دەخاتەوە. ئێکسێکسی یەکەم (Xerxes the Great) فەرمانڕەوایەکی فارس بوو کە وەك چوارەم پاشای ئیمپراتۆریەتی ئەخیمێند Achaemenid خزمەتی کردووە، لە ساڵی ٤٨٦ی پ.ز تا لەناوبردنی لە ٤٦٥ی پێش زاین ژیاوە.




فیلم

## کەناری ڕۆژ - Suncoast



فیلمێکی دراما و کۆمێدییە، باس لە کچە هەرزەکارێك دەکات لەگەڵ دایکێکی بەهێزی دەژی، دوای ئەوەی بڕیار دەدەن سەردانی برایەکی خۆیان بکەن، دایکەکەشی هێندە بە توانایە لەگەڵ زۆربەی هاوڕێی کوڕەکەی شەڕ دەکات و لێیان دەدات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٩) خولەکە، لە دەرهێنانی بروس فرانسیس کۆل، نووسینی سارا شاو، لە مانگی شوبات کاری تەواو بووە و لە ئێستادا لە سینەماکاندا نمایش دەکرێ، لە نواندنی: نیکۆ پارکەر، وودی هاریسۆن، لاوار لاینی، بەبی ئاریا، ئیلا ئەندرسۆن، دانیلا پارکنز.



## پەند و وتە

ئیمانوێل جەیمس ڕون، نووسەری ئەمریکی و وتاربێژی باڵا، کە بە نازناوی جەیمی ڕون ناسراوە، لە ساڵی ١٩٣٠ لە یاکیما لە واشنتۆن لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی گۆڕینی ژیانت دەڵێت: «ناتوانی ئایندە و قەدەری ژیانت لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا بگۆڕیت، بەڵام دەتوانی ئاراستەکانی ژیانت بە چەند خولەکێك گۆڕانکاری بەسەردا بهێنیت».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا کە ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسایی سەیر بکەی، تەنیا ئافرەتێکە، بەڵام ورد ببەوە و زیاتر لە سێ ئافرەت لە وێنەکەدا دەبینی، لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بیاندۆزەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ڕووبەڕووی هەندێك بەربەست دەبیتەوە لە کارەکەت، هەوڵبدە سود لە تاقیکردنەوەکانی ڕابردو ببینیت، خۆشەویستەکەت دەیەوێت پەیوەندیتان تەواو بەهێز بکات، هەربۆیە گرنگە تۆش ڕاستگۆبیت، ڕۆژانی پشو بقۆزەرەوە بۆ ئەوەی بحەوێیتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە ئێستادا لە قۆناغێکدایت کە داهاتوی کارەکەت بنیاد دەنێیت، بەڵام دەبێت بەدوای زانیاری بەسودا بگەڕێیت، پێویست ناکات کاردانەوەکانت بەرامبەر خۆشەویستەکەت بە توڕەییەوە بێت بەڵکو زمانی گفتوگۆ بەکاربهێنە، هاوکات گرنگە بەهێز و بوێت و بەتوانابیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

وازبهێنە لە ناکۆکی لەگەڵ هاوپیشەکانت لەروی پیشەییەوە، چونکە هیچ ئەنجامێکی باشی نابێت، لایەنی سۆزدارییەوە هەرگیز هەستەکانت لە خۆشەویستەکەت مەشارەوە و دەریبڕە، ڕەنگە پێویست بە سەردانی پزیشك هەبێت، ئاگاداری سیستمی خۆراکیت بە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لەبەردەمدا چانسی باش هەیە و دەتوانیت سودی لێببینیت بۆ ئەوەی هەنگاوی نوێ بنێیت، خۆشەویستەکەت پشتیوانیت دەکات، هەربۆیە هەوڵبدە گوێی لێبگرە، بەرپرسیاریەتی زۆر وادەکات زیاتر ماندو بیت.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

پەستانی زۆری کارکردن دەبێتە هۆی ماندوبونت، گرنگە بەدوای کەسێکی گونجاودا بگەڕێیت بۆ ئەوەی بیکەیتە هاوبەشی ژیانت و جێگیر بیت، لەناو سروشتدا هەست بە ئارامی دەکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

متمانە لەنێوانی خۆت و بەرپرسەکانتدا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هەنگاوی نوێ بنێیت، غیرەی خۆشەویستەکەت بەردەوامە و پێویستە هەوڵبدەیت بە گفتوگۆ چارەسەری بکەیت، هەست بە ئاسودەی دەکەیت لەلایەنی دەرونی و جەستەییەوە.







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan
February 19, 2024 Issue,No.1402




0750 104 1777
0770 104 1777
هەولێر / ڕێگای سەرەکی هەولێر پیرمام
/تەنیشت یانەی ئەسپ سواری